# سەردانی خانمە پیرەکە

کۆمیدیای تراجیدی

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

فریدریخ دویرنمات

# سەردانی خانمە پیرەکە

## کۆمیدیای تراجیدی

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

کەریم پەڕەنگ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فریدریخ دویرنمات
سەردانی خانمە پیرەکە - کۆمیدیای تراجیدی
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨١
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٠٦ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: کوردستان کەیفی

# پێشەکی

کەریم پەڕەنگ

ئەگەر زمانی کوردی دوا زمانی جیهان نەبێ کە ئەم شانۆنامەیەی بۆ وەردەگێڕدرێ ئەوا بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە دوا زمانەکان. لە ساڵی ١٩٥٥ەوە کە ئەم شانۆنامەیە بە ئەڵمانی نووسراوە و لە ساڵی ١٩٥٦دا بۆ یەکەم جار لەسەر تەختەی شانۆیەکی سویسرا نمایش کراوە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی تری دنیا و کەم شانۆی جیهانی هەیە ئەم شانۆیەی لەسەر نمایش نەکرابێ، ئێستەش ئەم شانۆنامەیە لە گەڵ شانۆنامەی فیزیازانەکاندا یەکێکە لەو شانۆیانەی ساڵانە میوانی هەمیشەیی بینەرانە. هەر ئەم شانۆنامەیە پیتەر بروک، گەورە ڕیژیسیۆری جیهان بۆ شانۆ ئامادەی کردووە و هەر خۆشی ڕێژی بۆ کردووە. کراوەتە فلیم و لە بەرنامەی خوێندنگەکانی ئەڵمانیا و سویسرا و نەمسا دەخوێنرێ.

«سەردانی خانمە پیرەکە» چیرۆکی کڕینی «دادپەروەری» و گەندەڵبوونی «مۆراڵە»، فریوخواردنی مرۆڤە بە پارە. تێمای هەرە کۆنی گوناه، تۆڵە و سزا سەرلەنوێ لە بەردەم پشتینەی سەرمایەداریی بێبەزەییدا نمایش دەکرێتەوە.

هەبوون لە بوون گرینگترە؛ لە کۆمەڵگەی بەرخۆریدا مولک و ناوداریی پابەندی یەکترن. پارە هەموو دەرگەیەک دەکاتەوە. گەندەڵیی وەکو شێرپەنجە کۆمەڵگە دەکرۆژێ. بە پارە دەتوانرێ هەموو شتێک پەیدا بکرێ: شمەک، سێکس، چەک، کوشتن،... هتد.

ئاخۆ دەتوانرێ ڕێ بەم گەشەکردنە بگیرێ؟ ئاخۆ پەروەردە، کولتوور نەریتی مرۆڤپەروەرانەمان، ئاین، سیاسەت، پۆلیس و یاسا ناتوانن بەرەنگاریی ئەم دیاردەیە بکەن؟

فریدریخ دویرنمات لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا چووەتە بنوبنەوانی ئەم پرسیارەوە. ژنێکی زۆر دەوڵەمەندی هێنایە سەر شانۆ، کە بێبەزەییانە دەیەوێ دادپەروەری بکڕێ یان ئەو شتەی ئەو بە دادپەروەری ناوزەدی دەکات.

تیژیی ڕەخنەی دویرنمات لە کۆمەڵگە تەنیا لەوەدا نییە کە تێکڕای شارێک دەکەوێتە داوی دەوڵەمەندییەکی لە پڕەوە، بەڵکو لەوەشدایە، کە کوشتن بە پارە بە ڕواڵەت بە ناوی مۆراڵ و دادپەروەرییەوە دەکرێ. مۆراڵ دەکرێتە دەمامکێک و پاساوێک بۆ سڕینەوەی ژیانی مرۆڤێک.

دەتوانین ناوەڕۆکی ئەم شانۆنامەیە زۆر بە خێرایی بگێڕینەوە: کلەیر زاخاناسیان، کە پێشووتر ناوی کلارا ڤێشەر بووە، سەردانی شارۆکەی گویلن دەکاتەوە، کە پێش دەیان ساڵ لە کۆمەڵگە وەدەر نراوە و لە دادگەیەکی بە شایەدی کڕدراوەوە بوختانی بۆ کراوە، بە ناچاری شارۆکەکە بەجێ دەهێڵێ و ڕوو دەکاتە شوێنێکی تر و لەوێ لەشفرۆشی دەکات. هەتا ڕۆژێک پیاوێکی بێ ئەندازە دەوڵەمەند دەناسێت و شووی پێ دەکات و لە ڕێی مێردەکەیەوە پارەیەکی زۆری چنگ دەکەوێ و پاش چل و پێنج ساڵ و لە کاتی سەردانی زێدەکەیدا، شارۆکەکە هەژار کەوتووە و وێرانە و بەبێ ئەوەی دانیشتوانەکەی مەزندەی ئەوە بکەن خانمە دەوڵەمەندەکە پێشووتر بە نهێنییەوە زۆربەی کارگە و شوێنە گرینگەکانی شارۆکەکەی کڕیوە و ناڕاستەوخۆ وابەستەی ئەمە. ئەم خانمە پێشنیازی ئەوە دەکات، هەر کەسێک ئیل بکوژێ ملیاردێکی دەداتێ. ئیل دۆستی پێشووی بووە، دووگیانی کردووە و بە منداڵێکەوە بەجێی هێشتووە. دانیشتوانی شارۆکەکە لە سەرەتاوە نارەزایی دژی ئەم بیرۆکەیە دەردەبڕن، بەڵام لە ئاکامدا بە

دەستەجەمعی ئیل دەکوژن.

ژنێکی دووگـیـان هـاوڕێکەی بە تەنیـا بـەجـێی دەهێـڵێ و ناچار دەبێ لەشفرۆشی بکات. ٤٥ ساڵ دواییتر وەکو ژنێکی ملیاردێر دەگەڕێتەوە بۆ شـوێنی ئابڕووچوونەکـەی، بۆ ئەوەی تۆڵەی خـۆی بکاتەوە. دانیـشـتـوانی وڵاتەکەی دەکاتە بکوژ: ملیاردێک بۆ کوشتنی دۆستە کۆنەکەی.

کاتێ کلەیر زاخاناسیانی بەزێڕداپۆشراو بە پۆشاکە سەیرەکەیەوە دەگات شـارۆچکەکـە هـەژار و وێران بووە و خـەڵکەکـەی کلـۆڵ و دامـاون و ژیان لە کولەمەرگی و نەهامەتیدا دەگوزەرێنن، ئەلفرێد ئیل هێشتا مەزەندەی ئەوە ناکات، کە ئەم خانمە پیرە چارەنووسی دیاری دەکا.

ئەو و کلارا ڤێشـەر، ئەمـە ناوی کـچێنیی سـەردانیکەرەکەیە، پێش دەیان ساڵ پێوەندییەکی ئەوینداری ئاگرینیان هەبووە؛ بەڵام کاتێک کچە گەنجەکە چاوەڕوانی منداڵی دەکرد، ئەلفرید ئیل نکووڵیی باوکایەتیی کردووە. کلارا گـویلن بەجێ دەهێـڵێ و لەشـفـرۆشـی دەکـا، هـەتا ملیـاردێری نەوت زاخاناسیـان دەیخوازێ. لەو کاتەوە زوو زوو مێردەکانی دەگۆڕێ و لە ساتی ڕووداوەکانـی ئەم شـانۆنامـەیەدا شـووی بە هەشت، نۆ کـەس کردووە و زۆر دەوڵەمـەندە. بەبێ ئەوەی خـەڵکەکـە بزانن، کـارگە و پیـشـەسـازیی گـویلنی کـڕیوە و دایانی خـسـتووە. دانیـشـتـوان برسـێتـی دەکـێـشن و هیـوایان بە کـۆمـەکی دڵفراوانی ژنە ملیـاردێرەکەیە. خـەڵکەکە ئومـێـدیان لەسـەر ئیل هەڵچنیـوە بۆ ئەوەی دڵـی خانمە پیـرەکـە نەرم بکات و لایەک لە شـارۆکەکـە بکاتەوە و لەو نەهامەتی و برسێتییە ڕزگاریان بکات کە تێی کەوتوون.

بەڵام وەکو لە دواییدا دەردەکەوێ، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی دانیشتوانی گویلنەوە داواکاریی کلەیر زاخاناسیـان زۆر دڕندانەیە: دڵی خانم نەک هەر بە ئیل نەرم نابێ بەڵکو ئامادەشە یەک ملیارد بۆ تەرمی ئیل تەرخان بکات. هاواری تووڕەیی و نارەزایی لە بەردەم فـریوی بـەرخـۆریی پارەی مـفت هـەر زوو بێدەنگ دەبێ. نە بەهـا مـرۆڤانـەکان، نە کلـێسـا و نەیش دەوڵەتی یاسـا

دەتوانن ڕێ لەوە بگرن کوشتنەکە ڕوو نەدا، بە ئامادەیی میدیا، کە مامەڵە لەگەڵ ڕاستیی دەستکاریکراودا دەکەن، گویلنییەکان حوکمی مەرگ بەسەر ئەلفرێد ئیلدا دەدەن و دەیکوژن: نەک لەبەر پارە، بەڵکو لەبەر دادپەروەریی.

شانۆنامەکە لە ئێستەدا ڕوو دەدا، لە شاری خەیاڵی گویلندا و لە شوێنێک لە ئەورووپای ناوین. شوێنەکانی ڕووداو: وێستگە، قەدپاڵی دارستانێک، کادانێک، مەیخانەیەک و دوکانێک هەموو لە گویلن یان لە دەوروبەری گویلن.

بە شێوەیەکی تراجیدی، لە هەمان کاتدا کۆمیدیی پەرەسەندن و گەشەکردنی شوێنێک دەگێڕێتەوە، کە خۆشگوزەرانی دەیکوژێ. نەک خۆشگوزەرانیی بە مانا ئیدیالییە مۆراڵییەکەی، بگرە بە مانا ڕووکەشە کورتخایەنە نامۆراڵییەکەی. چۆن ئەم شوێنە دەگۆڕێ، کرۆکی ڕاستەقینەی شانۆنامەکە چییە، دەتوانین بە دوو بڕگەی سەرەتا و کۆتاییی دیمەنی شانۆنامەکە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

«گویلن. وا دیارە ناوی شارۆکەیەک بێت، کە لە پشتەوە ئاماژەی بۆ کراوە، کەلاوە و وێرانە»

لە کۆتاییی شانۆنامەکەشدا هاتووە:

«ئەگەر جلە هەمیشە باشترەکان خۆشگوزەرانیی زیادبووی بەرجەستە دەکرد، خاکی، سەرنج ڕانەکێش، بەڵام بە بێ ئەوەی بتوانرێ خۆی لێ نەبان بکرێ، شانۆکە هەمیشە جوانتر، گۆڕا، بە پەیژەکەدا هەڵزنا، وەکو مرۆڤ بە بێ ئەوەی تێبینی بکات لە پەناگەیەکی هەژارانەوە بۆ شارێکی خانەدان گواستییەوە، خۆی دەوڵەمەند کرد، ئێستە ئەم بەرزبوونەوەیە لە وێنەی کۆتاییدا چلەپۆپەی بە شکۆی دەبینێتەوە. جیهانە بۆرەکە گۆڕایە شتێکی تەکنیکی پاک، گۆڕایە دەوڵەمەندی، دەڕژێتە ناو جیهانی کۆتاییی خۆشنوودەوە. بەیداخ، گوڵبەند، پلاکات، تیشکی نیۆن دەوری وێستگە تازە

چاککراوەکەیان داوە، لە سەرووی ئەمانەوە گویلنییەکان، ژنان و پیاوان بە جلی ئاهەنگ و قاتەوە، دوو کوڕیان پێک هێناوە، نەک بەڕێککەوت، بەڵکو بۆ شوێن دیاریکراو، وەکو کەشتییەکی شکاو لەوێ بێت، لە کەنار دوور کەوتبێتەوە، دوا سیگناڵ لێ دەدا»

بەڵام ئەوەی لێرەدا بە کۆتایی خۆشی – جیهان ناوزەد کراوە زیاتر کۆتایی مۆراڵی جیهانە، چونکە ئەوەی لە نێوان سەرەتای شانۆنامەکە و کۆتاییەکەیدا ڕوو دەدا فرۆشتنی ڕاستەقینەی هەموو بەهاکانی مۆراڵە.

فریدریخ دویرنمات لە ساڵی ١٩٢١دا لە کۆنۆلفینگن (هەرێمی بێرن – سویسرا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٠دا مردووە.

دویرنمات یەکێکە لە نووسەرە مەزنەکانی ئەدەبی ئەڵمانی پاش جەنگ. وەکو زۆر لە نووسەرە بەناوبانگەکان لە خێزانێکی قەشەی پرۆتستانتیدا گەورە بووە. ئاین لە دایکی نزیک دەکاتەوە، لە کاتێکدا باوکی ئەفسانەی یۆنانیی بۆ دەگێڕێتەوە.

دوای دواناوەندی دویرنمات دەست بە خوێندنی فەلسەفە و زمان و ئەدەبی ئەڵمانی دەکا، کە خۆی فەلسەفە بە "کانگەی نووسەریم" ناوزەد دەکات، بەڵام لە پاڵ فەلسەفە و زمان و ئەدەبی ئەڵمانییەوە لە زانکۆ گوێ لە لێکچەری زانستە سروشتییەکانیش دەگرێ. ئەو دوکتۆرانامەی هەوڵی بۆ دەدا وەکو "بە شێوازگەمژەیی" بۆی دەردەکەوێ و بەبێ کۆتایی ئەکادیمی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ.

چەند ساڵێکی دڕدۆنگی و ڕاڕایی و بە دوای خۆگەڕاندا دەگوزەرێنێ، بەڵام بەوە دەچێ بەرفراوانی ناوازەی بنەمای خوێندنی زانکۆی پێشانی بدا، کە دویرنماتی لاو بیر لە تێگەیشتنێکی گشتگر لە بوونمان بکاتەوە.

بەوە دەچێ دویرنمات دوای ئیدیالی ئەنتیکە کەوتبێ، کە مرۆڤ دەبێ ڕۆشنبیرییرکی بەرفراوانی فرە لایەنی هەبێ، کە لە سەرەتاوە دویرنمات

دەست بە نیگارکێشان دەکات، بەڵام لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا بڕیار دەدات ببێتە نووسەر. بەڵام هەرگیز دەستبەردانی نیگارکێشان نابێ و هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ لای تابلۆکانی.

ساڵەکانی یەکەمی نووسەریی ئاسان نابێ، چەندان ساڵی نەبوونی و کەمدەرامەتی بەسەر دەبا، تەنانەت نووسینی ڕۆمانی «دادوەر و جەلادەکەی» لەبەر پارە پەیداکردن لەسەر داوای ڕۆژنامەیەک دەنووسێ و بە زنجیرە بۆی بڵاو دەکەنەوە. لە ساڵی ١٩٤٧دا ژنە ئەکتەر لۆتی گایسلەر دەخوازێ و پاش مردنی ژنەکەی لە ساڵی ١٩٨٤دا ژنە ئەکتەر شارلۆتە کیر دەخوازێ.

بە «سەردانی خانمە پیرەکە» لە ساڵی ١٩٥٦دا ئەستێرەی لە ئاسمانی ئەدەبدا دەگەشێتەوە؛ لە پڕ دویرنمات دەبێتە نووسەرێک کە نەک هەر لە وڵاتانی ئەڵمانیزماندا بەڵکو لە هەموو جیهاندا دەناسرێ. چەندان خەڵات و ڕێز لێنانی بۆ کارە درامایی و ڕۆمانەکانی بە دوادا دێت. لە پاڵ نووسین دویرنمات لە چەندان شانۆی جیاوازدا شانۆنامەکانی خۆی و هی نووسەرانی تری بۆ نمایش ئامادە دەکا.

لەگەڵ هەموو ناوبانگ و سەرکەوتنێکیدا خۆی لە پێشوازیکردن و نێزیکیی لە دەستەڵاتداران بە دوور دەگرێ. دویرنمات خۆی نەداوەتە دەستی دەستەڵاتدارانی جیهانەوە و خۆی لە کاریگەریی سیاسی بە دوور گرتووە. هەمیشە بەرەنگاری بە ئامرازکردنی هونەر بۆ ئامانجی سیاسی دەبووەوە. دەربەستی ئەو لە لایەکەوە بۆ تێمای تایبەتی سیاسی و لە لایەکی ترەوە بۆ نارەزایی دەربڕین دژی ڕەزامەندیی هاوچاخەکانی و بەد بەکارهێنانیان لە لایەن دەستەڵاتەوە.

جیهانبینی دویرنمات دژی گەشبینی داواکراوی تۆپز دەوستێتەوە. نەیاری ئەو ئایدۆلۆجییانەیە، کە بۆ ئەو جوانکاریی دەستەڵاتن. لە ساڵی ١٩٩٠دا لە گفتوگۆیەکدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە تێکۆشین دژی هەموو شێوەیەکی ئایدۆلۆجیا هەر لە سەرەتاوە یاوەری کارەکانی بووە. لە ساڵەکانی کۆتاییی

داهێناندا شانۆی ئافەرۆز کرد و زیاتر خەریکی نووسینی پەخشان بوو.

کارە ئەدەبییەکانی دویرنمات لە ٣٠ بەند پێک دێ. ئەو تەنیا وەکو نووسەر کارا نەبوو بەڵکو ڕیشیسیۆر و شێوەکارەیش بووە. ئەو مادانەی لە دراما و کارە پەخشانییەکانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا فرە لایەنن و هەر لە ئەنتیکەوە هەتا ئێستە گرتووەتەوە. لە کارەکانیدا هەردەم مامەڵە لەگەڵ تاوان و لێپرسراوێتی تاک، تاوانکاریی و تێوەگلانی دەستەڵات دەکات. دویرنمات زۆرجار بیرۆکەکانی لە ژانری جیاواز و بە شێوەی جیاواز بەکارهێناوە.

دویرنمات نیزیکەی هەموو شانۆنامەکانی بە «کۆمیدیا» ناو دەبا، ئەمەش ئەریستۆفانەسمان بیر دەخاتەوە، کە بۆ یەکەم جار گەشەی بەم شێوەیەی شانۆ دا. کۆمیدیا بە پێکەنین دەژی، کە لە ڕێی جیاوازیی ئەو شتەی پێشان دەدرێ لەگەڵ شتە باوەکان دێتە کایەوە، لە خەیاڵبڵاوی دوور دەخاتەوە، بەوەی پەردە لەسەر لاوازیی لا دەبا، لە کاتی پەردە لەسەر لابردندا دەتوانێ لایەنی تراژی لەخۆ بگرێ، بە پێکەنینێکی فریادڕەس کۆتاییی دێت.

کۆمیدیا سەر بە ژانری درامایە، کە بە مۆرکی ڕووداوێکی دینامیکی، شێوەی دیالۆگی لەخۆ گرتووە. ئەوە بەس نییە دوو مرۆڤ پێشان بدرێ، کە لە کاتی قاوە خواردنەوەدا باسی کەش، سیاسەت یان مۆدە دەکەن، بە دیدی دویرنمات ئەم دۆخە کاتێک دەبێتە دراماتیکی، کاتێ بینەر بزانێ، کە لە یەکێک لە فینجانەکانی قاوەدا ژەهر هەیە، یان تەنانەت لە هەردووکیاندا، بە جۆرێک کە گفتوگۆی دوو ژەهرساز پەیدا دەبێ.

خەسڵەتی دیاری کۆمیدیای دویرنمات تێکەڵکردنی ڕەگەزی تراجیدییە. ئەو شانۆنامەی «سەردانی خانمە پیرەکە»ی بە کۆمیدیای تراجیدی ناوزەد دەکا.

مەیلی دویرنمات بۆ کۆمیدیا پەیوەستە بەدنیابینی و ڕۆڵی مرۆڤ لە

جیهاندا. لەدەستدانی نەزمێکی جیهان کە بۆ هەمووان ئاشکرا و قبووڵکراو بێت بە بەها و ئەفسانەکانییەوە نمایشکردنی جیهانی ئەمڕۆ لە تراجیدیادا مەحاڵ دەکا.

دویرنمات لەو بڕوایەدا بوو، تاک لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزی ئاپۆرەدا پانتاییی بڕیاری نەماوە و شپرزە و سەرلێشواو بە ناو ژیاندا ڕێی ون کردووە وەکو لە ناو لابیرینت (متاهە)دا بێت هەنگاو دەنێ. بۆ ئەو ڕەوتی جیهان ئیتر وەکو هۆکار ڕوون ناکرێتەوە، بەڵکو تەنیا لە ڕێی پارادۆکس، زنجیرەیەک ڕێککەوت و هەرەسەوە. بەڵام پارادۆکس شتی بێ مانا نییە؛ لە پارادۆکسدا واقیع دەر دەکەوێ.

هونەری دویرنمات ڕەشبین و ورە ڕووخاو نییە؛ دەیەوێ خۆی و ئێمە لە خانەگومانی بپارێزی، بەڵام بەبێ ئەوەی دڵنەوایی ساختەمان پێ ببەخشێ. ئەدەبی دویرنمات دەیەوێ ڕێنوێنیمان بکات بکەوینە ئەو حاڵەتەوە، جیهان لە دژوازیدا بناسینەوە و بەرگەی بگرین. بۆ دویرنمات جیهان وەکو شتێکی زەبەلاح لە ئارادایە، وەکو مەتەڵێکی نەهامەتی، کە دەبێ قبووڵ بکرێ، بەڵام نابێ لە بەردەمیدا بە چۆکدا بێین. بیرکردنەوە لە حەقیقەت خۆی بە گەڕ دەکەوێ، کاتێ واقیعی مەوزوعی بۆ کۆمیدیا بەرز بکرێتەوە. ئەو میانە پێویستەی، دویرنمات کۆمیدیا بە تەڵەمشک ناوزەد دەکا، کۆمیدیا بیرۆکەی ئەسڵی و ڕێککەوتی باوەڕنەکردنی دەهێنێتە ئاراوە. بۆ ئەوەی ئەو شانۆنامانەی باسی هەنووکە دەکەن، نەبنە ڕێپۆرتاجی تەمەن کورت و نەبنە هەڵگری بەرژەوەندیی سیاسی، دەبێ جیهان گرۆتێسک پێشان بدەن.

یاسای ڕەوشتی کلەیر زاخاناسیان ئەوەیە: تەنیا ئەو کەشە بەڕەوشتە کە پارە دەدا، ئەم پیرەژنە بە سامانەکەی نەزمی دنیا دەکڕێ، ئەو دنیایەی قەدەغەکردنی کوشتنی تێدا هەڵگیراوە و وێنا ئاساییەکانی ڕەوشت بەراوەژوو کراونەتەوە. سەروەریی پارە لەم شانۆنامەیەی دویرنماتدا بێ سنوورە؛ ئاخۆ ئەم شانۆنامەیە دژە سەرمایەدارییە؟

بە تایبەتی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە «سەردانی خانمە پیرەکە» وەکو ڕەخنەیەکی توند لە مۆدێلی ئابووریی ڕۆژئاوا ڕاڤە کراوە؛ گوایە ئەم شانۆنامەیە نمایشی وێرانکاریی سەروەریی هەموو بەهاکانە لە بواری دەستەڵاتی سەرمایەی پاوانکاریدا. ئەگەر ئێمە ئەوە ڕەچاو بکەین کە ئەم شانۆنامەیە لە پاش جەنگ نووسراوە و ئەڵمانیا و ئەو وڵاتانەی لە شەڕدا بەشداربوون لە بیناکردنەوەدا بوونە و پاش ئەو وێرانی و کولەمەرگییە خەڵکی تا ڕادەیەکی زۆر ڕوویان لە پارە کردووە و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان وەلا نراون، ئەوا دەتوانین بە ئاسانی ئەم شانۆنامەیە وەکو ڕەخنە لە سەرمایەداریی و چاوچنۆکی مرۆڤە پاش شەڕ ڕاڤە بکەین.

سەرنجی دویرنمات خۆی، کە ئەم شانۆنامەیە لە سەرەتادا ناونیشانی لاوەکی «کۆمیدیای گەشەسەندنی بەرزی ئابووری» بووە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم دەقە پێوەندی بە هەلومەرجی ئابووریی سەردەمی سەرهەڵدانییەوە هەبووە. بەڵام ئەو هەوڵەی، لە کەسایەتیی کلەیر زاخاناسیاندا سەرمایەداریی پاوەنخواز ببینرێ، تووشی گێرمەوکێشەمان دەکات بەهۆی ئەو واقیعەوەی، کە ئەم ژنە، ئەگەر بە کریتیرییەکانی بازرگانیی سەرمایەداریی کلاسیکی چاوچنۆکی سوود بەراورد بکرێ، ئەوا زۆر نا مەنتیقی ڕەفتار دەکا، لە چەند سەرنجێکیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بایی ملیۆنان بازرگانی بکات، بەڵام چ عەقڵانیەتێک لەوەدایە کارگە بکڕێت، تەنیا بۆ ئەوەی دایان بخات، یان ملیاردێک بکاتە دیاری؟

ئەوانی تریش نەزمی ئابووریی بازار ناخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەو کلێشانەی گویلنییەکان لە سەرەتادا هەوڵی پاساو هێنانەوە بۆ باری ناهەمواری ئابوورییان دەهێننەوە، تێگەیشتنێکی برجوازیانەی بچووکی دواکەوتووی نادیار و لێڵی هاوپێوەندییە ئابوورییەکان ڕوون دەکەنەوە. لە دیدی ئەوانەوە گوناهی فەرەسۆن، جوولەکە، لە سەرووی ئەمانەشەوە دارایی بەرز و کۆمۆنیزمی جیهانییە کە ئەمان لە نەهامەتیدا دەژین.

کلارا و شار، کە لە ڕێی کلاراوە لە سەرەتاوە شار هەژار دەبێ، بەڵام لە دواییدا بێ ئەندازە دەوڵەمەند دەبێ، بە باشترین ڕێکەوتن لە یەکتر جیا دەبنەوە. هیچ کەس دەستەڵاتی پارە ناخاتە ژێر پرسیارەوە. ژنە ملیاردێرەکە شکستەیی مۆراڵی پێشانی گویلنییەکان دا، بەڵام بەها مرۆڤایەتییەکان ئەوەندە نەرم بوون، کە کوشتنەکە توانی بە ناوی بەهاوە جێبەجێ بکرێ. هەر لەبەر ئەوەشە گویلنییەکان تووشی ویژدانکرۆژیی نابن. تەنیا ئێمە هەستێکی خراپمان هەیە. چونکە وا دەردەکەوێ گویلنییەکان وێنا ناوبراوەکانی بەهایان لەبەر پارە پێشێل کردبێ.

کلەیر زاخاناسیان تێما هەرە کۆنەکانی شانۆ نمایش دەکات: تاوان و سزا، ئەڤین و مەرگ. لە سەرەتاوە بە داواکاریی دادپەروەرییەوە لە گویلن دەر دەکەوێ، بەڵام هەر زوو ئاشکرای دەکات، کە لە پشتی کۆششی بە ڕواڵەتی بۆ دادپەروەریی ئارەزووی بۆ تۆڵە خۆی حەشار داوە، بەڵام چۆن تۆڵە ناتوانێ ناحەقییەکی کە ڕووی داوە پووچەڵ بکاتەوە، هەر بەو جۆرە کلەیر زاخاناسیانیش بۆی نالوێ، مەبەستە ناوەکییەی بەجێ بهێنێ. کلەیر بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەتوانێ بە پارە کات لابەرێ.

کلەیر زاخاناسیان لە هەمان کاتدا دووای دوو ئامانج کەوتووە، کە دژ بە یەکن: ئەڤینی جاویدان و تۆڵەی بێ بەزەیی.

ئەم مەبەستە ناچیزە، چونکە بابەتی ویستە دژوازەکانی هەمان کەسە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ لە کۆتاییدا ئەلفرێد لە گوناه پاک بکاتەوە و لە تابووتێکدا لەگەڵ خۆی بیبا، بەڵام قسەکانی کە ئێستە ئەو وەکو جارانی لێ هاتووەتەوە، وەکو پێش ماوەیەکی زۆر، بووەتەوە بە پڵنگە ڕەشەکە، بە هۆی تەرمی پیرەمێردەکەوە کە لەبەر پێیدا کەوتووە درۆکەی سزا دەدرێ.

کات مکوڕ و بێ وەستان لە ڕۆیشتندا بووە و چاوترووکانێکیش نەوەستاوە، ئومێدی کلاراش، ڕۆژانی بەختەوەریی گەنجی بە ملیاردێک بە تۆبزی بگێڕێتەوە، وەکو تاسە بۆ ئەڤینێکی بێ ئاکام دەر دەکەوێ.

ئەو پرسـیـارە قـووت دەبێتـەوە، تـا چ ئاسـتـێک پیـرەژنەکـە توانیـویەتی دادپەروەریی بەدی بهێنێ. کلەیر زاخاناسیان بێ ئەندازە تۆڵە دەکاتەوە.

لە زۆربەی کـارە ئـەدەبیـیـەکـانی دویرنماتدا دادپەروەریی تێـمـایـەکی ئامـادەیە. ئـەو دادگـەریی بەبێ توانا دەزانێ، حـەقـیـقـەت بدۆزێتـەوە و دادپەروەریی پیـادە بکات، بەڵێ، ئـەو نکووڵی لـەوە دەکـات، کـۆمـەڵگەکـانی مـرۆڤ بتوانن دادپەروەر بن. هەمیشە گومانەکانی بەرجەستە دەکات، بە تایبەتی لە ڕۆمـانی «داد»دا. لەوێدا لە بارەی ڕاستییەوە دەڵێ: لەو نهۆمانەدا ڕوو دەدا، کە داد دەستی پێیان ناگات. تەنیا تاک دەتوانێ لە هەندێ حاڵەتدا گوناهی خۆی بناسێتەوە، خۆی پاک بکاتەوە و ببێتە دادپەروەر. ئەلفرێد ئیل باشترین نموونەی ئەم بیرکردنەوەیەیە.

ئەوەی لێـرەدا بە کۆتایی – خۆشنوودی جـیـهـان ناونراوە، زیاتر کـۆتاییی مۆراڵی جیهانە، چونکە ئەوەی لە نێوان سەرەتا و کۆتاییی شانۆنامـەکەدا ڕوودەدا، فرۆشتنی ڕاستەقینەی بەها مۆراڵییەکانە.

بەبێ هۆ نییـە کـە شـانۆنامـەکـە لـە وێستگەیەکی شـەمـەندەفـەر دەست پێ دەکا و لە هەمان وێستگەش کۆتاییی دێت. وێستگە (لە سـەرەتاوە وێرانە / لە کۆتاییدا تازە کراوەتەوە) پێوەندی لەگەڵ جیهاندا دەهێنێتە کایەوە، ئەگەر لە لایەنی بیناسازییەوە سـەیری بکەین وێستگە دێرەکانی سەدەی بیستەمن، چەندێتییـەکی مـیـتـافـۆرییـان هـەیە. هـەڵمان بۆ دەرەخسێن بگەین و سـەفـەر بکەین. چەقی جموجۆڵ و تەوەری گواستنەوەن، کە مۆرکی ژیانی مۆدێرنن. لە وێستگەی شارەدێی گویلندا، ئیل جانتا پێچراوەکەی بەدەستـەوەیە و لە دۆخی خـۆی تێ دەگـا، لـەگـەڵ ئەوەشـدا کـە هـیچ گـویلنیـیـەک بە ئـاشکرا هـەڕەشـەی لێ ناکـات، بەڵکو تەنیا داوای لێ دەکرێ سـواری شەمەندەفـەرەکە بێت.

هاوپێـوەند لەگـەڵ چەندێتی مـیـتـافـۆریدا دەبێ ئـامـاژە بۆ پـەیامـبـەری زێڕینیش بکەین کە نـاوی ئەو هۆتێلەیە کلەیر زاخـانـاسـیـانی لێ دابەزیووە.

ئەم ناوە بە چەند کۆدێک بارگە کراوە. پەیامبەران قوتابیانی مەسیحن و بەمەش بەیانکەری پەیامی ئاشتەوایی عەهدی نوێن. بەڵام کلەیر زاخاناسیان پەیامی ئاشتەوایی ڕەت دەکاتەوە، چونکە زیاتر خوای تووڕە و سزادەری عەهدی کۆن بیری مرۆڤ دەخاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەو شوێنەیە کە ملیاردەکەی لێوە دەردەچێ بۆ ئەوەی گویلنی ڕووخاو و وێرانی پێ چاک بکرێتەوە.

کلەیر زاخاناسیان لە ژوورێکی هۆتێلەکەدا پێشان نادرێ، بەڵکو لە باڵکۆنی هۆتێلەکەدا، بەمەش هەمووان دەیبینن، لە سەرەوە سەیری ڕووداوە هاوتەریبەکانی دوکانەکەی ئیل دەکات و دەژی. لێژیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە (باڵکۆن/دوکان) پێوەندییەکانی دەستەڵات بەرجەستە دەکات. لە کاتێکدا کلەیر زاخاناسیان چاوەڕێ دەکا، گویلنییەکان بە قەرز دەبنە بەرخۆر.

هەر لەو هۆتێلەشدا ئەو کۆبوونەوەیە دەکرێ، کە گویلنییەکان دەنگ لە سەر کوشتنی ئیل دەدەن. شوێنەکە هۆڵی شانۆی میوانخانەکەیە. بە ڕاستیش گویلنییەکان بە بەرچاوی دنیاوە شانۆ نمایش دەکەن. ئەم کۆبوونەوەیە گەمەیە لە گەمەدا، شانۆیە لە شانۆدا و لە ناوکۆیی پانتایی شانۆدایە، کە خەیاڵدان خاڵیکەرەوەیە (لە کاتی شانۆ گۆڕیندا پەردە کراوەیە). ئەم ستراتیجی خەیاڵدان خاڵیکەرەوەیە ڕوونترین بەرجەستەکردنی لەوێدایە کە فیگورەکان نمایشی ڕەگەزەکانی سروشت (دارستان، مەل،... هتد.) دەکەن قەرزکردنی هۆکارەکانی نامۆکردنی "شانۆی – نا – ئەرەستۆیی" بێرتۆڵت برێخت یان شانۆی ئەبسورد بە ئاشکرا دیارن. لێرەدا هەوڵ نادرێ هاوهەستی و هاسۆزیی بینەر بۆ تێکەڵبوون بە ڕووداوەکان بووروژێنرێ، بەڵکو هەوڵ دەدرێ میانەیەکی ڕەخنەگرانە لە لای بینەر بخووڵقێنرێ.

لە کۆمیدیایەکدا کە فیگورەکان مانای نوێ بۆ بەهاکان دەدۆزنەوە بۆ مەبەستی خۆیان بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی پاساو بۆ ڕەفتارەکانیان

بدۆزنەوە زمـان ئەو ئامـرازەیە کـە واقـیـعی پێ دادەپۆشـرێ و ئەو ئاگـایی هـەڵەیـە، بەڵام جلـی بەلاغـــەت لـە درۆ و نـاپاکـی دەکـــرێ. زمـــان زمـــانـی ڕۆشنگەریی، ڕووناککردنەوە نییە، بەڵکو دەبێتە ئامرازی لەخشتەبردن: خۆ لەخـشــتــەبردن، فـریـودانـی ئەوانی تـر و فـریودانـی بینـەرانیش. پێش ئەوەی کلایر زاخـاناسـیـانیش بگاتە گویلن ئەم بـە ئامـرازکردنی زمـانە سـەروەرە. ئەمە کـاتێک دەردەکەوێ، کـە شـارەدار بۆ وتاری پێشوازیی ژیاننامـەی کلایر زاخاناسیان لێک دەداتەوە.

کەسەکان

سەردانیکەرەکان

کلەیر زاخاناسیان ژنێکی ملیۆنێر (ئەرمینیان ئۆیل)

مێردەکانی حەوت – نۆ

نۆکەرەکە

تۆبی

ڕۆبی بە دەم بنێشت جوینەوە

کۆبی

لۆبی دوو نابینا

ئەوانەی سەردانی کراون

ئیل

ژنەکەی

کچەکەی

کوڕەکەی

شاردەدار (عمدە)

قەشە

مامۆستا

پزیشک

پۆلیس

کەسی ١ کەسی ٢ کەسی ٣ هاووڵاتی
کەسی ٤ نیگارکێش
ژنی ١
ژنی ٢
خاتوو لویزە

ئەوانی تر
چاودێری وێستگە
شۆفێری شەمەندەفەر
بلیتفرۆش
فەرمانبەری دەستبەرداگرتن

وەڕسکەرەکان
ڕۆژنامەوان ١
ڕۆژنامەوان ٢
پەیامنێری ڕادیۆ
وێنەگر

شوێن: گویلن، شارۆکەیەک
کات: ئێستە
پشوو دوای دیمەنی دووەم

# دیمەنی یەکەم

(پێش ئەوەی پەردە لابدرێ دەنگی زەنگی وێستگەیەک دەبیسترێ. ئەمجا تابلۆیەک دەردەکەوێ لە سەری نووسراوە: وا دیارە گویلن ناوی ئەو شارۆکەیە بێت، کە لە پشتەوە ئاماژەی بۆ کراوە، کەلاوە و وێرانە. بینای وێستگەکەش پەرپووت و پیس و پۆخڵە، بەپێی وڵات دەتوانرێ بەربەست دابنرێ یان دانەنرێ، نەخشەیەکی نیوە دڕاوی کاتی دەرچوونی شەمەندەفەر بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە، سندووقێکی ڕێکخستنی ژەنگاوی، دەرگەیەک لە سەری نووسراوە: چوونە ژوورەوە قەدەغەیە. ئەمجا، لە ناوەڕاستدا، جادەی ناخۆش و ناشیرینی وێستگەکە. ئەویش تەنیا ئاماژەی بۆ کراوە. لە دەستی چەپەوە خانووچکەیەک، ڕووتەن، سەربانی خشتی سوورەوەکراوە، پلاکاتی دڕاو بە دیوارە بێ پەنجەرەکانییەوە داکوتراوە. دەستی چەپ تەختەیەک: ژنان، دەستە ڕاست: پیاوان. هەموو ئەم شتانە لە هەتاوێکی گەرمی پایزدا نغرۆن. لە بەردەم خانووچکەکەدا تەختەکورسییەک دانراوە، چوار پیاوی لە سەر دانیشتوون. پێنجەم پیاو، هەتا بڵێی شپرێوە، وەکو ئەوانی تر، بە ڕەنگی سوور لەسەر لافیتەیەک دەنووسێ، وا دیارە بۆ خۆپێشاندان بێت: بەخێر هاتی کلێری. دەنگی گرمە و تەقەتەقی شەمەندەفەرێکی خێرا کە بەوێدا تێدەپەڕێ. لە بەردەم وێستگەکەدا پاسەوانی وێستگەکە سڵاو دەکا. پیاوەکانی سەر تەختەکورسییەکە سەر سەریان لە چەپەوە بۆ ڕاست وەردەچەرخێن، بە جۆرێکی بە چاو دوای شەمەندەفەرە خێراکە

دەکەون)

**یەکەم:** گودرون، هامبۆرگ  نێپاڵ

**دووەم:** لە سەعات یازدە و بیست و حەوت دەقە ڕۆلاندی خێرا دێت، ڤینیسیا ستۆکهۆڵم.

**سێیەم:** تاقە لەزەتێکی کە هێشتا مابێتمان: سەیری شەمەندەفەر بکەین.

**چوارەم:** پێش پێنج ساڵ گودرون و ڕۆلاندی خێرا لە گویلن دەوەستان. لە سەروو ئەمانەشەوە دیپلۆمات و لۆرەلای، هەموویان شەمەندەفەری خێرای گرینگ بوون.

**یەکەم:** گرینگیی جیهانییان هەبوو.

(زرینگەی زەنگ دێت)

**دووەم:** ئێستە تەنانەت شەمەندەفەرە نەفەرهەڵگرەکانیش لێرە ناوەستن. تەنیا دووانەکەی کافیگن و ئەوەی یەک و چارەکی کالبەرشتات.

**سێیەم:** وێران بووە.

**چوارەم:** کارگەی ڤاگنەر تەپیوە.

**یەکەم:** بۆکمان نابووت بووە.

**دووەم:** کوخی – گۆڕەپانی – بەرهەتاو فەوتاوە.

**سێیەم:** ژیان بە پارەی بێ ئیشی.

**چوارەم:** بە شۆربای خێر.

**یەکەم:** ژیان؟

**دووەم:** بژی و مەمر.

**سێیەم:** داوەشان.

**چوارەم:** هەموو شارۆکەکە.

(دەنگی شەمەندەفەر دێت، پاسەوانی وێستگەکە سڵاو دەکا .

پیاوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ بە دوای شەمەنندەفەرەکەدا سەریان وەردەسووڕێنن)

**چوارەم:** «دیپلۆمات»ە.

**سێیەم:** ئێمە شارێکی کولتووری بووین.

**دووەم:** یەکێک لە شارە یەکەمەکانی وڵات.

**یەکەم:** لە ئەوروپا.

**چوارەم:** گوێتە لێرە خەوتووە. لە میوانخانەی پەیامبەری زێڕین.

**سێیەم:** برامز لێرە ئاوازی چوارینەیەکی داناوە.

(زرنگەی زەنگ دێت)

**دووەم:** بێرتۆڵد شڤارتس بارووتی دۆزییەوە.

**نیگارکێش:** منیش بە شانازییەوە چوومە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەڵام ئێستە چی دەکەم؟ دروشم دەکێشم!

**دووەم:** کاتی ئەوە هاتووە، کە ژنە ملیۆنێرەکە بێت. گوایە لە کالبەرشتات نەخۆشخانەیەکی بۆ خێر دروست کردووە.

**سێیەم:** لە کافیگن باخچەی ساوایان و لە پایتەخت کڵێسایەکی بیرەوەری.

**نیگارکێش:** تسیمت، فڵچەوەشێنی سروشتگەرا پۆرترێتی کێشاوە.

**یەکەم:** ئەو ژنە بەو هەموو پارەیەوە. کۆمپانیای نەوتی ئەرمینیا هی ئەوە، ئاسنەهێڵی ڕۆژئاوا هی ئەوە، کۆمپانیای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی باکور هی ئەوە و ناوچەی ڕابواردنی بانکۆک هی ئەوە.

(دەنگی شەمەندەفەر، لە چەپەوە بلیتفرۆشێک دەردەکەوێ، وەکو ئێستە لە شەمەندەفەرەکەوە بازی دابێتە خوارەوە)

**بلیتفرۆش:** (هاوارێکی درێژ دەکا): گویلن!

**یەکەم:** شەمەندەفەرە نەفەرهەڵگرەکەی کافیگنە.

(گەشتیارێک دابەزیوە، لە دەستە چەپەوە بە لای پیاوەکانی سەر تەختەکورسییەکەدا تێدەپەڕێ، دەچێتە ئەو ژوورە بچووکەوە کە دەرگەکەی نووسراوە بۆ پیاوان)

**دووەم:** فەرمانبەری بارمتەیە.

**سێیەم:** دەچێ شاردەداری بە بارمتە دەگرێ.

**چوارەم:** لە لایەنی سیاسیشەوە وێران بووینە.

**چاودێر:** (تەختەکە بەرز دەکاتەوە) شەمەندەفەرەکە دەکەوێتە ڕێ!

(لە شارۆکەکەوە شاردەدار، مامۆستا، قەشە و ئیل هاتوون، ئیل پیاوێکی نێزیکەی حەفتا و پێنج ساڵە، هەمووویان جلی شڕیان لەبەرە)

**شاردەدار:** میوانە بەرزەکەمان بە شەمەندەفەری نەفەرهەڵگری یەک و سێزدە خوولەک دێت.

**مامۆستا:** کۆرسە تێکەڵەکەی لاوان گۆرانی دەڵێ.

**قەشە:** زەنگی ئاگرەکە دەزرنگێتەوە. هێشتا بە بارمتە نەبراوە.

**شاردەدار:** تیپی مۆسیقای شار لە گۆڕەپانی شار مۆسیقا دەژەنێ، تیپی وەرزش هەرەمێک بۆ شەرەفی ژنە ملیاردێرەکە پێک دەهێنێ. ئەمجا خوانێک لە پەیامبەری زێرین. بە داخەوە پارە بەش ناکات بۆ ئەوەی ئێوارە دێرەکە و شاردەداریی ڕووناک بکرێنەوە.

**فەرمانبەر:** (لە خانۆچکەکەوە دێتە دەرەوە)، بەیانی باش، بەڕێز شارەدار. سڵاو لە کانگای دڵەوە.

**شارەدار:** فەرمانبەری بارمتە گلوتس لێرە چیتان دەوێ؟

**فەرمانبەر:** جەنابی شارەدار ئەمە دەزانێ. ئەرکێکی گەورەم لە پێشە. سەرجەمی شارێک بە بارمتە دەدەن.

**شارەدار:** جگە لە چاپێکی کۆن هیچ لە شارەداریی نادۆزنەوە.

**فەرمانبەر:** جەنابی شارەدار مۆزەخانەی نیشتمانیی گویلنتان لە بیر دەچێ.

**شارەدار:** پێش سێ ساڵ بە ئەمەریکا فرۆشراوە. قاسەکانمان خاڵین. هیچ کەس باج نادات.

**فەرمانبەر:** دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە. وڵات دەگەشێتەوە و بۆچێ گویلن کوخی – بەر – هەتاویشی هەیە و نابووت دەبێ.

**شارەدار:** ئێمە خۆمان لە بەردەم مەتەڵێکی ئابووریداین.

**یەکەم:** هەمووی دەستی فەرماسۆنەکانی تێدایە.

**دووەم:** جوولەکەکان دایان هێناوە.

**سێیەم:** دارا بەرزەکان خۆیان لە پشتییەوە مەلاس داوە.

**چوارەم:** داوی کۆمۆنیزمی جیهانییە.

(زرنگەی زەنگ دێت)

**فەرمانبەر:** هەمیشە شتێک دەدۆزمەوە. چاوەکانم وەکو چاوی واشە تیژن. دەچم سەیرێکی قاسەی شار دەکەم.

(دەڕوا).

**شارەدار:** باشترە ئێستە تالانمان بکا وەکو دوای سەردانی ژنە ملیاردێرەکە.

(تابلۆکێشەکە نووسینەکەی تەواو کردووە)

**ئیل:** شاردەدار، بێگومان ئەوە نابێ، نووسینەکە زۆر گیانی بەگیانییە. دەبێ بنووسرێ، بەخێر بێی کلەیر زاخاناسیان.

**یەکەم:** بەڵام کلێرییە.

**دووەم:** کلێری ڤێشەر.

**سێیەم:** لێرە گەورە بووە.

**چوارەم:** باوکی بەنا بوو.

**نیگارکێش:**

سووک و سانا دەنووسم: لە پشتەوەی دروشمەکە دەنووسم بەخێر بێی کلەیر زاخاناسیان. ئەگەر ژنە ملیاردێرەکە هەستی جوولا، دەتوانین لای پێشەوەی پێشان بدەین.

**دووەم:** بۆرزییە، زیوریخ هامبۆرگ.

(شەمەندەفەرێکی خێرا لە ڕاستەوە بۆ چەپ تێ دەپەڕێت)

**سێیەم:** هەمیشە لە کاتی خۆیدا دێت، مرۆڤ دەتوانێ سەعاتی لەسەر بنێتەوە.

**چوارەم:** تکایە، کێ لێرە سەعاتی پێیە.

**شارەدار:** بەڕێزانم، ژنە ملیاردیرەکە تاقە ئومێدی ئێمەیە.

**قەشە:** جگە لە خوا.

**شارەدار:** جگە لە خوا.

**مامۆستا:** بەڵام خوا پارە نادات.

**نیگارکێش:** ئەو لە بیری کردووین.

(چوارەم تف ڕۆ دەکا)

**شارەدار:** ئیل، ئێوە هاوڕێی بوون، هەموو شتێک لە دەستی ئێوەدایە.

**قەشە:** ئەو کاتە لە یەک جیابوونەوە. چیرۆکێکی نادیارم بیست هیچت هەیە لە لای قەشەکەت ددانی پێدا بنێی؟

**ئیل:** ئێمە باشترین هاوڕێ بووین گەنج و ئاگرین بەڕێزانم خۆ پێش چل و پێنج ساڵ پیاو بووم ئەی ئەو، کلارا، هێشتا لەبەرچاومە چۆن بەناو تاریکایی کادانەکەی پیتەردا ڕووی تیشکەکەی لێ دەکردم و بەپێی پەتی بە ناو دارستانی کۆنراد ڤایلەردا بە ناو قەوزە و گەڵای ڕژاودا

دەڕۆیشت، بە قژە سووره شەکاوەکەیەوە، نەرمونۆڵ، قەد باریک، ناسک، جادووگەرێکی جوانی لەعنەتی. ژیان لە یەکی جیاکردینەوە، تەنیا ژیان، چارەنووس.

**شارەدار:** بۆ وتاره بچووکەکەم لە پەیامبەری زێڕیندا دەبێ چەند وردەکارییەک لە بارەی خانمی زاخاناسییانەوە بزانم. (یاداشتنامەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێ).

**مامۆستا:** بە ناو مەلەفەکانی قوتابخانەدا گەڕام. بە داخەوە، لە دڵەوە بەداخەوە پلەکانی کلارا ڤێشەر خراپن. هەڵس و کەوتیشی خراپە. تەنیا لە ڕووەکناسی و زیندەوەرزانیدا چواری هەیە.

**شارەدار:** (بە دەم نووسینەوە) باشە. لە ڕووەکناسی و زیندەوەرزانیدا چواری هەیە. ئەوە شتێکی باشە.

**ئیل:** من دەتوانم لە خزمەتی شارەداردا بم. کلارا حەزی لە دادپەروەریی بوو. زۆر. جارێکیان خێوڕوویەک گیرا. کلارا بەردی گرتە پۆلیسەکە.

**شارەدار:** خۆشەویستی بۆ دادپەروەریی. خراپ نییە. هەمیشە کاریگەرە. بەڵام باشتر مەسەلەی پۆلیسەکە دیزە بە دەرخۆنە بکەین.

**ئیل:** خێرەومەندیش بوو. ئەوەی هەیبوو بە سەر خەڵکدا دابەشی دەکرد. بۆ بێوەژنێکی هەژار پەتاتەی دزی.

**شارەدار:** هەست بۆ خێر. بەڕێزانم، هەر دەبێ ئەمە بڵێم. ئەمە سەرەکیترین شتە. کەستان هیچ بینایەیەکی بە بیر دێتەوە باوکی بینای کردبێ؟ باش بۆ وتارەکە دەگونجێ.

**نیگارکێش:** هیچ کەسێک.

**یەکەم:** گوایە بەدمەست بووە.

**دووەم:** ژنەکەی لە دەستی ڕای کرد.

**سێیەم:** لە شێتخانە مرد.

(چوارەم تف ڕۆ دەکا)

**شاردەدار:** (دەفتەرەکەی دادەخا). من خۆم ئامادە کردووە شتەکانی تر دەبێ ئیل بیان کا.

**ئیل:** دەزانم. زاخاناسیان دەبێ ملیۆنەکانی بەدەستەوە بدات.

**شارەدار:** ملیۆنەکان. ئەمە بە تەواوی تێگەیشتنی ڕاستەقینەیە.

**مامۆستا:** باخچەیەکی ساوایان سوودمان پێناگەیەنێت.

**شارەدار:** ئیلی ئازیزم، ئێوە لە مێژەوە خۆشەویستترین کەسایەتین لە گویلن. لە بەهاردا دەست لە کار هەڵدەگرم و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا پێوەندیم گرت. ڕێککەوتین، ئێوە بۆ جێگەکەی من پێشنیاز بکرێن.

**ئیل:** بەڵام بەڕێز شارەدار تکایە.

**مامۆستا:** من دەتوانم ئەم قسەیە بسەلمێنم.

**ئیل:** بەڕێزانم، با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکە. یەکەمجار دەمەوێ لەگەڵ کلارا باسی دۆخە خراپەکەمان بکەم.

**قەشە:** بەڵام ئاگادار بن، بە نەرمی.

**ئیل:** ئێمە دەبێ ئاقلانە بجوڵێینەوە، لە لایەنی سایکۆلۆجییەوە ڕاست ڕەفتار بکەین. پێشوازییەکی ناڕێک لە وێستگە دەتوانێ هەموو شتێک پووچ بکا. مۆسیقای شار و کۆراڵی تێکەڵ بەس نین.

**شارەدار:** ئیل ڕاست دەکا. ئەمە چرکەساتێکی گرینگە. خاتوو زاخاناسیان پێ دەخاتە ناو خاکی وڵاتەکەیەوە، وڵات دەدۆزێتەوە، هەست و سۆز هەژاو، بە چاوی فرمێسکاوییەوە، نیگای شتە ئاشناکان دەکا. بێگومان من وەکو ئێستە تەنیا لە کراسدا نابم، بەڵکو لە قاتێکی ڕەشی ئاهەنگ بە شەپقەیەکی درێژەوە، ژنەکەم لە تەنیشتمەوە، لە پێشمەوە دوو کچەزاکەم، لە سەرتاپا لە پۆشاکی سپیدا، بە گوڵەوە. خوای من، تەنیا ئەگەر هەموو شتێک لە کاتی خۆیدا ڕەوتی خۆی

وەربگرێ.

(دەنگی زەنگ)

**یەکەم:** ڕۆلاندی خێرایە.

**دووەم:** ڤینیسیا. ستۆکهۆڵم سەعات یازدە و بیست و حەوت خولەک.

**قەشە:** سەعات یازدە و بیست و حەوت خولەک! هێشتا نێزیکەی دوو سەعاتمان ماوە، وەکو بۆ ئاهەنگ خۆمان بڕازێنینەوە.

**شارەدار:** نووسینی بەخێر بێی کلەیر زاخاناسیان بە پرکێشیی بۆ ناو ماڵەکان بەرز بکرێتەوە. (ئاماژە بۆ چوارەم دەکات). باشترین شت ئەوەیە ئەوانی تر شەپقەکانیان ڕاوەشێن. بەڵام تکایە: وەکو پار لە کاتی کۆمیسیۆنی میریدا هاوار مەکەن، ڕا لەم بارەوەوە سفر بوو و هەتا ئێستە پشتگیری داراییمان نەکراوە. شادومانی زیادەڕەو لە جێی خۆیدا نییە، بەڵکو شادومانیی لە ناخەوە، نێزیک لە هەنسک، هاوسۆزی لەگەڵ منداڵی دیسان دۆزراوەی نیشتماندا. زۆر لە خۆ مەکەن، گەرم و گوڕ بن، بەڵام ڕێکخستنەکە دەبێ سەر بگرێ، زەنگی ئاگرەکە یەکسەر لە دوای کۆراڵە دەستەجەمعییەکە بخەنە کار. پێش هەموو شتێ دەبێ ڕەچاوی ...

(گرمەی شەمەندەفەرەکە کە نێزیک دەبێتەوە وا دەکات مرۆڤ لە قسەکانی تێ نەگا. هاڕەی برێکی شەمەندەفەرەکە. لەسەر ڕووخساری هەموویان سەرسووڕمان و حەپەسان دەردەکەوێ. پێنج کەسەکەی سەر تەختەکورسییەکە دانیشتوون بەرز دەبنەوە)

**نیگاکێش:** شەمەندەرفەرە خێراکە!

**یەکەم:** دەوەستێ!

**دووەم:** لە گویلن!

**سێیەم:** لە هەژارترین –

**چوارەم:** بۆگەنترین –

**یەکەم:** ئابڕووبەرترین هێلانەی ڕێگەی ڤێنیسیا – ستۆکهۆڵم!

چاودێری وێستگە: یاساکانی سروشت هەڵگیراون. ڕۆڵاندی خێرا دەبێ لە پێچی لۆیتەناودا دەرکەوێ، وەکو گوللە بە لاماندا تێپەڕێ و وەکو خاڵێکی ڕەش لە دۆڵی پویکنرِیددا لە بەرچاو ون بێت.

(لە دەستی ڕاستەوە کلەیر زاخاناسیان دێت، تەمەنی شەست و دوو ساڵە، قژی سووره، ملوانکەی مرواری لە ملدایە، بازنی گەورەی زێرینی لە دەستدایە، جلی بێ زەوقانە و ناهارمۆنی لەبەردایە، بەڵام هەر لەبەر ئەوەشە خانمێکی بە ئەزموونە، لەگەڵ هەموو ناچیزییەکدا، شۆخ و شەنگییەکی تایبەتی هەیە. دەست و پێوەندەکەی بە دوایەوە، بۆبی نۆکەر، تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵە، چاویلکەی ڕەشی لە چاودایە، مێردەکەی حەوت (بالآبەرز، باریکەلانە، سمێڵ ڕەش) ئامرازی تەواوی ماسیگریی پێیە. شۆفێریکی شپرزەی شەمەندەفەر لەگەڵ گرووپەکەدایە، کلاّوی سووری لە سەرە، جانتایەکی سووری لە شاندایە)

**کلەیر زاخاناسیان:** لە گویلنم؟

شۆفێری شەمەندەفەر: ئێوە ستۆپی مەترسیتان ڕاکێشا، خانم.

**کلەیر زاخاناسیان:** من هەمیشە برێکی مەترسی ڕادەکێشم.

شۆفێری شەمەندەفەر: من نارەزایی دەردەبرم. بە هەموو هێزم. لەم ولأتەدا هەرگیز برێکی مەترسی ڕاناکێشرێ، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لە مەترسیشدا بێت. لە کاتی خۆیدا گەیشتن بەرزترین پرەنسیپە. دەتوانم تکای ڕوونکردنەوەتان لێ بکەم؟

**کلەیر زاخاناسیان:** مۆبی، خۆ من لە گویلنم. من ئەم لانە غەمگینە دەناسمەوە. لەولاوە دارستانی کۆنرادسڤایلەرە بە چۆمەکەوە، کە

دەتوانی ماسی تێدا بگری، ماسییە خاتوونە و ماسی کراکی، لە لای ڕاستیشەوە سەربانی کادانەکەی پیتەری لێیە.

**ئیل:** (وەکو لە خەودا بێدار ببێتەوە): کلارا.

**مامۆستا:** زاخاناسیان.

**هەموو:** زاخاناسیان.

**مامۆستا:** لەم کاتەشدا کۆراڵە تێکەڵەکە ئامادە نییە، گرووپی گەنجەکان!

**شارەدار:** وەرزشەوانەکانی جومناسیک، ئاگرکوژێنەوە!

**قەشە:** فەقێکە!

**شارەدار:** چاکەتەکەم نوقستانە، بۆ خاتری خوا، شەپقەکەم، کچەزاکانم!

**یەکەم:** کلێری ڤێشەر! کلێری ڤێشەر! (لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە و بە ڕاکردن دەچێتە ناو شارۆکەکەوە).

**شارەدار:** (بانگ دەکا) ژنەکەت لە بیر نەچێ!

شۆفێری شەمەندەفەر: من چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەیەکم. لە ڕێی کارەکەمەوە. بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسنەڕێگەوە.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێوە گێلن. من ئێستە دەمەوێ جارێ سەردانی شارۆکەکە بکەم. لە شەمەندەفەرە خێراکەتانەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە؟

شۆفێری شەمەندەفەر: خانم. ئەگەر حەز دەکەن سەردانی گویلن بکەن، فەرموون، لە کالبەرشتات شەمەندەفەری نەفەر گواستنەوەی دوازدە و چل خولەک لە خزمەتتاندایە. وەکو هەموو جیهان. گەیشتن بە گویلن لە یەک و سێزدە خوولەک.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەو شەمەدەنەفەرەی نەفەر دەگوازێتەوە کە لە لۆکن، برۆنهویبل، بایزنباخ و لۆیتەناو دەوەستێ؟ دەتانەوێ ئەوەم پێ بکەن

که نیو سەعات بەم ناوەدا بە شەمەندەفەری هەڵمی سەفەر بکەم؟

شۆفێری شەمەندەفەر: خانم، ئەمە زۆر گران لە سەرتان دەکەوێ.

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی، هەزاری بدەرێ.

**هەموو:** (بە منگەمنگەوە): هەزار.

(نۆکەرەکە هەزار بە شۆفێری شەمەنەفەرەکە دەدات)

شۆفێری شەمەندەفەر: (سەری سوورِماوە) خانم.

**کلەیر زاخاناسیان:** سێ هەزاریش بۆ دەزگەی خەیری بێوەژنەکانی ئاسنەڕێگا.

**هەموو:** (بە منگەمنگەوە): سێ هەزار.

(نۆکەرەکە سێ هەزار دەدا بە شۆفێری شەمەندەفەرەکە)

شۆفێری شەمەندەفەر: (پەشۆکاوە) خانم، دەزگەی خەیری لەو بابەتە نییە.

**کلەیر زاخاناسیان:** دە دەزگایەک دامەزرێنە.

(سەرۆکی شارەوانی بە گوێی شۆفێری شەمەندەفەرەکەدا دەچرپێنێ)

**شۆفێری شەمەندەفەر:** (بە زویرییەوە) بەڕێزتان خانمی کلەیر زاخاناسیانن؟ ئاه، ببوورە. بێگومان ئەمە شتێکی ترە. بێگومان لە گویلن دەوەستاین، ئەگەر تەنیا کەمێک مەزەندەمان بکردایە بێگومان پارەکەتان دەدەمەوە، خانمی بەڕێز چوار هەزار – خوای گەورە.

**هەموو:** (بە منگەمنگەوە) چوار هەزار.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەو پارە کەمە با بۆ ئێوە بێت.

**هەموو:** (بە منگەمنگەوە) بۆ ئێوە بێت.

شۆفێری شەمەندەفەر: ئارەزوو دەفەرموون خانمی بەڕێز، کە

ڕۆلاندی خێرا چاوەڕوان بێت، هەتا سەردانی گویلن تەواو دەکەن؟
بەڕێوەبەرایەتیی ئاسنەڕێگە بە خۆشحاڵییەوە بەمە ڕازی دەبێت.
دەروازەی دێرەکە دەبێ شایانی ئەوە بێ مرۆڤ بیبینێ. گۆتیکییە .
بە وێنەی ڕۆژی قیامەتەوە.

**کلەیر زاخاناسیان:** خێرا بە شەمەندەفەرەکەتان بڕۆن.

**مێردی حەوت:** (بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە) بەڵام میدیا، مشکە گیان. میدیا هێشتا دانابەزیوە. ڕۆژنامەوانەکان بەبێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ لە ڤاگۆنی چێشتخانە دانیشتوونە.

**کلەیر زاخاناسیان:** مۆبی، وازیان لێ بهێنە با نان بخۆن. من جارێ لە گویلن پێویستم بە میدیا نییە. دواییتر خۆی دێت.

(لەم سەروبەندەدا دووەم کەس چاکەتەکەی بۆ شاردەدار هێناوە. شارەدار بە خۆشحاڵییەوە بۆ لای کلەیر زاخاناسیان دەچێ. نێگارکێشەکە و سێیەم کەسی سەر تەختەکورسییەکە لافیتەکە بەرز دەکەنەوە کە لە سەری نووسراوە کلەیر زاخاناسیان بەخێر بێی ... نیگارکێشەکە ڕستەکەی هێشتا تەواو نەکردووە)

**چاودێری وێستگە:** (تەختەکەی بەرز دەکاتەوە): شەمەندەفەر دەردەچێ!

شۆفێری شەمەندەفەر: ئەگەر خانمی بەڕێز لە لای بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگەی ئاسن سکاڵا نەکات. تەنیا بەدحاڵیبوون بوو.

شەمەندەفەرەکە دەست بە جووڵە دەکات. شۆفێری شەمەندەفەرەکە باز دەداتە ناو شەمدەندەفەرەکەوە.

**شارەدار:** خانمی ئازیزی بەڕێز. وەکو شارەداری گویلن ئەو شەرەفەم هەیە، بەڕێزتان، خانمی ئازیزی بەڕێز وەکو منداڵێکی نیشتمانەکەمان ...

بە هۆی گرەگرِی شەمەندەفەرە خێراکەوە ئەوەی لە قسەکەی شارەدار ماوە کەس لێی تێ ناگا، کە بەردەوام قسە دەکا.

**کلەیر زاخاناسیان:** سوپاستان دەکەم، بەڕێز شاردەدار بۆ ئەو وتارە جوانە.

(دەچێ بۆ لای ئیل، کە بە کەمێک شەرمەوە بەرەو ڕووی هاتووە)

**ئیل:** کلارا.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەلفرێد.

**ئیل:** خۆشە، کە تۆ هاتی.

**کلەیر زاخاناسیان:** هەمیشە نیازم هەبوو بێمەوە. بە درێژاییی ژیانم. لەوەتەی گویلنم بەجێ هشتووە.

**ئیل:** (دڵنیا نییە) ئەمە میهرەبانییە لە تۆوە.

**کلەیر زاخاناسیان:** تۆیش بیرت لە من دەکردەوە؟

**ئیل:** بێگومان. هەمیشە. کلارا، خۆ خۆت ئەمە دەزانی.

**کلەیر زاخاناسیان:** هەموو ئەو ڕۆژانەی بە یەکەوە بووین زۆر خۆش بوون.

**ئیل:** (بە فیزەوە) وایە. (بە مامۆستاکە) جەنابی مامۆستا دەبینن، لە گیرفانمدایە.

**کلەیر زاخاناسیان:** بەو جۆرە بانگم بکە کە هەمیشە بانگت دەکردم.

**ئیل:** پشیلە کێوییەکەم.

**کلەیر زاخاناسیان:** (وەکو پشیلەیەکی پیر دەمرخێنێ): چی تر؟

**ئیل:** جادووبازەکەم.

**کلەیر زاخاناسیان:** من پێم دەوتی: پڵنگە ڕەشەکەم.

**ئیل:** هێشتا هەر پڵنگە ڕەشەکەم.

**کلەیر زاخاناسیان:** قسەی هیچ. تۆ قەڵەو و بۆر و بەدمەست بووی

**ئیل:** بەڵام تۆ وەکو خۆت ماوی. جادووباز.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەوە دەڵێی چی. منیش پیر و قەڵەو بووم. لە سەرووی ئەمەیشەوە لاقی چەپم لە دەستداوە. ڕووداویکی ئۆتۆمۆبێل. تەنیا بە

شەمەندەفەری خێرا سەفەر دەکەم. بەڵام لاقە سناعییەکە نایابە. وا نییە؟ (تەنوورەکەی بەرز دەکاتەوە و لاقی چەپی پێشان دەدا). دەتوانم باش بیجووڵێنمەوە.

**ئیل:** (ئارەقەکەی دەسڕێتەوە): هەرگیز بە زەینمدا نەدەهات، پشیلە کێوی.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەلفرێد، دەتوانم مێردی حەوتەمتم پێ بناسێنم؟ کێڵگەی توتنی هەیە. ژن و مردێکی بەختەوەرین.

**ئیل:** بەڵام تکایە.

**کلەیر زاخاناسیان:** مۆبی، وەرە، دابچەمێرەوە. لە ڕاستیدا ناوی پێدرۆیە، بەڵام مۆبی جوانترە. باشتریش لەگەڵ بۆبیدا دەگونجێ، کە ناوی نۆکەرەکەیە. مرۆڤ بە درێژایی ژیانی نۆکەرێکی هەیە، کەواتە دەبێ مێردەکان خۆیان لەگەڵ ناوەکەیدا بگونجێنن.

(مێردی حەوتەم دادەنەوێتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** بە سمێڵە ڕەشەکەیەوە میهرەبان دیار نییە؟ مۆبی بیر بکەرەوە.

(مێردی حەوتەم بیر دەکاتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** تیژتر بیر بکەرەوە.

(مێردی حەوتەم تیژتر بیر دەکاتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** هێشتا تیژتر.

**مێردی حەوتەم:** بەڵام ناتوانم لەوە تیژتر بیر بکەمەوە، مشکە گیان، بە ڕاستی ناتوانم.

**کلەیر زاخاناسیان:** بێگومان دەتوانی، تەنیا تاقی بکەرەوە.

(مێردی حەوتەم تیژتر بیر دەکاتەوە)

(دەنگی زەنگ دێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** بینیت، توانیت. وانییە، ئەلفرێد. بەمجۆرە خێوئاسا دەردەکەوێ. وەکو بەرازیلی. بەڵام ئەمە هەڵەیە. ئەو ئۆرتۆدۆکسی یۆنانییە. باوکی ڕووسی بوو. قەشەیەک مارەی برین. زۆر بەبایەخە. ئێستە دەبێ لە گویلن بگەڕێم. (بە چاویلکەیەکی یەکچاوی سەیری ئاودەستەکەی چەپی دەکا). مۆبی، ئەو ئاودەستخانەیە باوکم دروستی کرد. کارێکی باشە، زۆر بە ڕێکوپێکی جێبەجێکراوە. کە منداڵ بووم چەندان سەعات لە سەربان دادەنشتم و تفم بۆ خوارەوە فڕێ دەدا. بەڵام تەنیا بۆ پیاوەکان.

(لە پشتەوە کۆراڵە تێکەڵەکە و گرووپی گەنجان کۆبوونەتەوە. مامۆستاکە بە شەپقەوە دەردەکەوێ)

**مامۆستا:** خانمی بەڕێز، وەکو بەڕێوەبەری دواناوەندی گویلن و عاشقی ژنە نەجیبی مۆسیقا ڕێگە بە خۆم دەدەم، بە گۆرانییەکی فۆلکلۆری سادە لە خزمەتتدا بم، کە لە لایەن کۆراڵی تێکەڵ و گرووپی لاوانەوە پێشکێش دەکرێت.

**کلەیر زاخاناسیان:** دەست پێ بکەن، مامۆستا، بە گۆرانییە فۆلکلۆرە سادەکەتانەوە.

(مامۆستاکە دیاپازۆنێک دەردەهێنێ، تۆنی دەنگ ڕێبەری دەکا، کۆراڵە تێکەڵەکە و گرووپی گەنجان بە شکۆوە دەست بە گۆرانیوتن دەکەن، بەڵام لەو کاتەدا شەمەندەفەرێکی تر لە چەپەوە دێت. چاودێری وێستگەکە سڵاو دەکات. کۆراڵەکە دەبێ هەوڵ بدەن دەنگیان لە هاڕەهاڕی شەمەندەفەرەکە بەرزتر بێت، مامۆستاکە نیگەرانە، لە دواییدا شەمەندەفەرەکە تێدەپەڕێ)

**شاردەدار:** (خەمبارە): زەنگی ئاگر، مرۆڤ دەبێ زەنگی ئاگرەکە بخاتە کار!

**کلەیر زاخاناسیان:** گویلنییەکان، باشتان وت. بە تایبەتی باسە

قژزەردەکەی چەپی ئەوسەر، کە قورتمێکی گەورەی هەیە نایاب بوو.

(پۆلیسێک بە پاڵەپەستۆ دەچێتە نێو کۆراڵە تێکەڵەکەوە، بە ڕێزەوە لە بەردەم کلەیر زاخاناسیان دەوەستێ)

**پۆلیس:** پۆلیسی چاودێری هانکە، خانمی بەڕێز. لە خزمەتتاندام.

**کلەیر زاخاناسیان:** (لێی ورد دەبێتەوە) سوپاس. من نامەوێ کەس زیندانی بکەم. بەڵام ڕەنگبێ گویلن پێویستی پێتان بێت. جاروبار چاوێک دادەخەن؟

**پۆلیس:** بەڵێ، خانمی بەڕێز. ئەگینا لە گویلن بە چی دەگەم؟

**کلەیر زاخاناسیان:** باشترە هەردوو چاوتان دابخەن.

(پۆلیسەکە کەمێک پەشۆکاو وەستاوە)

**ئیل:** (پێ دەکەنێ) کلارا وەکو خۆی ماوە! بە تەواوی جادووبازەکەی جارانمە. (بە خۆشنودییەوە بە ئەژنۆی خۆیدا دەدات).

(شارەدار شەپقەی مامۆستاکە لە سەر دەکا، دوو کچەزاکەی دەخاتە پێش خۆیەوە. دووانەن، حەوت ساڵانن، پەلکی زەردیان هەیە)

**شارەدار:** کچەزاکانم، خانمی بەڕیز، هێرمینە و ئەدۆلفینە. تەنیا دایکیان لێرە نییە. (ئارەقەکەی دەسڕێتەوە).

(دوو کچەکە دادەچەمێنەوە و گوڵاڵە سوورە پێشکێشی زاخاناسیان دەکەن)

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆ ئەم دوو کچە بچووکە هاووڵاتییە پیرۆزبایی دەکەم. ها! (گوڵەکان دەداتە دەستی چاودێری وێستگەکەوە).

(شارەدار بە دزییەوە شەپقەکە دەداتە قەشەکە، ئەویش لە سەری دەکات)

**شارەدار:** خانمی بەڕێز قەشەکەمان.

(قەشەکە شەپقەکە لە سەری دادەگرێ، دادەچەمێتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** ئای، قەشەکە. ئێوە دڵنەوایی یەکێک دەکەن لە سەرەمەرگدا بێت؟

**قەشە:** (بە سەرسووڕماوییەوە): هەوڵ دەدەم.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەوانەیش کە حوکمی مردنیان بەسەردا دراوە؟

**قەشە:** (پەشۆکاو): خانمی بەڕێز، حوکمی مەرگ لە وڵاتەکەمان لابراوە.

**کلەیر زاخاناسیان:** لەوانەیە دیسان بە گەڕ بخرێتەوە.

(قەشەکە کەمێک بە نیگەرانییەوە شەپقەکە دەداتەوە بە شارەدار، ئەویش لە سەری دەکاتەوە. نویسلاینی پزیشک خۆی بە ناو ئاپۆرەکەدا دەکات)

**شارەدار:** دوکتۆر نویسلاین، پزیشکەکەمان.

**کلەیر زاخاناسیان:** بە بایەخە؛ پسوولەی مردن دەر دەکەن؟

**پزیشک:** پسوولەی مردن؟

**کلەیر زاخاناسیان:** یەکێک دەمرێ.

**پزیشک:** بەڵێ.

**کلەیر زاخاناسیان:** لە ئایندەدا لێدانی دڵ دیاری دەکەن.

**ئیل:** (پێ دەکەنێ): پشیلە کێوی! تۆ چ گەمەی بێپەروایانە دەکەی!

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێستە دەمەوێ بچمە ناو شارۆکەکەوە.

(شارەدار دەیەوێ دەستی بگرێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** شارەدار، چیتان بە زەیندا دێت، بە قاچە سناعیەکەمەوە چەندان کیلۆمەتر ڕێ ناکەم.

**شارەدار:** (ترساو) هەر ئێستە! هەر ئێستە! ڕێزدار دکتۆر نویسلاین ترومبێلی هەیە.

**پزیشک:** خانمی بەڕێز، مارسیدسێکی ساڵی ٣٢.

**کلەیر زاخاناسیان:** پێویست ناکات. لە کاتی ڕووداوەکەمەوە تەنیا بە کەژاوە هاتوچۆ دەکەم، ڕۆبی و تۆبی، بیهێنن.

(لە لای چەپەوە دوو پیاوی زەبەلاحی هەرقل ئاسا بە دەم بنێشت جووینەوە کەژاوەیەک دەهێنن، یەکێکیان گیتارێکی بە پشتەوەیە)

**کلەیر زاخاناسیان:** دوو شەلاتی مەنهاتن ، لە سینگ - سانگ حوکمی کورسی کارەباییان بە سەردا دراوە. لە بەر تکای من بۆ کەژاوە هەڵگرتن ئازاد کراوون. هەر تکایەک یەک ملیۆن دۆلار لە سەرم کەوت. کەژاوەکە هی لۆڤەرە و دیاریی سەرۆکی فەرەنسایە. بەڕێزێکی میهرەبانە، کتومت بەو جۆرەیە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە. هەڵم گرن بۆ شار، ڕۆبی و تۆبی.

**هەردووکیان:** بەڵێ، خانم.

**کلەیر زاخاناسیان:** بەڵام لە پێشدا بۆ کادانەکەی پیتەر و ئەمجا بۆ دارستانی کۆنرادسڤایلەر. دەمەوێ لەگەڵ ئەلفرێددا سەردانی شوێنی عەشقە کۆنەکەمان بکەم. لەم نێوەندەدا جانتا و تابووتەکە ببەنە پەیامبەری زێڕینەوە.

**شارەدار:** (حەپەساوە) تابووت؟

**کلەیر زاخاناسیان:** تابووتێکم لەگەڵ خۆم هێنا. لەوەیە پیویستم پێی هەبێ. دەی، ڕۆبی و تۆبی.

(هەردوو پیاوە زەبەلاحە بنێشتجووەکە کلەیر زاخاناسیان بۆ شار هەڵدەگرن. شارەدار ئاماژەیەک دەکات، هەموو پڕ بە گەروویان دەکەونە وتنی دروشمی با بژی، بێگومان بە واقوڕمانەوە دەنگەکە نزم دەبێتەوە، کاتێک دوو خزمەتکار تابووتێکی بەنرخی ڕەش دەهێننە ژوورەوە و بۆ گویلنی هەڵدەگرن. بەڵام لەم کاتەدا زەنگی ئاگر کە هێشتا بە بارمتە نەبراوە دەست بە لێدان دەکا)

**شارەدار:** لە کۆتاییدا! زەنگی ئاگر دەستی بە لێدان کرد!

(خەڵکەکە بە دوای تابووتەکەدا دەڕۆن. کارەکەرەکانی کلەیر زاخاناسیان بە دوایانەوەن بە جانتا و باوڵی بێ کۆتاییەوە، کە دانیشتووانی گویلن هەڵیانگرتوون. پۆلیسەکە هاتوچۆ ڕێک دەخا، دەیەوێ بە دوای ئاپۆرەکەدا بڕوا، بەڵام لە ڕاستەوە دوو پیاوی بچووکی پیر، بە دەنگی نزمەوە دێن و دەستی یەکتریان گرتووە. هەردووکیان بە ڕێکوپێکی جلیان لەبەر کردووە)

**هەردووکیان:** ئێمە لە گویلنین، بۆنی دەکەین، بۆنی دەکەین، لە هەوادا بۆنی دەکەین، لە هەوای گویلندا بۆنی دەکەین.

**پۆلیس:** ئێوە کێن؟

**هەردووکیان:** ئێمە سەر بە خانمە پیرەکەین. بە کۆبی و لۆبی بانگمان دەکات.

**پۆلیس:** زاخاناسیان خان لە پەیامبەری زێڕین دادەبەزێ.

**هەردووکیان:** (خۆشحاڵن) ئێمە کوێرین، ئێمە کوێرین.

**پۆلیس:** کوێر؟ کەواتە هەردووکتان دەبەم بۆ ئەوێ.

**هەردووکیان:** سوپاس، جەنابی پۆلیس، زۆر سوپاس.

**پۆلیس:** (بە سەرسوورمانەوە): ئەگەر کوێرن چۆن دەزانن من پۆلیسم؟

**هەردووکیان:** بە تۆنی دەنگ، بە تۆنی دەنگ. هەموو پۆلیسەکان هەمان تۆنی دەنگیان هەیە.

**پۆلیس:** (بەدگومانە): بەوە دەچێ ئەزموونتان لەگەڵ پۆلیسدا هەبێ، هەی پیاوانی بچووکی قەڵەو.

**هەردووکیان:** (واقیان وڕ ماوە): پیاو، ئەو بە پیاومان دەزانێ!

**پۆلیس:** ئەی چیی تر، بە لەعنەتی شەیتان بن!

**هەردووكیان:** ڕۆژێک دێت بیزانن، ڕۆژێک دێت بیزانن!

**پۆلیس:** (بە سەرسووڕمانەوە)، نا، بە لای کەمەوە هەمیشە ڕووخۆشن.

**هەردووکیان:** هەموو ڕۆژێک کوتلێت و شینکنمان پێ دەدرێ. هەموو ڕۆژێک، هەموو ڕۆژێک

**پۆلیس:** منیش بم دەکەومە هەلەکەسەما، وەرن، دەستتانم بدەنێ. بێگانەکان گەمەیەکی سەیریان هەیە. (لەگەڵیان دەچێتە ناو شارەوە).

**هەردووکیان:** بۆ لای بۆبی و مۆبی، بۆ لای ڕۆبی و تۆبی!

(شانۆ بەبێ دادانەوەی پەردە دەگۆڕێ. دیوارەکانی وێستگە و ئاودەستەکە بەرەو سەرەوە بەرز دەبنەوە. ناوەوەی پەیامبەری زێڕین، تەنانەت دەتوانرێ تابلۆی خواردنگەیەک نەوی بکرێتەوە، فیگورێکی زێڕکەفتی، بە شکۆی پەیامبەرێک، دروشمێک، کە لە ناوەڕاستی پانتاییەکەدا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە. لوکسوسی فەوتاو. هەموو شتێک شڕە، تۆز لە سەریان نیشتووە، شکاون، بۆگەنیان کردووە، ڕزاون، گەچی دیوارەکان وەریون. شارەدار، قەشە و مامۆستا لە ڕاستەوە لە پێشەوە دانیشتوون و مەی دەخۆنەوە و سەیری گواستنەوەی بێ کۆتایی جانتاکان دەکەن، کە مرۆڤ دەبێ لە هۆڵی بینەرانەوە وێنای بکا)

**شارەدار:** جانتا، تەنیا جانتا.

**قەشە:** بە کۆمەڵ. پێشتریش پڵنگێک لە قەفەسێکدا برایە سەرەوە.

**شارەدار:** ئاژەڵێکی ڕەشی وەحشی.

**قەشە:** تابووتەکە.

**شارەدار:** دەبرێتە ژوورێکی تایبەتەوە.

**مامۆستا:** سەیرە.

**قەشە:** ژنە بەناوبانگەکانی دنیا خوو و نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە.

**شارەدار:** کارەکەرەکانی شۆخ و شەنگن.

**مامۆستا:** بەوە دەچێ بیەوێ ماوەیەکی درێژ لێرە بمێنێتەوە.

**شارەدار:** باشتر. ئیل بە پەنجە دەیسوورێنیتەوە. بە پشیلەی کێوی، جادووباز بانگی کرد، ملیۆنانی لێ دەردەهێنێ. بە سەلامەتیتان، مامۆستا. با بۆ ئەوە بخۆینەوە کە کلەیر زاخاناسیان کارگەی بۆکمان چاک دەکاتەوە.

**مامۆستا:** کارەکانی ڤاگنەر.

**شارەدار:** کوخی – گۆڕەپانی بەر هەتاو. پەرەی پێ دەدرێ. هەموو شتێک پەرەی پێ دەدرێ، هەموو شتێک پێش دەکەوێ، هەرێمەکە، دواناوەندییەکە، خۆشگوزەرانیی گشتی.

(بادەکانیان بە یەکدا دەدەن)

**مامۆستا:** زیاتر لە بیست ساڵە مەشقی لاتینی و یۆنانی قوتابیانی گویلن ڕاست دەکەمەوە، بەڵام شارەدار، سەعاتێکە من دەزانم ترس و سام مانای چییە. ترسێنەر، چۆن لە شەمەندەفەرەکە دابەزی، خانمە پیرەکە بە جلە ڕەشەکانییەوە، وەکو پارتسەیەک دێتە بەرچاوم، وەکو ژنە خواوەندێکی چارەنووس، دەبوو ناوی کلۆتۆ بێت نەک کلەیر، مرۆڤ بەو قەناعەتە دەگا، کە ئەو داوی ژیان دەهۆنێتەوە.

(پۆلیسەکە دێت، خودەکەی بە قولاپێکەوە هەڵدەواسێ)

**شارەدار:** لە لامان دانیشن، پۆلیسی چاودێری.

(پۆلیسەکە لە لایان دادەنیشێ)

**پۆلیس:** هیچ خۆشییەکی تێدا نییە لەم هێلانەیەدا کار بکەی. بەڵام ئێستە وێرانەکە دەبووژێتەوە. ئێستە لەگەڵ ژنە ملیاردێرەکە و ئیلی دوکانداردا لە کادانەکەی پیتەر بووم. دیمەنێکی هەژێنەر بوو.

هەردووکیان وەکو لە کڵێسادا بن خەریکی نزا بوون. شەرمم کرد لەگەڵیان بم. کاتێک چوونە ناو دارستانی کۆنڕادسڤایلەرەوە خۆم لێیان دوور خستەوە. نمایشێکی ئاینی ڕاستەقینە بوو. لە پێشەوە دوو پیاوی کوێری قەڵەو لەگەڵ نۆکەرەکەدا، ئەمجا کەژاوەکە، لە پشتیانەوە ئیل و پیاوی حەوتەم بە قولاپی ماسییەوە.

**شارەدار:** بەکاربردنی پیاوانە.

**مامۆستا:** لایسی دووەمە.

**قەشە:** ئێمە هەموو گوناهبارین.

**شارەدار:** من پێم سەیرە، لە دارستانی کۆنڕادسڤایلەردا بە دوای چییدا دەگەڕێن.

**پۆلیس:** بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێن، کە لە کادانەکەی پیتەردا بە دوایدا دەگەڕان، شارەدار. ئەو شوێنانە بە سەر دەکەنەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەشقیان چی پێ دەڵێن –

**قەشە:** سووتا!

**مامۆستا:** کڵپەی سەند! مرۆڤ لێرەدا دەبێ بیر لە شەکسپیر بکاتەوە. ڕۆمیۆ و جولێت. سەروەرانم: من لە ناخەوە هەژاوم. بۆ یەکەم جار هەست دەکەم گویلن کەسایەتییەکی ئەنتیکەی تێدایە.

**شارەدار:** پێش هەموو کەسێک ئێمە بە سەلامەتی ئیل دەخۆینەوە، کە هەر هەوڵێکی لە توانایدا بێت دەیدات، بۆ ئەوەی چارەنووسمان باشتر بکات. سەروەرانم، بە سیحەتی خۆشەویسترین هاوڵاتی شار، ئەوەی بە دوای مندا دێت!

(بادەکانیان بە یەکدا دەدەن)

**شارەدار:** جارێکی تریش هەر جانتا.

**پۆلیس:** چەندە جانتای زۆرە.

پەیامبەرەکەی خواردنەگەکە دیسان بەرەو سەرەوە دەجوولێ. لە چەپەوە چوار هاوولاتی بە تەختەکورسییەکی دانیشتنی ساکار دەهێنن، بنەقوڵی نییە، لە لای چەپ دایدەنێن. یەکەمیان دەچێتە سەر تەختەکە، دڵێکی بە کارتۆن دروستکراوی کردووەتە مل و پیتی ئک لە سەر نووسراوە، ئەوانی تر بە نیوە بازنە لە دەوری دەوەستن، چڵەکان لە یەک دوور دەخەنەوە، درەختەکان نیشانە دەکەن.

**یەکەم:** ئێمە سنەوبەرین، کاژین، سوورەچنارین.

**دووەم:** ئێمە دار سنەوبەری سەوزی تۆخین.

**سێیەم:** قەوزە و مالوێنچەین، بێشەڵانی لاولاوین.

**چوارەم:** بنچک و لانی ڕێوین.

**یەکەم:** ڕۆیشتنی هەور، جریوەی مەل.

**دووەم:** چۆڵەوانی ڕیشەی ئەسڵی ئەڵمانی.

**سێیەم:** قارچکی سوور، ئاسکی سڵکەر.

**چوارەم:** چرپەی چڵ، خەونی کۆن.

(لە پشتەوە دوو زەبەلاحە بنێشتجووەکە دێن، کەژاوەکەی کلەیر زاخاناسیان هەڵگرتووە، ئیل لە تەنیشتییەوەیە. لە پشتیانەوە مێردی حەوتەم و لە دوای دواوە نۆکەرەکە، کە دەستی هەردوو کوێرەکەی گرتووە)

**کلەیر زاخاناسیان:** دارستانی کۆنڕادسڤایلەر، ڕۆبی و تۆبی، ڕاوەستن.

**دوو کوێرەکە:** ڕاوەستن، ڕۆبی و تۆبی، ڕاوەستن، بۆبی و مۆبی.

(کلەیر زاخاناسیان لە کەژاوەکە دادەبەزێ، سەیری دارستانەکە دەکات)

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەلفرێد، ئەو دڵەی کە ناوی تۆ و ناوی منی پێوەیە.

خەریکە کاڵدەبێتەوە و لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە. درەختەکە گەورە بووە، لقەکەی، چڵەکانی وەکو خۆمان ئەستوور بوونە. (دەچێت بۆ لای درەختەکانی تر). گروهێک درەختی ئەڵمانی. لە مێژەوە نەچوومەتە ناو دارستانی گەنجیمەوە، لە مێژەوە بە ناو گەڵای وەریو، بە ناو لاولاوی وەنەوشییدا ڕێم نەکردووە. ئیستە کەمێک بە پشتی دەوەنەکاندا، بە کەژاوەکەوە، بنێشتجووەکان بمگێڕن، نامەوێ ئیتر فەساڵتان ببینم، مۆبی تۆیش، بۆ لای ڕاست بڕۆ بە ئاراستەی چۆمەکە بۆ لای ماسییەکانت.

(دوو زەبەلاحەکە بە کەژاوەکەوە بۆ لای چەپ دەڕۆن. مێردی حەوتەم بۆ لای ڕاست، کلەیر زاخاناسیان لە سەر تەختەکورسییەکە دادەنیشێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** سەیرکە، ئەوە ئاسکە.

(سێیەم کەس ڕا دەکا)

**ئیل:** ئێستە ڕاو قەدەغەیە. (لە لای دادەنیشێ).

**کلەیر زاخاناسیان:** لەسەر ئەم تاشەبەردە یەکمان ماچ کرد. پێش زیاتر لە چل و پێنج ساڵ. لەژێر ئەم دەوەنانەدا بە یەکەوە سێکسمان کرد، لە ژێر ئەو دارەڕەشەدا، لە نێوان قارچکە سوورەکاندا لە ناو قەوزەکەدا. من تەمەنم حەڤدە بوو و تۆیش هێشتا نەبووبوویتە بیست. ئەمجا ماتیلدە بلومهاردت خواست بە دوکانە بچووکەکەیەوە و منیش شووم بە زاخاناسیانی پیری ئەرمەنی کرد بە ملیاردەکانییەوە. لە فاحیشەخانەیەکی هامبورگدا دۆزیمییەوە. قژە سوورەکەم سەرنجی ڕاکێشا، سەرنجی ئەو خاڵخاڵۆکە پیرە زێرینە.

**ئیل:** کلارا!

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی، هنری کلەیم بۆ بهێنە.

هەردوو کوێرەکە: هنری کلەی، هنری کلەی.

(نۆکەرەکە لە پشتەوە دێت، چرووتێکی دەداتێ، بۆی دەدەگیرسێنێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** من حەزم لە چرووتە، لە ڕاستیدا دەبوو چرووتەکەی پیاوەکەم بکێشم، بەڵام متمانەم پێیان نییە.

**ئیل:** لە بەر تۆ ماتیلدا بلومهارتم خواست.

**کلەیر زاخاناسیان:** پارەی هەبوو.

**ئیل:** تۆ گەنج و جوان بوویت. ئاینده هی تۆ بوو. من بەختەوەریی تۆم دەویست. دەبوو دەستبەرداری بەختەوەری خۆم بم.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێستە ئاینده هاتووە.

**ئیل:** ئەگەر لێرە بمایتایەوە، ئەوا وەکو من ماڵوێران دەبووی.

**کلەیر زاخاناسیان:** تۆ ماڵت وێران بووە؟

**ئیل:** دوکاندارێکی نابووت لە شارۆکەیەکی نابووتدا.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێستە من پارەم هەیە.

**ئیل:** لەوەتەی بەجێت هێشتووم من لە دۆزەخدا دەژیم.

**کلەیر زاخاناسیان:** منیش خۆم بوومەتە دۆزەخ.

**ئیل:** من لەگەڵ خێزانەکەمدا دەیگوزەرێنم، کە هەموو ڕۆژێک بە چاومدا دەدات کە هەژارم.

**کلەیر زاخاناسیان:** ماتیلدە گیان بەختەوەری نەکردی؟

**ئیل:** گرینگترین شت ئەوەیە کە تۆ بەختەوەری.

**کلەیر زاخاناسیان:** منداڵەکانت؟

**ئیل:** هیچ هەستێکیان بۆ ئیدیال نییە.

**کلەیر زاخاناسیان:** هەستیان بۆ ئیدیال چەکەرە دەکا.

(ئیل بێدەنگ دەبێ. هەدووکیان لە دارستانی گەنجییان دەڕوانن)

**ئیل:** ژیانێکی بێ مانا دەگوزەرێنم. تەنانەت بە ڕاستی لەم شارۆکەیەش دەرنەچووم. سەفەرێک بۆ بەرلین و سەفەرێک بۆ تێسین، ئاو بێنە و دەست بشۆ.

**کلەیر زاخاناسیان:** سەفەر بۆچی باشە. من جیهان دەناسم.

**ئیل:** لەبەرئەوەی تۆ هەمیشە توانیووتە سەفەر بکەی.

**کلەیر زاخاناسیان:** لەبەرئەوەی جیهان هی خۆمە.

(ئیل بێدەنگ دەبێ و کلەیر جگەرە دەکێشێ)

**ئیل:** ئێستە هەموو شتێک دەگۆڕێ..

**کلەیر زاخاناسیان:** بێگومان.

**ئیل:** (بە خۆ مەڵاسدانەوە) تۆ یارمەتیمان دەدەی؟

**کلەیر زاخاناسیان:** من شارۆکەی گەنجیم لە تەنگانەدا بەجێ ناهێڵم.

**ئیل:** ئێمە چەندان ملیۆنمان پێویستە.

**کلەیر زاخاناسیان:** چەند ملیۆنێکی کەم.

**ئیل:** (بە سەرسامییەوە): پشیلە کێوی! (بە ناخی هەژاوەوە دەدا بە شلکەی ڕانی کلەیردا و دەستی بە ئازارەوە دەگێڕێتەوە).

**کلەیر زاخاناسیان:** ئازاری هەیە. تۆ بە دەستت بە لوولەیەکی قاچە سناعییەکەمدا دا.

(یەکەم کەس پایپێکی کۆن و کلیلێکی ژەنگاوی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەردەهێنێ، بە کلیلەکە لە پایپەکە دەدا)

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەوە دارکونکەرەیە.

**ئیل:** وەکو جاران وایە، کاتێک گەنج و پرکێش بووین، لە ڕۆژانی عەشق و ئەویندا دەچووینە دارستانی کۆنڕادسڤایلەر. هەتاو بەرز بە سەر

سنەوبەرەکـانەوە، سـاجێکی ڕووناک بوو. گـەواڵە هـەورە دوورەکـان و خوێندنی پەپوو لە بێشـەی بنجکەکاندا.

**چوارەم کەس:** کوکوک! کوکوک!

**ئیل:** (بە دەست کـەسـی یەکـەم دەپشکنێ): داری سـارد و با لـەناو چڵـەکاندا، هـاژەیەک وەکـو شــەپۆلی دەریا. وەکـو جـاران، هـەمـوو شـتـێک وەکـو جارانە.

ئەو سێ کـەسـەی خـۆیان کـردووەتە درەخت فـیکە دەکـێشن، قـۆڵ و باسکیان بەرز و نزم دەکەنەوە

**ئیل:** ئەگــەر کـــات ڕابوەســـتـــایە، جــادووبازەکــەم. ژیـان لە یەکـی جــیــا نەدەکردینەوە.

**کلەیر زاخاناسیان:** حەزت دەکرد؟

**ئیل:** تەنیا ئەوە و بەس. خۆشم دەوێی! (دەستی ڕاستی ماچ دەکات). هـەمان دەستی ساردی سپی.

**کلەیر زاخاناسیان:** هەڵەیە. ئەویش سناعییە. لە عاج دروستکراوە.

**ئیل:** (بە تووڕەیەوە دەستی بەردەدا): کلارا، تۆ هەموو شتێکت سناعییە!

**کلەیر زاخاناسیان:** نێزیکەی هەموو شتێک. لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەک لە ئەفغانستان. من تاقە کەس بووم لە لاشە تێکشکاوەکەی فڕۆکەکە هاتمەوە دەرەوە. من ناکوژرێم.

دوو کوێرەکە: نامرێ، نامرێ.

(دەنگی مـۆسـیـقـای براس بەرز دەبێـتـەوە، بە شکۆوە دەژەنرێ. فیگوری پەیامبـەرەکەی خواردنگەکە دیسان نەوێ دەبێتەوە. خـەڵکی گویلن مێز دەهێننە ژوورەوە، پەردەی مێزەکان کەساسانە دڕاون. پەردە، خواردن، مێزێک لە ناوەڕاستدا، مێزێک لە ڕاستەوە و یەکێک لە چەپەوە، هـاوتەریبی بینـەران. قـەشـەکە لـە پشـتـەوە دێت. خـەڵکی

تری گــویلن بـه هوروژم دێنه ژوورەوە، یەکــێکیــان بـه فــانیلـەی وەرزشــەوە. شــارەدار، پزیشک، مــامــۆســتــا، پۆلیس جــارێکی تر دەردەکەونەوە. خـەڵکی گویلن چەپڵـە لێ دەدەن. شارەدار دێت بۆ لای ئەو تـەخـتـەکـورسـیـیـەی کـە کلەیر زاخـانازیـان و ئیلـی لە دەور دانیشتوون، درەختەکان بوونەتەوە بە هاووڵاتیان و چوونەتە پشتەوە)

**شارەدار:** خانمی بەڕێز ئەو تەوژمی چەپڵەیە بۆ ئێوە بوو.

**کلەیر زاخـاناسـیان:** بۆ مـۆسـیـقـای شـارە، شـارەدار. زۆر جـوان دەژەنن و پیشتریش هـەرەمی تیپی جومناستیک زۆر جوان بوو.

(بە ئامـاژەیەکی شـارەدار وەرزشکارەکە خـۆی پێشـانی ئامـادەبوون دەدات)

**کلەیر زاخاناسیان:** من حەزم لەو پیاوانەیە کە فانیلە و پانتـۆڵی کورت لەبەر دەکــەن. ئـەوەندە ســروشــتـی دیارن. جــارێکی تـر وەرزش بکـەن. دەسـتـتـەکانتان بۆ پشتـەوە بجووڵێننەوە، بەڕێز وەرزشـەوان، ئـەمجا شناو بکەن.

(وەرزشـەوانەکە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەبێت)

**کلەیر زاخـاناسـیان:** ئەو مـاسـوولکانە زۆر جـوانن! بە هێـزی بازووی خـۆتان کەستان خنکاندووە؟

(وەرزشکەوانەکە لە کاتی شناودا لەبەر سـەرسووڕمان دەکەوێتە سـەر ئەژنۆ)

**وەرزشـەوان:** خنکاندن؟.

**ئیل:** (بە پێکەنینـەوە) کـلارا گـەمــەیەکی بـێ هاوتای هـەیـە! گـەمــەیـەک هـەتا مردن دەبێ پێی بکەنی، ئەم سـەرنجە پێکەنیناویانە!

**پزیشک:** نازانم! ئەم گاڵتانە مرۆڤ لە ناخەوە دەهـەژێنن.

(وەرزشـەوانەکە دەچێتە پشتـەوە)

**شارەدار:** دەتوانم تاکو مێزەکە لەگەڵتان بێم؟ (کلەیر زاخاناسیان دەبات بۆ مێزەکەی ناوەڕاست، بە ژنەکەی دەناسێنێ). ئەوە ژنەکەمە.

**کلەیر زاخاناسیان:** (بە زەرەبینە یەک چاوەکەی سەیری دەکا). ئەنێت خانی دومەرموت، یەکەمی پۆلەکەمان.

(ئیل ژنەکەی دەهێنێ، لەڕ و لاوازە، دڵی پڕ لە داخە)

**کلەیر زاخاناسیان:** ماتیلدە گیانی بلومهارد. بە بیرم دێتەوە، چۆن لە پشتی دەرگەی دوکانەکەوە خۆت بۆ ئەلفرێد مەڵاس دابوو. لەڕ و لاواز و ڕەنگ زەرد بوویتە، ئازیزەکەم.

**ئیل:** ( بە دزییەوە) پەیمانی ملیۆنانی داوە!

**شارەدار:** (دەیەوێ هەناسە بدات) ملیۆنان؟

**ئیل:** ملیۆنان.

**پزیشک:** پەح.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێستە برسیمە. شارەدار.

**شارەدار:** تەنیا چاوەڕوانی مێردەکەت دەکەین، خانمی بەڕێز.

**کلەیر زاخاناسیان:** پێویست ناکات چاوەڕوان بن. چووە بۆ ڕاوە ماسی و من تەڵاقی لێ وەردەگرم.

**شارەدار:** تەڵاق؟

**کلەیر زاخاناسیان:** مۆبیش پێی سەیر دەبێ. شوو بە ئەکتەرێکی ئەڵمانی دەکەم.

**شارەدار:** بەڵام خۆ خۆتان وتتان کە ژن و مێردێکی بەختەوەرن!

**کلەیر زاخاناسیان:** لە هەموو هاوسەرگیرییەکانمدا بەختەوەر بووم. بەڵام خەونی گەنجیم بوو، لە دێری گویلن مارەم ببڕن. خەونی گەنجانە دەبێت بهێنرێتە دی. شتێکی بە شکۆ دەردەچێ.

(هەموو دادەنیشن. کلەیر زاخاناسیان لە نێوان شارەدار و ئیلدا دادەنیشێ. لە تەنیشت ئیلەوە ژنەکەی دادەنیشێ و لە تەنیشت شارەداریشەوە ژنەکەی. لە دەستە ڕاستەوە لە پشتەوە بە دەوری مێزێکدا مامۆستا، قەشە و پۆلیسەکە دانیشتوون، لە چەپەوە چوار کەسەکە. میوانی شەرەفی تر لەگەڵ ژنەکانییان لە پشتەوە دانیشتوون، لەوێوە لافیتەیەک دەبریقێتەوە: کلێری بەخێر بێی. شارەدار هەڵدەستێ، خۆشی بە ڕووخسارییەوە دیارە، دەستەسڕەکەی لوول داوە و بە پەرداخەیکدا دەدا)

**شارەدار:** خانمی بەڕێز، گویلنە ئازیزەکانم. ئێستە چل و پێنج ساڵە، کە ئێوە شارۆکەکەمانتان بەجێ هێشتووە، کە شازادە هاسۆی نەجیب بینای کردووە، هێندە دڵۆڤان لە نێوان دارستانی کۆنڕادسڤایلەر و شیوی پویکنرید ڕاکشاوە. چل و پێنج ساڵ، زیاتر لە چوار دەیە، کاتێکی زۆرە. لەم نێوەندەدا زۆر شت ڕووی داوە، زۆر شتی تاڵ. دنیا غەمگین بوو و، ئێمەش غەمگین بووین. بەڵام ئێمە، خانمی بەڕێز، کلێرییەکەی خۆمان چەپڵە- هەرگیز ئێوەمان لە بیر نەکردووە. نە تۆ و نە خێزانەکەت. دایکە مەزنە تەندروست باشەکە، کە خۆی بە تەواوی کردە قوربانیی ژن و مێردایەتییەکەی ئیل شتێکی بە گوێدا دەچرپێنێ - بە داخەوە زۆر زوو لە دەستمان چوو، باوکە خاکییەکە، کە لە وێستگەکە بینایەیەکی گرانبەهای دروست کرد و لایەن پسپۆڕان و ناپسپۆڕانەوە زۆر سەردانی دەکرا ئیل شتێکی بە گوێدا دەچرپێنێ  دایک و باوکت هێشتا لە بیرەوەریماندا دەژین، وەکو باشترین و دڵێرترین کەسەکانمان. ئێوە خۆیشتان، خانمی بەڕێز وەکو منداڵیکی قژزەرد ئیل شتێکی بە گوێدا دەچرپێنێ - قژ سووری قژبژ بە ناو ئەو کۆڵانانەی کە بە داخەوە ئێستە پیس و پۆخڵ بوونە کێ ئێوەی نەدەناسی. هەر ئەو کاتە

هەموو كەسێک هەستی بە ئەفسوونی کەسایەتیتان دەکرد، مەزەندەی سەرکەوتنی داهاتووتانیان بۆ بڵندایی سەرگێژکەری مرۆڤایەتی دەکرد. (دەفتەری سەرنجەکانی دەردەهێنێ). ئێوە لە بیر نەکراون. بە ڕاستی. مامۆستاکان ئێستەش وەکو سەرمەشق باسی لێهاتووییتان لە خوێندنگە دەکەن، بە تایبەتی لە وانە هەرە گرینگەکاندا سەرسوورهێنەر بوون، لە ڕووەکناسی و ئاژەڵناسییدا، وەکو هاوسۆزیتان بۆ هەموو بوونەوەرێک، بۆ هەموو ئەو شتانەی پێویستیان بە پاراستنە، حەزتان بۆ دادپەروەریی و هەستتان بۆ چاکە ئەو کاتە سەرسامی خەڵکێکی زۆری دەخرۆشاند. (چەپڵەی زۆر). کلێرییەکەمان خواردنی بۆ بێوەژنێکی پیری هەژار مەیسەر کرد، بەوەی بەو پارەیەی کە دراوسێکان بە زەحمەت پەیدایان کردبوو پەتاتەی کڕی و لە برسا مردنی ڕزگار کرد. بۆ ئەوەی تەنیا یەکێک لە ڕەفتارە بەزەیییەکانی باس بکەین. (چەپڵەیەکی زۆر). خانمی بەڕێز، خەڵکی ئازیزی گویلن، تۆوە ناسکەکانی زەویوزارە بەپیتەکانمان بەهێز چەکەرەیان کردووە، کچە بزێوە قژ سوورە قژ لوولەکە بۆتە خانم، کە چاکەی بە سەر جیهاندا دەڕێژێ، با تەنیا بیر لە کارە سۆسیالەکانی بکەینەوە، با بیر لە نەخۆشخانەی دایکان و شۆربا خێرییەکانی بکەینەوە، لە کۆمەکی هونەرمەندان و باخچەی منداڵان و دەمەوێ ئێستە بۆ ولاتگەڕاوە بانگ بدەم: با بژی، بژی، بژی!

(چەپڵە. کلەیر زاخاناسیان هەڵدەستێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** شارەدار، دانیشتوانی گویلن. خۆشنوودی دڵفراوانتان بۆ سەردانەکەم لە ناخەوە دەمهەژێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا من منداڵێکی تر بووم، وەکو لە وتارەکەی شارەداردا باس کرا، لە خوێندنگە لێم دەدرا و پەتاتەکانم بۆ بۆلی بێوەژن دەدزی، لەگەڵ ئیلدا، نەک بۆ

ئەوەی ئەو کۆنە دەویتە لەوە بپارێزم کە لە برسا بمرێ، بەڵکو بۆ ئەوەی جارێک جارێک لە جاران لە جێخەوێکدا لەگەڵ ئیل پاڵ بکەوم، کە لە دارستانی کۆنرادسڤایلەر یان لە کادانەکەی پیتەر خۆشتر بوو. بەڵام بۆ ئەوەی بەشداری خۆشیتان بکەم، دەمەوێ پێتان بڵێم، کە ئامادەم ملیاردێک پێشکێشی گویلن بکەم. پێنجسەد ملیۆن بۆ شار و پێنجسەد ملیۆن بە سەر هەموو خێزانەکاندا دابەش بکرێ.

(بێدەنگییەکی قووڵ)

**شارەدار:** (لێوی دەلەرزێ): ملیاردێک.

(هەموویان هێشتا لە جێی خۆیان سڕ بوونە)

**کلەیر زاخاناسیان:** بە مەرجێک.

(هەموو دەکەونە شادمانییەکی بێ ئەندازەوە. سەما دەکەن، لەسەر کورسییەکان ڕادەوەستن، وەرزشەوانەکە مەشق دەکا... هتد. ئیل بە سەرسامییەوە دەکەوێتە سنگکوتان)

**ئیل:** کلارا! زێڕین! نایاب! زۆر خۆشە! کتومت جادووبازەکەمە! (ماچی دەکا)

**شارەدار:** خانمی بەڕیز وتی بە مەرجێک. دەتوانم ئەو مەرجە بزانم؟

**کلەیر زاخاناسیان:** دەمەوێ مەرجەکەم بڵێم. من یەک ملیارتان دەدەمێ و بەو پارەیەش دادپەروەریی دەکڕم.

(بێدەنگییەکی قووڵ)

**شارەدار:** خانمی بەڕێز، ئەوە مانای چییە؟

**کلەیر زاخاناسیان:** بەو جۆرەی کە گوتم.

**شارەدار:** بەڵام مرۆڤ ناتوانێ دادپەروەری بکڕێ!

**کلەیر زاخاناسیان:** مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێک بکڕێ.

**شارەدار:** هێشتا هەر تێ ناگەم.

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی وەرە پێشەوە.

(نۆکەرەکە لە ڕاستەوە دێتە پێشەوە و لە نێوان سێ مێزەکە ڕادەوەستێ، چاویلکە ڕەشەکەی لادەبا)

**نۆکەر:** نازانم هیچ کەسێک لە ئێوە ئێستە دەمناسێتەوە.

**مامۆستا:** سەردادوەر هۆفەر.

**نۆکەر:** ڕاستە. سەردادوەر هۆفەر. پێش چل و پێنج ساڵ لە گویلن سەردادوەر بووم ئەمجا چوومە دادگەی تێهەڵچوونەوەی کافیگ، هەتا پیش بیست و پێنج ساڵ خانمی زاخاناسیان پێشنیازی کرد، وەکو نۆکەر لە خزمەتیدا بم. ڕازی بووم. لەوانەیە بۆ یەکێکی ئەکادیمی ڕەوتی پیشەیەکی کەمێک سەیر بێت، بەڵام مووچە پێشنیازکراوەکە ئەوەندە نایاب بوو –

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی، وەرە سەر مەبەست.

**نۆکەر:** وەکو گوێتان لێ بوو، خانمی کلەیر زاخاناسیان ملیاردێک دەدات و لە جیاتیی ئەوە دادپەروەریی دەوێ. بە جۆرێکی تر بیڵێین: خانمی کلەیر زاخاناسیان یەک ملیارد دەدات، ئەگەر ئێوە قەرەبووی ئەو نادادپەروەرییە بکەنەوە، کە بەرامبەر خانمی زاخاناسیان لە گویلن کراوە. جەنابی ئیل. دەتوانم داواتان لێ بکەم.

(ئیل هەڵدەستێتە سەر پێ، ڕەنگ پەڕیو، لە هەمان کاتدا زارەترک و سەرسووڕماو)

**ئیل:** چیتان لە من دەوێ؟

**نۆکەر:** جەنابی ئیل، وەرنە پێشەوە.

**ئیل:** فەرموو. (دەچێتە بەردەم مێزەکەی دەستە ڕاستەوە. بە شەرمەوە پێ دەکەنێ. شان هەڵدەتەکێنێ).

**نۆکەر:** لە ساڵی ١٩١٠دا بوو. لە گویلن سەردادوەر بووم و دەبوو مامەڵەی

سکاڵایەکی باوکـایەتی بکەم. کلەیر زاخـاناسـیـان، ئەو کـاتە کـلارا ڤێشـەر، شکاتی لێکردن، جەنابی ئیل، باوکی منداڵەکەی بن.

(ئیل قسـە ناکات)

**نۆکەر:** ئەو کاتە نکۆڵیتـان لە باوکایەتی کـرد، جـەنابی ئـیل. دوو شـایەتتـان لەگەڵ خۆتان هێنابوو.

**ئیل:** ئەمانە حیکایەتی کۆنن. من گەنج و سـەرچڵ بووم.

**کلەیر زاخاناسیان:** تۆبی و ڕۆبی، کۆبی و لۆبی بهێننە پێشـەوە.

(دوو زەبەلاحـە بنێـشـتـجـووەکـە دوو خـواجـە کـوێرە دەهێنن، کـە بە ئاسـوودەییـەوە دەسـتی یەکـیـان گـرتووە، لە ناوەڕاسـتی تەخـتـەی شانۆکەدا ڕایان دەگرن)

**هەردووکیان:** ئێمە ئامادەین، ئێمە ئامادەین!

**نۆکەر:** جەنابی ئیل، ئەو دووانە دەناسنەوە.

(ئیل قسـە ناکات)

**هەردووکیان:** ئێمە کۆبی و لۆبین، ئێمە کۆبی و لۆبین.

**ئیل:** من نایانناسم.

**هەردووکیان:** ئێمە گۆڕاوین، ئێمە گۆڕاوین.

**نۆکەر:** ناوی خۆتان بڵێن.

**یەکەم:** یاکۆب هوینلاین، یاکۆب هوینلاین.

**دووەم:** لودڤیگ شپار، لودڤیگ شپار.

**نۆکەر:** ئێستە دەڵێن چی بەڕێز ئیل.

**ئیل:** من هیچیان لە بارەوە نازانم.

**نۆکەر:** یاکۆب هوینلاین و لودڤیگ شپار، ئێوە جەنابی ئیل دەناسن؟

**هەردووکیان:** ئێمە کوێرین، ئێمە کوێرین.

**نۆکەر:** بە دەنگی دەیناسنەوە؟

**هەردووکیان:** بە دەنگی، بە دەنگی.

**نۆکەر:** ١٩١٠ من دادوەر بووم و ئێوە شایەت. لە بەردەم دادگەی گویلندا سوێندی چیتان خوارد، لودڤیگ شپار و یاکۆب هوینلاین؟

**هەردووکیان:** گوایە لەگەڵ کلارادا خەوتووین، گوایە لەگەڵ کلارادا خەوتووین.

**نۆکەر:** ئێوە لە بەردەم دادگەدا سوێندی ئەوەتان خوارد، لە بەردەم خوادا. ئەمە ڕاستی بوو؟

**هەردووکیان:** ئێمە بە درۆ سوێندمان خوارد، ئێمە بە درۆ سوێندمان خوارد.

**نۆکەر:** لودڤیگ شپار و یاکۆب هوینلاین بۆچی سوێندی درۆتان خوارد؟

**هەردووکیان:** ئیل دەمی چەور کردین، ئیل دەمی چەور کردین.

**نۆکەر:** بە چی؟

**هەردووکیان:** بە لیترێک شەراب، بە لیترێک شەراب.

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێستە بیگێڕنەوە من چیم لەگەڵکردن، کۆبی و لۆبی.

**نۆکەر:** بیگێڕنەوە.

**هەردووکیان:** خانم بە دواماندا گەڕا، خانم بە دواماندا گەڕا.

**نۆکەر:** وایە. کلەیر زاخاناسیان، بە دواتاندا گەڕا. لە هەموو جیهان. یاکۆب هوینلاین کۆچی بۆ کەنەدا کرد و لودڤیگ شپار بۆ ئوستراليا. بەڵام دۆزیتانییەوە. ئەمجا چی لێکردن؟

**هەردووکیان:** تۆبی و ڕۆبی داینێ. تۆبی و ڕۆبی داینێ.

**نۆکەر:** ئەی تۆبی و ڕۆبی چییان لێکردن؟

**هەردووکیان:** خەساندیانین و کوێریان کردین، خەساندیانین و کوێریان کردین.

**نۆکەر:** ئەمە حیکایەتەکەیە: دادوەرێک، شکاتلێکراوێک، دوو شـایەتی درۆ، حوکمێکی هەڵە لە ساڵی ١٩١٠دا، شکاتکار وا نییە؟

(کلەیر زاخاناسیان هەڵدەستێتە سەر پێ)

**ئیل:** (پێ بە زەویدا دەکوتێ)، کـۆن بووە، هەمـوو شـتێک کـۆن بووە! ئەمـە حیکایەتێکی کۆنی بێ مانایە.

**نۆکەر:** شکایەتکار، منداڵەکە چی بەسەرهات؟

**کلەیر زاخاناسیان:** (بە دەنگی نزم) ساڵێک ژیا.

**نۆکەر:** ئێوە چیتان بەسەرهات؟

**کلەیر زاخاناسیان:** من بوومە لەشفرۆش.

**نۆکەر:** لە بەرچی؟

**کلەیر زاخاناسیان:** حوکمی دادگە منی کردە لەشفرۆش.

**نۆکەر:** ئێستەش دادپەروەریتان دەوێ، کلەیر زاخاناسیان؟

**کلەیر زاخاناسیان:** توانای کڕینی دادپەروەریم هەیە. ملیاردێک بۆ گویلن، ئەگەر یەکێک ئەلفرێد ئیل بکوژێ.

(بێدەنگییەکی قووڵ)

**ئیل خان:** (خۆی دەدا بە سەر ئیلدا، باوەشی پێدا دەکا): فرێدی!

**ئیل:** جادووباز! تۆ ناتوانی داوای ئەوە بکەی! ژیان لە مێژەوە دەگوزەرێ!

**کلەیر زاخاناسیان:** ژیان دەگـوزەرێ، بەڵام من هیـچم لە بیـر نەچووەتەوە، ئیل. نە دارستـانی کۆنرادسڤایلەر، نە کادانەکەی پیتەر، نە ژووری نووستنەکەی بۆلی بێوەژن، نە خیانەتەکەی تۆ. ئێستە هەموومان پیر بووینە، تۆ چەپەڵ و بۆگەن، منیش بە چەقۆی نەشتەرگەرەکان پارچە پارچە کـراوم، ئێـستـە دەمـەوێ پاک و پس بکەین: تـۆ ژیانی خـۆتت هـەڵبـژارد و منت نـاچاری ئەم ژیانە کـرد. تۆ ویســتت کــات لە

دارسـتـانی گـەنجـیـمـاندا ڕابوەسـتێ، پڕ لـە فـەوتان. من کـاتەکـەم ڕاگرتووە و ئێستە داپەروەریم دەوێ، دادپەروەری بە یەک ملیارد.

(شارەدار هەڵدەستێتە سەر پێ، ڕەنگ زەرد، بە شکۆوە

**شارەدار:** خاتوو زاخاناسیان: ئێمە هێشتا لە ئەوروپاین، ئێمە هێشتا کافر نین. من بە ناوی شاری گولنەوە پێشنیازەکە ڕەت دەکەمەوە. بە ناوی مرۆڤایەتییەوە. باشترە بە هەژاریی بمێنینەوە وەکو پەڵەی خوێنمان پێوە بلکێت.

(چەپڵەیەکی زۆر)

**کلەیر زاخاناسیان:** من چاوەڕێ دەکەم.

## دەیمەنی دووەم

(شارۆکەکە تەنیا ئاماژەی بۆ دەکرێ. لە پشتەوە هۆتێلی پەیامبەری زێڕین. لە دەرەوە شـــوورەی دارووخـــاوی هونـەری نوێ. بـاڵکۆن. بە دەسـتـە ڕاسـتـدا نووسـراوێک: دوکـانی ئەلفـرێد ئیل. لە ژێرییـەوە مێزێکی پیس، لە پشتییەوە ڕەفێک شتی کۆنی بەسـەرەوەیە. کاتێ کەسێک بە ناو دەرگە خەیاڵییەکەی دوکانەکەدا تێ دەپەڕێ، زەنگێکی باریک زرینگەی لێوە دێت. لە چەپەوە نووسراوە: پۆلیس. لە ژێرییەوە مێزیکی دارین تەلەفۆنێکی لە سەرە. دوو کورسی. بەیانییـە. ڕۆبی و تۆبی لە چەپەوە دێن و بە دەم بنێشت جووینەوە چەپکە گوڵ و گوڵیان بە دەستەوەیە، وەکو بچن بۆ ناشتنی مردوویەک بە سـەر شانۆکەدا دەچنە پشتـەوە بۆ هۆتێلەکە. ئیل لە پەنجەرەکەوە سـەیریان دەکات. کچەکەی چووەتە سـەر چۆک و زەوییـەکە پاک دەکـاتەوە. کوڕەکەی جگەرەکەی دەخاتە نێوان لێوەکانی.)

**ئیل:** چەپکە گوڵ.

**کوڕەکەی:** هـەموو ڕۆژێک چەپکە گوڵ لە وێستگەکەوە دەهێنن.

**ئیل:** بۆ تابووتە خاڵییەکەی پەیامبەری زێڕین.

**کوڕەکەی:** کەس ناترسێنێ.

**ئیل:** هـەموو خەڵکی شارۆکەکە لە پشتی منە.

(کوڕەکەی جگەرەکە دادەگیرسێنێ)

**ئیل:** دایکت دێت بۆ بەرچایی خواردن؟

**کچەکە:** لە سەرەوە دەمێنێتەوە. گوایە نەخۆشە.

**ئیل:** دایکێکی باشتان هەیە، منداڵان. دەبێ پێتان بڵێم. دایکێکی باش. با لە سەرەوە بمێنێتەوە، با خۆی بپارێزی. ئەمجا بە یەکەوە بەرچایی دەخۆین. لە زووەوە بە یەکەوە بەرچاییمان نەخواردووە. من هێلکە و شینکنی ئەمەریکی باربوو دەکەم. با نەجیبانە بێت. وەکو کاتە خۆشەکان، کە هێشتا گۆڕەپانی بەر هەتاو برەوی هەبوو.

**کوڕەکە:** دەبێ لێم ببووری. (جگەرەکە دەکوژێنێتەوە).

**ئیل:** کارڵ، ناتەوێ لەگەڵ ئێمە نان بخۆی؟

**کوڕەکە:** دەچم بۆ وێستگە. کرێکارێک نەخۆشە. لەوانەیە پێویستیان بە یەکێک هەبێ شوێنی بگرێتەوە.

**ئیل:** کاری ئاسنەڕێگە لەبەر هەتاوی گەرمدا بۆ کوڕەکەی من نەکراوە.

**کوڕەکە:** لە هیچ باشترە. (دەڕوا).

**کچەکە:** (هەڵدەستێتە سەر پێ) بابە، منیش دەڕۆم.

**ئیل:** تۆیش، بو کوێ دەڕۆی، ئەگەر بۆم هەبێ لە کچە خاتوونەکەی خۆم بپرسم؟

**کچەکە:** دەچم بۆ فەرمانگەی کار. لەوانەیە کارێکم بۆ بدۆزنەوە. (دەڕوا).

**ئیل:** (لە ناخەوە هەژاوە): منداڵگەلی باشن، منداڵگەلێکی سەلارن.

(لە باڵکۆنەکەوە چەند ئاوازێکی گیتار دێتە ژوورەوە)

**دەنگی کلەیر:** بۆبی، لاقی چەپم بدەرێ.

**دەنگی نۆکەر:** نایدۆزمەوە.

**دەنگی کلەیر:** لە پشتی گوڵی مارە بڕینەوەیە لەسەر دۆلابەکە.

(یەکەم کڕیار دێت بۆ لای ئیل (یەکەم کەس)

**ئیل:** بەیانیت باش هۆفباوەر.

**یەکەم کەس:** جگەرە.

**ئیل:** وەکو هەموو بەیانییەک.

**یەکەم کەس:** نەک ئەوانە، سەوزەکانم دەوێ.

**ئیل:** گرانترە.

**یەکەم کەس:** بینووسە.

**ئیل:** لەبەر خاتری ئێوە، هۆفباوەر، لەبەر ئەوەش دەبێ پشتی یەکتر بگرین.

**یەکەم کەس:** کەسێک گیتار دەژەنێ.

**ئیل:** یەکێک لە شەلاتییەکانی سینگ – سانگە.

(دوو کوێرەکە لە هۆتێلەکەوە دێنە دەرەوە، قولاپ و داوی ماسی و هەموو ئامرازێکی ماسیگرتنیان پێیە.)

**هەردووکیان:** بەیانیت باش ئەلفرێد، بەیانیت باش.

**ئیل:** بە لەعنەتی شەیتان بن.

**هەردووکیان:** دەچین بۆ ڕاوەماسی، دەچین بۆ ڕاوەماسی. (بە لای چەپدا دەڕۆن).

**یەکەم کەس:** دەچن بۆ چۆمی گویلن.

**ئیل:** بە قولاپی مێردی حەوتەمی.

**یەکەم کەس:** گوایە کێڵگەی توتنەکانی لە دەست داوە.

**ئیل:** ئەوانیش هی ژنە ملیاردێرەکەن.

**یەکەم کەس:** لە جیاتیی ئەوە زەماوەندێکی مەزن دەبێ لەگەڵ مێردی هەشتەمیدا. دوێنێ ئاهەنگی مارەبڕینیان گێڕا.

(کلەیر زاخاناسیان دێتە سەر باڵکۆنەکەی پشتەوە، ڕۆبی لەبەردایە. دەستی ڕاست و پێی چەپی دەجوولێنێتەوە. چەند دەنگێکی کە لە گیتارەکەوە دێن یاوەریی دیمەنی باڵکۆنەکە دەکەن، وەکو گۆرانی

ئۆپرا، بە گوێرەی مانای دەقەکان، ئەمجا ڤالس، ئەمجا پارچە پارچەی سروودی نیشتمانی... هتد)

**کلەیر زاخاناسیان:** من جارێکی تر بە یەکەوە نووسێنراوم. ڕۆبی، مۆسیقای فۆلکلۆری ئەرمەنی.

(میلۆدییەکی گیتار دەبیسترێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** زاخاناسیان لە هەمووی زیاتر حەزی لەم مۆسیقایە بوو. هەمیشە حەزی دەکرد گوێی لێ بگرێ. هەموو بەیانییەک. پیاوێکی کلاسیکی بوو، مەزنێکی پیری دارایی بوو بە کاروانی بێ ئەندازەی کەشتی نەوت و ئەسپی کێبەرکێوە، هێشتا چەندان ملیاردی تریشی هەبوو. تێیدا دەبوو ژنێکی تریش بهێنێ. مامۆستایەکی گەورەی تیۆری و سەما بوو، لە هەموو کارێکی شەیتانانە شارەزا بوو، هەموو شتێک لەوەوە فێر بووم.

(دوو ژن دێن. مەنجەڵی شیرەکانیان دەدەنە ئیل)

**ژنی یەکەم:** شیر، بەڕێز ئیل.

**ژنی دووەم:** مەنجەڵەکەی من، بەڕیز ئیل.

**ئیل:** بەیانیتان باش. لیترێک شیر بۆ هەر یەکێک لەو خانمانە.

(سەری مەنجەڵێک هەڵدەداتەوە و دەیەوێ شیر دەربهێنێ)

**ژنی یەکەم:** شیری ساغ، بەڕێز ئیل.

**ژنی دووەم:** دوو لیتر شیری ساغ، بەڕێز ئیل.

**ئیل:** شیری ساغ. (سەری مەنجەڵێکی تر هەڵدەداتەوە و شیر دەردەهێنێ).

(کلەیر زاخاناسیان بە زەڕەبینە تاکلاییەکەی سەیری سپێدە دەکا)

**کلەیر زاخاناسیان:** بەیانییەکی خۆشی پایزە. تەمێکی تەنک لە کۆڵانەکاندایە، دووکەڵێکی زیوین و بە سەرییەوە ئاسمانێکی وەنەوشەیی شین، وەکو چۆن گراف هۆلک کێشابووی، مێردی

سێیەمم، وەزیری دەرەوە. لە کاتی پشوودا خۆی بە تابلۆکێشانەوە سەرقاڵ دەکرد. تابلۆکانی قێزەون بوون. (بە زەحمەت دادەنیشێ).
گراف سەرتاپای قێزەون بوو.

**ژنی یەکەم:** کەرەیش. دوو سەد گرام.

**ژنی دووەم:** نانی سپیش. دوو کیلۆ.

**ئیل:** میراتی باشتان بۆ ماوەتەوە، خانمەکان، میراتی باش.

**دوو ژنەکە:** بیاننووسن.

**ئیل:** هەمووان لە پێناوی یەک کەسدا. یەک کەس لە پێناوی هەمووواندا.

**ژنی یەکەم:** بایی دوو و بیستیش شکولاتە.

**ژنی دووەم:** چوار و چل.

**ئیل:** ئەویش بنووسم؟

**ژنی یەکەم:** بەڵێ.

**ژنی دووەم:** بەڕێز ئیل، لێرە دەیخۆین.

**ژنی یەکەم:** لای ئێوە خۆشترین شوێنە، بەڕێز ئیل.

(لە پشتەوەی دوکانەکە دادەنیشن و شکولاتە دەخۆن)

**کلەیر زاخاناسیان:** وینستۆنێک. دەمەوێ جارێک مارکەکەی مێردی حەوتەمم تاقیبکەمەوە، ئیستە کە لێی جیابوومەوە، مۆبی داماو، بە جۆش و خرۆشی ڕاوەماسییەوە. بە غەمگینییەوە لە شەمەندەفەری خێرا بۆ پورتوگال دانیشتووە. لە لیشبۆنە یەکێک لە تانکەری نەوتەکانم بۆ بەڕازیل دەبا.

(نۆکەرەکە چرووتێکی دەداتێ، بۆی دادەگیرسێنێ)

**یەکەم کەس:** لە باڵکۆنەکەی دانیشتووە و بەلەزەتەوە قوم لە چرووتەکەی دەدات.

**ئیل:** هەمیشە مارکە زۆر گرانەکان دەکێشێ.

**یەکەم کەس:** پارە بە فیرۆدانە، دەبێ لەبەر مرۆڤایەتی هەژار کەوتوو شەرم بکات.

**کلەیر زاخاناسیان:** (بە دەم چرووتکێشانەوە). سەیرە. بە لەزەتە.

**ئیل:** بە هەڵەدا چووە. هۆفباوەر من کۆنە گوناهبارم، کێ گوناهبار نییە. گەمەیەکی بەدناکی گەنجی بوو کە لەگەڵیم کرد، بەڵام چۆن هەموو داخوازییەکەیان ڕەت کردەوە، خەڵکی گویلن لە پەیامبەری زێڕین، تێکرا، لەگەڵ ئەو کلۆڵییەدا خۆشترین کاژێری ژیانم بوو.

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی، ویسکی. سادە.

(کرپاری دووەم دێت، نەدارا و شپرێو، وەکو هەموو ئەوانی تر (کەسی دووەم)

**کەس دووەم:** بەیانی باش. ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەرم دەبێ.

**یەکەم کەس:** کاتی کەشوهەوای خۆش درێژە دەکێشێ.

**ئیل:** ئەمڕۆ کڕیارم زۆرە. ئەگینا بە درێژایی کاتەکە کەس نایەت و ئێستە چەند ڕۆژێکە بە تەوژم دێن.

**یەکەم کەس:** ئێمە پشتی ئێوە دەگرین. پشتی ئیلەکەی خۆمان. وەک قەڵای قایم.

**ژنەکان:** (بە دەم شکولاتە خواردنەوە)، وەکو قەڵای قایم، بەڕێز ئیل، وەکو قەڵای قایم.

**دووەم کەس:** تۆ خۆشەویستترین کەسایەتیت.

**یەکەم کەس:** گرینگترین.

**دووەم کەس:** لە بەهاردا بۆ شارەدار هەڵدەبژێردرێیت.

**یەکەم کەس:** بە دڵنیاییەوە.

ژنەکـەکـان: (بە دەم شـکولاتە خـوارنـەوە): زۆر دڵنیـا، بـەڕێز ئیل، زۆر دڵنیا.

**دووەم کەس:** مەی.

(ئیل دەست دەبا بۆ ڕەفەکە)

(نۆکەرەکە ویسکی تێ دەکا)

**کلەیر زاخـاناسـیـان:** پیـاوە تـازەکـەم خـەبەر بکەرەوە. مـن حـەز ناکـەم کـە پیاوەکانم ئەوەندە بخەون.

**ئیل:** سێزدە.

**دووەم کەس:** ئەویان نا.

**ئیل:** خۆ تۆ هەمیشە لەوەت دەخواردەوە.

**دووەم کەس:** کۆنیاک.

**ئیل:** بە بیست و سی و پێنجە. کەس ناتوانێ بیکڕێ.

**دووەم کەس:** مرۆڤ دەبێ بە خۆی ڕەوا ببینێ.

(کـچـێکی نیـوە ڕووت بە سـەر شـانۆکـەدا ڕا دەکـات، تۆبی بە دوایەوەیە)

**ژنی یەکەم:** ئەوەی لویزە دەیکا ئابڕووچوونە.

**ژنی دووەم:** (بە دەم شکولاتە خواردنەوە) خۆ لە مۆسـیـقـاژەنە قـژزەردەکەی شـەقامی بێرتۆڵد – شڤارتس مارەی بڕاوە.

(ئیل کۆنیاکەکە دادەگرێ)

**ئیل:** فەرموو.

**دووەم کەس:** تووتنیش. بۆ پایپەکە.

**ئیل:** باشە.

**کەسی دووەم:** تووتنی هاوردە.

(ئێل هەمووی بەیەکەوە دەژمێرێ)

(مێردی هەشتەم دێتە باڵکۆنەکە، ئەکتەری فلیمە، باڵابەرز. باریکەلانە، سمێڵی سوورە، ڕۆبی بەیانیانی لەبەردایە. هەمان ئەکتەری مێردی حەوت دەتوانێ نمایشی بکات)

**مێردی هەشت:** هۆپسی، ئەمە چەند خۆشە: ئێمەی تازە مارە بڕراو، یەکەم بەرچاییمان بە یەکەوە. وەکو خەون وایە. باڵکۆنێکی بچووک، شنینەوەی دارزنجوویەک، خوڕەی حەوزی شارەداریی، چەند مریشکێک بە سەر جادەکەدا ڕا دەکەن، لە شوێنێک چەنەی کەیبانووی ماڵ بە خەمە بچووکەکانیانەوە و لە پشتی سەربانەکانەوە منارەی دێرەکە.

**کلەیر زاخاناسیان:** هۆبی دانیشە، قسە مەکە. من خۆم دیمەنەکە دەبینم، بیرکردەنەوەش لە شتە بەهێزەکانی تۆ نییە.

**دووەم کەس:** ئێستە مێردەکەشی لە سەرەوە دانیشتووە.

**ژنی دووەم:** (بە دەم شکولاتە خواردنەوە) هەشتەم.

**ژنی دووەم:** (بە دەم شکولاتە خواردنەوە) پیاوێکی جوانە، ئەکتەرە. کچەکەم لە فیلمێکی گانگهۆفەردا لە دەوری ڕاوکەردا بینی.

**ژنی یەکەم:** منیش لە دەوری قەشەدا لە فلیمێکی گرەیهام گریندا بینیم.

(مێردی هەشتەم ماچی کلەیر زاخاناسیان دەکا. دەنگی ئاوازی گیتار دێت)

**کەسی دووەم:** مرۆڤ دەتوانێ بە پارە هەموو شتێکی هەبێ. (تف ڕۆ دەکا).

**کەسی یەکەم:** لە لای ئێمە نا. (بە مستەکۆڵە بە سەر مێزەکەدا دەدا).

**ئیل:** بیست و سێ و هەشتا.

**کەسی دووەم:** بینووسە.

**ئیل:** دەمەوێ ئەم هەفتەیە ڕێزپەڕییەک بکەم، بەڵام کە تۆ لە یەکی مانگدا پارەکەم بدەیتێ، کە کۆمەکی بێکارییت بۆ هات.

(کەسی دووەم بەرەو دەرگەکە دەچێ)

**ئیل:** هێلمسبێرگەر!

(دەوەستێ. ئیک دەچێت بۆ لای)

**ئیل:** تۆ پێڵاوی نوێت کڕیوە. پێڵاوی نوێی زەرد.

**کەسی دووەم:** ئێ چییە؟

**ئیل:** (سەیری پێی کەسی دووەم دەکات)، هۆفباوەر تۆیش. تۆیش پێڵاوی تازەت هەیە. (سەیری ژنەکان دەکات، دەچێت بۆ لایان، لە سەرخۆ، بەسام) ئێوەیش. پێڵاوی زەردی نوێ. پێڵاوی زەردی نوێ.

**یەکەم کەس:** من نازانم، بۆچی تۆ ئەمەت لە لا نائاساییە.

**دووەم کەس:** مرۆڤ ناتوانێ هەتا هەتایە بە پێڵاوی کۆنەوە ڕێ بکا.

**ئیل:** پێڵاوی نوێ. چۆن توانیتان پێڵاوی نوێ بکڕن؟

**ژنەکان:** بە قەرز هێناومانن، بەڕێز ئیل، بە قەرز.

**ئیل:** بە قەرز، لە لای منیش بە قەرز شتتان برد. تووتنی باشتر، شیری باشتر، کۆنیاک. بۆچی لە پڕ قەرزاری دوکاندارەکانن؟

**دووەم کەس:** قەرزاری تۆیشین.

**ئیل:** بە چی دەیدەنەوە؟

(بێدەنگی. شمەک لە کڕیارەکان دەگرێ. هەموو هەڵدێن)

**ئیل:** بە چی دەیدەنەوە؟ بە چی دەیدەنەوە؟ بە چی دەیدەنەوە؟ (بە هەڵەداوان دەچێتە پشتەوە).

**مێردی هەشت:** لە شارۆکەکەوە غەڵبە غەلب دێت.

**کلەیر زاخاناسیان:** ژیانی شارۆکە وایە.

**مێردی هەشت:** بەوە دەچێ لەو دوکانەی خوارەوە شتێک ڕوو بدا.

**کلەیر زاخاناسیان:** ڕەنگ بێ شەڕ لەسەر نرخی گۆشت بکەن.

(بەهێز دەنگی ئاوازی گیتار دێت. مێردی هەشت بە تووڕەییەوە لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە)

**مێردی هەشت:** بۆ خاتری خوا، هۆبسی! گوێت لێ بوو؟

**کلەیر زاخاناسیان:** پڵنگە ڕەشەکە. مراندی.

**مێردی هەشت:** (بە سەرسووڕمانەوە): پڵنگی ڕەش؟

**کلەیر زاخاناسیان:** پڵنگی پاشاکەی مەراکیش. دیارییە. لە هۆڵەکە دێ تو دەچێ. پشیلەیەکی گەورەی سامناک چاوەکانی دەتروسکێنەوە.

(پۆلیسەکە لە پاڵ مێزەکەی چەپەوە دادەنیشێ. بیرە دەخواتەوە. لەسەرخۆ و بە ویقار قسە دەکات. لە پشتەوە ئیل دێت)

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی، تۆ دەتوانی خواردنەکە ئامادە بکەی.

**پۆلیس:** ئیل، چیت دەوێ؟ دانیشن.

(ئیل بە پێوە دەمێنێتەوە)

**پۆلیس:** ئێوە هەڵدەلەرزن.

**ئیل:** داوای زیندانیکردنی کلەیر زاخاناسیان دەکەم.

**پۆلیس:** (پایپەکەی پڕ دەکا، لەسەرخۆ دای دەگیرسێنێ). سەیرە. زۆر سەیرە.

(نۆکەرەکە بەرچایی ئامادە دەکا، نامە دەهێنێ)

**ئیل:** وەکو شارەداری ئایندە داوای ئەوە دەکەم.

**پۆلیس:** (گەواڵەیەک دووکەڵ دەر دەکا). هێشتا هەڵبژاردن نەکراوە.

**ئیل:** هەر ئێستە ئەو خانمە دەستگیر بکەن.

**پۆلیس:** واتە دەتانەوێ سکاڵای یاسایی دژی ئەو خانمە تۆمار بکەن، ئاخۆ

دەســـتگیــر دەکـــرێ، ئەوە پۆلیس بڕیاری لێ دەدا. هـیچ تـاوانێکی کردووە؟

**ئیل:** داوا لە دانیشتوانی شار دەکا، من بکوژن.

**پۆلیس:** منیش دەبێ سـووک و سـانا خانمەکە دەستگیر بکەم. (بیرە دەکاتە گلاسەکەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** نامە. ئیکە نامەی ناردووە. نەهرو. پیرۆزبایی دەکەن.

**ئیل:** ئەرکی ئێوەیە.

**پۆلیس:** سەیرە. زۆر سەیرە. (بیرە دەخواتەوە).

**ئیل:** ئەمە سروشتیترین شتی سەر ڕووی زەمینە.

**پۆلیس:** ئیلی ئـازیز، شـتـەکـە ئەوەندە سـروشـتـی نییـە. با بـە هێمنییـەوە لە شتەکە بکۆڵینەوە. خـانمەکە پێشنیـازی ئەوەی بۆ شاری گویلن کرد، ئێوە بۆ ملیاردێک ئێوە خۆتان دەزانن، مەبەستم چییە. ڕاستە، خۆم لەوێ بووم، بەڵام ئەمە هیچ هۆیەک بە دەستی پۆلیسەوە نادات، هیچ ڕێ و شـوێنێک دژی خـانمی کلـەیر زاخـاناسـیـان بگرێتە بەر. ئێـمـە پابەندی یاساین.

**ئیل:** دنەدان بۆ کوشتن.

**پۆلیس:** ئیل، ئاگەدار بە. دنەدان بۆ کوشتن تەنیا کاتێک لە ئارادایە، ئەگەر پێشنیازەکە جیدی بێت، کە ئێوە بکوژرێن. ئەمە ڕوون و ئاشکرایە.

**ئیل:** منیش مەبەستم ئەوەیە.

**پۆلیس:** وایە. مـەبەسـت لە پێـشنیـازەکـە جـیـدی بـووە، لەبەر ئەوە بەهای ملیـاردێک زیادەڕەوییـە، ئێـوە خـۆتان دەبێ ددان بـەوەدا بنێن، بۆ شـتـێکی وا مـرۆڤ هەزار یان لەوانەیە دوو هەزار پێـشنیـاز بکات، بەدڵنیـاییـەوە زیـاتر نا. دەتوانن لەوە دڵنیا بن، لە لایەکی ترەوە ئەوە دەسەلمێنێ، کە پێشنیـازەکە بە جیدی نەبوو، ئەگەر بە جیدیش بێت،

پۆلیس ناتوانێ خانمەکە بە هەند وەر بگرێ، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە شێتە: تێگەیشتی؟

**ئیل:** پێشنیازەکە هەڕەشەم لێ دەکا، پۆلیسی چاودێری، ئەگەر خانمەکە شێت بێت یان نا. ئەمە مەنتقییە.

**پۆلیس:** نامەنتقییە. ناتوانرێ لە ڕێی پێشنیازێکەوە هەڕەشەتان لێ بکرێ، بەڵکو تەنیا لە ڕێی جێبەجێکردنی پێشنیازێکەوە. هەوڵێکی ڕاستەقینەم پێشان بدە، ئەم پێشنیازە جێبەجێ بکات، بۆ نموونە پیاوێک، کە لوولەی تفەنگەکەی کردبێتە تۆ و من خێرا وەکو با دێم. بەڵام کەس نایەوێ ئەم پێشنیازە جێبەجێ بکات، بە پێچەوانەوە. نارەزاییەکە لە پەیامبەری زێڕین زۆر سەرنج ڕاکێش بوو. دەبێ پیرۆزباییتان لێ بکەم. (بیرە دەخواتەوە).

**ئیل:** من ئەوەندە دڵنیا نیم، پۆلیسی چاودێر.

**پۆلیس:** ئەوەندە دڵنیا نین؟

**ئیل:** کڕیارەکانم شیری باشتر، نانی باشتر، جگەرەی باشتر دەکڕن.

**پۆلیس:** دڵتان خۆش بێت! ئەمجا کارەکەت باشتر دەڕوا. (بیرە دەخواتەوە).

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی، پشکی بۆرسەی دوپۆنت بکڕە.

**ئیل:** هێلمەسبێرگەر کۆنیاکی لە لا کڕیم. لەگەڵ ئەوەش چەند ساڵێکە داهاتی نییە و بە شۆربای خێر دەژی.

**پۆلیس:** ئەمرۆ ئێوارە کۆنیاکەکە تاقی دەکەمەوە. لای هێلمەسبێرگەر دەعوەتم. (بیرە دەخواتەوە).

**ئیل:** هەموو پێڵاوی نوێیان لە پێیە. پێڵاوی نوێی زەرد.

**پۆلیس:** ئێوە چیتان دژی پێلاوی نوێ هەیە؟ منیش پێلاوی نوێم لە پێیە. (پێڵاوەکانی پێشان دەدا).

**ئیل:** ئێوەش.

**پۆلیس:** دەبینن.

**ئیل:** زەردیشن. بیرەی پیلسنەریش دەخۆنەوە.

**پۆلیس:** بە لەزەتە.

**ئیل:** پێشتر بیرەی ئێرەتان دەخواردەوە.

**پۆلیس:** زۆر ناخۆش بوو.

(لە ڕادیۆوە دەنگی مۆسیقا دێت)

**ئیل:** گوێتان لێیە؟

**پۆلیس:** چییە؟

**ئیل:** مۆسیقا.

**پۆلیس:** بێوەژنی ڕووخۆشە.

**ئیل:** ڕادیۆیە.

**پۆلیس:** لە لای هاگهۆلتسەوە دێت لە تەنیشتمانەوە. دەبێ پەنجەرەکە دابخا.

(لە دەفتەرەکەی تێبینی دەنووسێ).

**ئیل:** هاگهۆلتسەر ڕادیۆی لە کوێ بوو؟

**پۆلیس:** ئەوە کاروباری خۆیەتی.

**ئیل:** ئەی ئێوە، پۆلیسی چاودێر، پارەی بیرەی پیلسنەر و پێڵاوە نوێیەکانتان بە چی دەدەن؟

**پۆلیس:** کاروباری خۆمە.

(تەلەفۆنی سەر مێزەکە لێ دەدا. پۆلیسەکە هەڵی دەگرێ)

**پۆلیس:** بنکەی پۆلیسی گویلن.

**کلەیر زاخاناسیان:** تەلەفۆن بۆ ڕووسەکە بکە بۆبی، بە پێشنیازەکەی ڕازیم.

**پۆلیس:** باشە. (تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە).

**ئیل:** کڕیارەکانم، بە چی حیسابەکە دەدەن؟

**پۆلیس:** ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە پۆلیسەوە نییە. (هەڵدەستێ و تفەنگەکەی لە پشتی کورسییەکە دەکاتەوە).

**ئیل:** بەڵام پێوەندیی بە منەوە هەیە. بە من حیسابەکە دەدەن.

**پۆلیس:** هیچ مرۆڤێک هەڕەشەتان لێ ناکا. (دەست بە میلهێنانەوەی تفەنگەکە دەکا).

**ئیل:** شار قەرز دەکا. لەگەڵ قەرزەکاندا خۆشگوزەرانی بەرز دەبێتەوە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی خۆشگوزەرانیدا ئەو پێویستییە بەرز دەبێتەوە، من بکوژن. ئەوەندە بەسە خانمەکە لە باڵکۆنەکەی دابنیشێ، قاوە بخواتەوە، چرووت بکێشێ و چاوەڕوان بێت. تەنیا چاوەڕوانیی.

**پۆلیس:** ئێوە چیرۆکی خەیاڵی دەگێڕنەوە

**ئیل:** ئێوە هەموو چاوەڕوانن. (بە سەر مێزەکەدا دەدا).

**پۆلیس:** ئێوە مەیتان زۆر خواردووەتەوە. (تفەنگەکەی ئەمدیو و ئەودیو دەکا). ئا، ئێستە لەسەر پێیە. دەتوانن دڵنیا بن. پۆلیس بۆ ئەوە لە ئارادایە بۆ ئەوەی ڕێز بۆ یاسا دروست بکات، ئاگەداری نەزم بێت، هاووڵاتی بپارێزێ. دەزانێ ئەرکی چییە. لە هەر شوێنێک و لە هەر لایەکەوە بچووکترین گومانی هەڕەشە دەرکەوێ، دەست تێوەوەردەدا، بەڕێز ئیل، دەتوانن متمانەتان بەمە هەبێ.

**ئیل:** (بە دەنگی نزم). بۆچی دانی ئاڵتوونتان لە دەمدایە، پۆلیسی چاودێر؟

**پۆلیس:** ها؟

**ئیل:** دانێکی ئاڵتوونی بریقەداری نوێ.

**پۆلیس:** ئێوە شێتن؟

ئێستە ئیل دەبینێ کە لوولەی تفەنگەکە ئاراستەی ئەو کراوە و لە

سەرخۆ هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە

**پۆلیس:** من کاتم نییە لە بارەی ئەم وڕێنانەوە مشتومڕ بکەم، زەلام. دەبێ بڕۆم. سەگێکی بچووکی ژنە ملیاردێرە سەیرەکە هەڵهاتووە. پڵنگە ڕەشەکە. دەبێ ڕاوی بکەم. تێکڕای شارۆکەکە دەبێ ڕاوی بکەن. (لە پشتەوە دەچێتە دەرەوە)

**ئیل:** من ڕاو دەکەن، من.

**کلەیر زاخاناسیان:** (نامەیەک دەخوێنێتەوە): ئەو دێت، نەخشەکێشی پۆشاک دێت. مێردی پێنجەمم، جوانترین پیاوم. نەخشەی هەموو جلی زەماوەندەکانمی کێشا. ڕۆبی، مێنوێتێک.

(دەنگی مێنوێت لە گیتارێکەوە دێت)

**مێردی هەشت:** بەڵام مێردی پێنجەمت نەشتەرگەر بوو.

**کلەیر زاخاناسیان:** مێردی شەشەمم. (نامەیەکی تر دەکاتەوە). لە خاوەنی وێستێرن – ڕەیلوەی–هوە.

**مێردی هەشت:** (بەسەرسووڕمانەوە): هیچ لەبارەیەوە نازانم.

**کلەیر زاخاناسیان:** مێردی چوارەمم. هەژار کەوتووە. پشکە بازرگانییەکانی هی منن. لە کۆشکی بەکینهام فرویم دا. لەبەر تریفەی مانگی چواردەدا.

**مێردی هەشت:** خۆ ئەوە لۆرد ئیسماعیل بوو.

**کلەیر زاخاناسیان:** بە ڕاستی. هۆبی، ڕاست دەکەی. بە تەواوی خۆی و کۆشکەکەیم لە یۆرکشایر لە بیر کرد. دە کەواتە ئەوە مێردی دووەممە کە دەنووسێ. لە قاهیرە ناسیم. لە ژێر ئەبولهۆلدا ماچی یەکترمان کرد. ئێوارەیەکی سەرنج ڕاکێش بوو. لەوێش مانگی چواردە بوو. سەیرە: هەمیشە مانگی چواردە بوو.

(لە لای ڕاستەوە گۆڕانکاریی دێتە ئاراوە. نووسینی ماڵی شار دێتە

خوارەوە. سێیەم کەس دێت، قاسەی دووکانەکە دەبا، شوێنی مێزی دوکانەکە کەمێک دەگۆڕێ، کە ئێستە دەتوانرێ وەکو مێزی نووسین بە کار بهێنرێ. شارەدار دێت. دەمانچەیەک دەخاتە سەر مێزەکە، دادەنیشێ. لە چەپەوە ئیل دێت. پلانێکی بیناسازیی بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە)

**ئیل:** شارەدار، دەبێ قسەتان لەگەڵدا بکەم.

**شارەدار:** دانیشن.

**ئیل:** لە پیاوەوە بۆ پیاو. وەکو جێنشینتان.

**شارەدار:** فەرموو.

(ئیل ڕادەوەستێ، سەیری دەمانچەکە دەکات)

**شارەدار:** پڵنگەکەی خاتوو خاناسیان هەڵهاتووە. بە ناو دێرەکەدا هەڵدەزنێ. مرۆڤ دەبێ خۆی چەکدار بکات.

**ئیل:** بێگومان.

**شارەدار:** پیاوەکانم ڕاسپارد، چەکیان هەبێ. منداڵەکان لە خوێندنگە دەهێڵرێنەوە.

**ئیل:** (بە بەدگومانییەوە): هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرە.

**شارەدار:** ڕاوی ئاژەڵی کێوی.

(نۆکەرەکە دێت)

**نۆکەر:** خانمی بەڕێز، سەرۆکی بانکی جیهانی، ئێستە لە نیویۆرکەوە بە فڕۆکە گەیشت.

**کلەیر زاخاناسیان:** من کاتی قسەکردنم نییە. با بگەڕێتەوە.

**شارەدار:** چیت لە دڵدایە؟ داخی دڵی خۆت هەڵڕێژە.

**ئیل:** (بە بەدگومانییەوە): مارکەیەکی باشی جگەرە دەکێشن.

**شارەدار:** پێگاسوسی زەرد.

**ئیل:** زۆر گرانە.

**شارەدار:** بایی ئەوە باشە.

**ئیل:** بەڕێز شارەدار شتێکی ترتان دەکێشا.

**شارەدار:** ڕوێسلی پێنج.

**ئیل:** هەرزانترە.

**شارەدار:** تووتنێکی زۆر کەسکونە.

**ئیل:** بۆینباخێکی نوێتان هەیە؟

**شارەدار:** ئاوریشمە.

**ئیل:** پێڵاویشتان کڕیوە؟

**شارەدار:** ناردم لە کالبەرشتاتەوە بۆم بهێنن. سەیرە، لە کوێوە ئەوە دەزانن؟

**ئیل:** لەبەر ئەوە هاتووم.

**شارەدار:** چیتان بە سەرهاتووە؟ ڕەنگتان زەردە. نەخۆشن؟

**ئیل:** دەترسم.

**شارەدار:** ترس؟

**ئیل:** خۆشگوزەرانی بەرز دەبێتەوە.

**شاردەدار:** ئەمە نوێترین شتە بۆ من. ئەگەر وا بێ مایەی دڵخۆشییە.

**ئیل:** من داوای پاراستن دەکەم لە لایەن پۆلیسەوە.

**شارەدار:** های. لەبەر چی؟

**ئیل:** ڕێزدار شارەدار ئەوە دەزانن.

**شارەدار:** بەدگومانن؟

**ئیل:** ملیاردێکیان بۆ سەرم داناوە.

**شارەدار:** بچۆ بۆ لای پۆلیس.

**ئیل:** پۆلیس.

**شارەدار:** ئەمە هێورتان دەکاتەوە.

**ئیل:** دانێکی ئاڵتوون لە دەمی پۆلیسی چاودێریدا دەبریقێتەوە.

**شارەدار:** ئێوە لە بیرتان دەچێ کە لە گویلنن. لە شارێکدا بە نەریتی مرۆڤپەروەرییەوە. گۆیتە لێرە شەوی بە سەربردووە. برامس ئاوازی چوارینەیەکی داناوە. ئەم بەهایانە دەبنە ئەرکی سەرشان.

(لە چەپەوە پیاوێک دەردەکەوێ تایپڕایتەرێکی بە دەستەوەیە سێیەم کەس)

**پیاوەکە:** تایپڕایەرێکی نوێ، بەڕێز شارەدار. مارکەی ڕێمینگتنە.

**شارەدار:** بیبە بۆ نووسینگە.

(پیاوەکە بە لای ڕاستدا دەڕوا)

**شارەدار:** ئێمە شایانی ناسوپاسگوزاریت نین. ئەگەر متمانەتان بە دەڤەرەکەمان نییە، ئەوا دڵم پێتان دەسووتێ. من چاوڕەوانی ئەم هەنگاوە هیچگەراییە نەبووم. خۆ ئێمە لە دەوڵەتی یاسادا دەژین.

(لە لای چەپەوە دوو کوێرەکە بە قولاپی ماسیگرتنەوە دێن، دەستیان لە دەستی یەکتردایە)

**هەردووکیان:** پڵنگەکە ئازاد بووە، پڵنگەکە ئازاد بووە! (هەڵدەبەزنەوە): گوێمان لە مرەی بوو، گوێمان لە مرەی بوو! (بە هەڵەقوونێ دەچنە ناو پەیامبەری زێڕینەوە). دەچین بۆ لای هۆبی و بۆبی، بۆ لای تۆبی و ڕۆبی. (لە ناوەڕاستەوە بەرەو پشتەوە شانۆ بەجێ دەهێڵن).

**ئیل:** دە خانمەکە بگرن.

**شارەدار:** سەیرە. زۆر سەیرە.

**ئیل:** پۆلیسی چاودێریش وای وت.

**شارەدار:** خوا خۆی دەزانێ ڕەفتاری خانمەکە مایەی تێگەیشتنە. ئێوە دوو کوڕتان دنە دا لە بەردەم دادگەدا سوێندی درۆ بخۆن و کچێک تووشی نەگبەتییەکی پەتی بکەن.

**ئیل:** شارەدار، ئەم نەگبەتییە پەتییە چەند ملیاردێک دەگەیەنێ.

(بێدەنگی)

**شارەدار:** با بە ڕاشکاوی بە یەکەوە قسە بکەین.

**ئیل:** تکاتان لێ دەکەم.

**شارەدار:** لە پیاوەوە بۆ پیاو، وەکو خۆتان داواتان کرد. ئێوە مافی مۆراڵیی ئەوەتان نییە، داوای گرتنی خانمەکە بکەن، وەکو شارەداریش ئێوە ڕەچاو ناکرێن. بە داخەوەم دەبێ ئەوەتان پێ بڵێم.

**ئیل:** بە فەرمی؟

**شارەدار:** بە ڕاسپاردەی حیزبەکان.

**ئیل:** تێ دەگەم.

(بە لای چەپدا بەرەو پەنجەرەکە دەڕوا، پشت لە شارەدار دەکا، سەیری دەرەوە دەکا)

**شارەدار:** کە ئێمە پێشنیازی خانمەکە مەحکوم دەکەین، مانای ئەوە نییە، کە ئێمە تاوانەکە پەسەند دەکەین، کە بوونە هۆکاری ئەم پێشنیازە. بۆ پێگەی شارەدار هەندێ داواکاریی دیاریکراوی سروشتی ئەخلاقی هەن، کە ئێوە ئیتر ناتوانن جێبەجێیان بکەن، دەبێ ئەمە ببینن. کە ئێمە هەمان ڕێزی زۆر و میهرەبانیمان بۆتان هەیە وەکو پێشووتر جێی گومان نییە.

(لە ڕاستەوە جارێکی تر ڕۆبی و تۆبی دێن و گوڵ و چەپکە گوڵ و بەدەستەوەیە و بە سەر شانۆکەدا ڕێ دەکەن و دەچنە ناو پەیامبەری زێڕینەوە)

**شارەدار:** باشترە لە هەموو شتەکان بێدەنگ بین. داواشم لە پەیامی گەل کرد، هیچ شتێک لەم بارەیەوە بڵاو نەکەنەوە.

**ئیل:** (ڕوو دەکاتەوە شاردەدار): شارەدار! وا خەریکن تابووتەکەم دەڕازێننەوە. بۆ من بێدەنگی مەترسیدارە.

**شارەدار:** بەڵام بۆچی، ئیلی ئازیز؟ دەبێ سوپاسگوزار بن، کە پەردەی بیرچوونەوە بە سەر ڕیسواییە قێزەونەکەدا دەدەین.

**ئیل:** ئەگەر قسە بکەم، هێشتا هەلێکم هەیە، قوتار ببم.

**شارەدار:** ئەمە چڵەپۆپەیە! کێ دەبێ بۆ ئێوە مەترسی بێت؟

**ئیل:** یەکێک لە ئێوە.

**شارەدار:** (هەڵدەستێتە سەر پێ): گومان لە کێ دەکەن؟ ناوەکەیم پێبڵێن و من لە کەیسەکە دەکۆڵمەوە. بەبێ لێبووردن.

**ئیل:** لە هەمووتان.

**شارەدار:** دژی ئەم بوختانە بە ناوی شارەوە بەشکۆوە ناڕەزایی دەر دەبڕم.

**ئیل:** کەس نایەوێ بمکوژێ، هەموو کەسێک ئومێدی ئەوەی هەیە، یەکێک بمکوژێ و یەکێک هەر جارێک دەمکوژێ.

**شارەدار:** ئێوە خێو دەبینن.

**ئیل:** نەخشەیەک بە دیوارەکەوە دەبینم. شارەوانی نوێ؟ (پەنجە بە نەخشەکەدا دەدا)

**شارەدار:** خوای گەورە، خۆ مرۆڤ بۆی هەیە پلان دابنێ.

**ئیل:** ئێوە ڕەملی مردنم لێ دەدەن.

**شارەدار:** پیاوی ئازیز، ئەگەر من وەکو سیاسی ئیتر مافی ئەوەم نەبێ بڕوا بە ئایندەیەکی باشتر بکەم، بەبێ ئەوەی یەکسەر بیر لە تاوانێک بکەمەوە، واز دەهێنم، دەتوانن دڵنیا بن.

**ئیل:** ئێوه حوکمی مەرگمتان بە سەردا داوم.

**شارەدار:** بەڕێز ئیل!

**ئیل:** (بە دەنگی نزم): پلانەکە دەیسەلمێنێ! دەیسەلمێنێ!

**کلەیر زاخاناسیان:** ئۆناسیس دێت. دۆق و ژنەدۆق. ئاغا.

**مێردی هەشت:** عەلی؟

**کلەیر زاخاناسیان:** هەموو خەڵکی کەنار.

**مێردی هەشت:** ڕۆژنامەوانەکان؟

**کلەیر زاخاناسیان:** لە هەموو جیهانەوە. لە هەرچ شوێنێک شوو بکەم، هەمیشە میدی لەوێیە. من پێویستم پێیانە و ئەوان پێویستیان بە منە. (نامەیەکی تر دەکاتەوە). لە هۆلک بەگەوە.

**مێردی هەشت:** هۆپسی، بە ڕاستی دەبێ لە یەکەم خواردنی هاوبەشمان نامەی مێردەکانی پێشووت بخوێنیتەوە؟

**کلەیر زاخاناسیان:** نامەوێ سەرەداوەکان لە دەست بدەم.

**مێردی هەشت:** (بە غەمگینییەوە): منیش گیروگرفتم هەیە. (هەڵدەستێتە سەر پێ، بۆ خوارەوە سەیری شارۆکەکە دەکات).

**کلەیر زاخاناسیان:** پۆرشەکەت ئیش ناکات؟

**مێردی هەشت:** ئەم شارۆکەیە دڵم تەنگ دەکا. ڕاستە دار زنجووەکە دەشنێتەوە، مەلەکان دەخوێنن، حەوزەکە خوڕەی دێت، بەڵام پێش نیو سەعاتیش هەر وایان دەکرد. هەر هیچیش ڕوو نادات، نە لە سروشت و نە لە دانیشتوانەکەدا. هەموو شتێک ئاسوودەییەکی، تێریی و تەمەڵییەکی قووڵ و بێ نەوایە. نە گەورەیی هەیە، نە تراجیدیا. دیاریکردنی نەریتی سەردەمێکی گەورەی نوقسانە.

(قەشەکە لە ڕاستەوە دێت، تفەنگێکی لە شان کردووە، لەسەر ئەو

مێزەی پێشووتر پۆلیسەکە دانیشتبوو پەڕۆیەکی سپی بە خاچێکی ڕەشەوە دەکاتەوە، تفەنگەکەی دەخاتە سەر دیواری هۆتێلەکە. فەقێکە یارمەتی قەشەکە دەدات جبەکەی لەبەر بکات)

**قەشە:** ئیل، وەرە ژوورەوە بۆ ناو ژووری مجێور.

(ئیل لە چەپەوە دێت)

**قەشە:** ئێرە تاریکە، ساردیشە.

**ئیل:** نامەوێ وەڕستان کەم، بەڕێز قەشە.

**قەشە:** ماڵی خوا بۆ هەموو کەسێک کراوەیە. (هەست بە نیگای ئیل دەکا کە بڕیویەتیە تفەنگەکە). سەرتان لە تفەنگەکە سوورنەمێنی. پڵنگە ڕەشەکەی خاتوو زاخاناسیان بەرەڵایە. لێرە لە سەربان، ئەمجا لە دارستانی کۆنڕادسڤایلەر و ئێستاش لە کادانی پیتەردا.

**ئیل:** من بە دوای کۆمەکدا دەگەڕێم.

**قەشە:** یارمەتی بۆچی؟

**ئیل:** دەترسم.

**قەشە:** ترس؟ لە کێ؟

**ئیل:** لە مرۆڤەکان.

**قەشە:** کە مرۆڤەکان ئێوە دەکوژن، ئیل؟

**ئیل:** وەکو ئاژەڵێکی کێوی ڕاوم دەکەن.

**قەشە:** مرۆڤ نابێ لە مرۆڤ بترسێ، بەڵکو دەبێ لە خوا بترسێ، نابێ لە مردنی جەستە بترسێ، بەڵکو دەبێ لە مردنی ڕۆح بترسێ. فەقێ، جبەکە لە پشتەوە داخە.

(لە هەموو شوێنێک بە پاڵ دیوارەکانی شانۆوە دانیشتوانی گویلن دەر دەکەون، یەکەم جار پۆلیسەکە، شارەدار، چوار کەسەکە،

تابلۆکێشەکە، مامۆستا، سەیری دەوروبەر دەکەن، تفەنگەکان هێنرانەتە سەرپێ، بە ئەسپایی دێن و دەچن)

**ئیل:** پێوەندیی بە ژیانی منەوە هەیە.

**قەشە:** پێوەندیی بە ژیانی جاویدانتانەوە هەیە.

**ئیل:** خۆشگوزەرانی بێدار دەبێتەوە.

**قەشە:** ئەوە شەیتانی ویژدانتانە.

**ئیل:** خەڵکەکە ئاسوودەن. کچەکان خۆیان دەڕازێننەوە. کوڕەکان کراسی ڕەنگین لەبەر دەکەن. شار خۆی بۆ ئاهەنگی کوشتنم ئامادە دەکات، منیش لە دڵەخورپێدا دادەڕزێم.

**قەشە:** شتێکی باشە، تەنیا شتێکی باشە، ئەوەی ئێستە پێوەی دەتلێنەوە.

**ئیل:** دۆزەخە.

**قەشە:** دۆزەخ لە ناختاندایە. ئێوە لە من گەورەترن و لەو بڕوایەدان مرۆڤ دەناسن، بەڵام مرۆڤ تەنیا خۆی دەناسێ. لەبەرئەوەی لەبەر پارە خیانەتتان لە کچ کرد، جارێکیان پێش چەندان ساڵ، لەو بڕوایەدان مرۆڤەکانیش لەبەر پارە خیانەت لە ئێوە دەکەن. ئێوە خۆتان بە ڕووی خۆتان و ئەوانی تردا دادەخەن. ئەوە زۆر ئاساییە. هۆکاری ترس لە دڵماندایە، لە گوناهەکانماندایە: ئەگەر هەست بەوە بکەن، بە سەر ئەو شتەدا سەردەکەون کە ئازارتان دەدات، چەکتان دەدرێتێ، بۆ ئەوەی ئەمە لە توناتاندا بێت.

**ئیل:** خێزانی سیمەتهۆفەر مەکینەی جلشتنیان کڕیوە.

**قەشە:** حەقتان بەسەرەوە نەبێت.

**ئیل:** بە قەرز.

**قەشە:** بیر لە جاویدانی ڕوحتان بکەنەوە.

**ئیل:** خێزانی شتۆکەر تەلەڤزیۆنیان کڕیوە.

**قەشە:** نوێژ بکەن. فەقێ ملپێچەکە بهێنە.

(فەقێکە ملپێچەکە بە ملی قەشەوە دەپێچێ)

**قەشە:** بە ناو ویژدانتاندا بگەڕێن. ڕێی پەشیمانیی بگرنە بەر، ئەگینا دنیا هەمیشە و دووبارە ئاگر لە ترستان هەڵدەسێنێتەوە. ئەمە تاقە ڕێگەیە. ئێمە هیچی ترمان لە تواناادا نییە.

(بێ دەنگی. پیاوەکان بە تفەنگەکانیانەوە ون دەبن. سێبەر بە کەنارەکانی شانۆوە. زەنگەکە دەزرنگێتەوە)

**قەشە:** ئێستە دەبێ کارەکەی خۆم جێبەجێ بکەم، ئیل، دەبێ منداڵێک پیرۆز بکەم. فەقێ، ئینجیل، نزا و دوعا، کتێبی گۆرانی پیرۆز. منداڵەکە دەست بە قیژە دەکا، دەبێ ببرێتە شوێنێکی دڵنیاوە، بۆ بەردەم ئەو تاقە تروسکاییەی کە دنیا ڕووناک دەکاتەوە.

(زەنگی دووەم دەزرنگێتەوە)

**ئیل:** زەنگی دووەم؟

**قەشە:** دەنگەکە زۆر نایابە. وانییە؟ پڕ و بەهێز. ئەرێنی، تەنیا ئەرێنی.

**ئیل:** (هاوار دەکا) ئێوەش قەشە! ئێوەش!

**قەشە:** (خۆی بۆ ئیل هەڵدەدا و باوەشی پێدا دەکا): ڕاکە! ئێمە لاوازین، مەسیحی و کافر. ڕاکە، زەنگ لە گویلن گرمەی دێت، زەنگی خیانەت. ڕاکە، فریومان مەدە بەوەی بمێنیتەوە.

(دوو فیشەک دەتەقێنرێ. ئیل دەکەوێتە سەر زەوی. قەشە لە لایەوە هەڵدەترووشکێ)

**قەشە:** ڕاکە! ڕاکە!

(ئیل هەڵدەستێتەوە، تفەنگەکەی قەشە دەبا، بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** بۆبی، تەقە دەکرێ.

**نۆکەر:** بە ڕاستی، خانمی بەڕێز.

**کلەیر زاخاناسیان:** لە بەرچی؟

**نۆکەر:** پڵنگەکە بەرەڵا بووە.

**کلەیر زاخاناسیان:** بەرگوللە کەوتووە؟

**نۆکەر:** لە بەردەم دوکانەکەی ئیلدا بە مردوویی کەوتووە.

**کلەیر زاخاناسیان:** بە داخەوە بۆ ئەو حەیوانە. ڕۆبی، مارشێکی ماتەمینی.

(مارشی ماتەمینی بە گیتار لێ دەدرێ)

**نۆکەر:** خانمی بەڕێز خەڵکی گویلن کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی هاوخەمی خۆیانتان بۆ دەربڕن.

**کلەیر زاخاناسیان:** با بیکەن.

(نۆکەرەکە دەڕوا. لە ڕاستەوە مامۆستا لەگەڵ کۆراڵە تێکەڵەکەدا دێت)

**مامۆستا:** خانمی بەڕێزی هێژا.

**کلەیر زاخاناسیان:** مامۆستای گویلن چیتان دەوێ؟

**مامۆستا:** ئێمە لە مەترسییەکی گەورە ڕزگار کراین. پڵنگە ڕەشەکە بە ناو کۆڵانەکانماندا تەراتێنی دەکرد و بەدبەختی دەهێنا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەناسەی ڕزگاربوون دەدەین، غەمگینین بۆ مردنی حەیوانێکی دانسقەی بەنرخ. جیهانی حەیوان هەژارتر دەبێ لەو شوێنەی مرۆڤ دەژی. ئێمە بە هیچ جۆرێک چاو لەو تەنگژە تراجیدییە داناخەین. لەبەر ئەوە دەمانەوێ کۆراڵێک بڵێین، لاوکێکی ماتەمینی، خانمی بەڕێز، هاینریش شویتس ئاوازەکەی داناوە.

**کلەیر زاخاناسیان:** باشە، ئەو لاوکی ماتەمینییە بڵێن.

(مـامـۆسـتـا دەست بە مـایسـتـرۆیی دەکـات. لە ڕاسـتـەوە ئـیل بە تفەنگێکەوە دێت)

**ئیل:** بێدەنگ بن!

(خەڵکی گویلن بێدەنگ دەبن)

**ئیل:** ئەم گۆرانی ماتەمینییە! لە بەرچی ئەم گۆرانی ماتەمینییە دەڵێن؟

**مامۆستا:** بەڵام بەڕێز ئیل، لەبەر مەرگی پڵنگە ڕەشەکە –

**ئیل:** ئێوە بۆ مەرگی من پرۆڤەی ئەم گۆرانییە دەکەن، بۆ مەرگی من!

**شارەدار:** بەڕێز ئیل، دەبێ زۆر تکات لێ بکەم.

**ئیل:** لێرە ماڵتان بپێچنەوە و بڕۆن! بۆ ماڵەوە ملتان بشکێنن!

(خەڵکی گویلن دوور دەکەونەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** هۆبی، کەمێک بە پۆرشەکەت بچۆ دەرەوە.

**مێردی هەشت:** بەڵام هۆبسی –

**کلەیر زاخاناسیان:** ونبە لە بەرچاوم.

(مێردەکەی دەڕوا)

**ئیل:** کلارا!

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەلفرێد! بۆچی خەڵکی وەڕس دەکەی؟

**ئیل:** کلارا، من دەترسم.

**کلەیر زاخـاناسـیـان:** بەڵام ئەمە مـیـهرەبـانـیی خۆتـە. من حەزم لەم گـۆرانـیـیـە بەردەوامـە نـیـیـە. هـەر لـە قـوتـابـخـانـەش ڕقـم لـێی دەبـووەوە. ئەلفـرێد، هێـشـتـا لە بیـرتە، کە بۆ دارسـتـانی کـۆنراد سـوایلـەر ڕامـان دەکـرد، کـاتێ کـۆراڵە تـێکەڵەکـە لە گـۆڕەپـانی شـارەوانـی پرۆڤـەیان دەکـرد و مۆسیقای براسیان دەژەنی؟

**ئیل:** کلارا. بڵێ کە تۆ گەمەی کۆمیدی دەکەی، کە هەموو ئەم شـتانە ڕاست

نین، کە تۆ داوای دەکەی. دە بیڵێ!

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەلفرێد، چەند سەیرە. ئەم بیرەوەرییانە. منیش لە باڵکۆنێک بووم، ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار یەکترمان بینی، وەکو ئێستە ئێوارەیەکی پایز بوو، هەوا نەدەجوولا، تەنیا جاروبار خشەیەک لە درەختەکانی پارکی شارەوە دەهات، گەرم، لەوانەیە وەکو ئێستە چۆن گەرمە، بەلام لەم دواییەدا هەمیشە سەرمامە. تۆیش لەوێ وەستابووی و بۆ سەرەوە سەیری منت دەکرد، هەمیشە. من شەرمم دەکرد و نەم دەزانی چی بکەم. دەمویست بچمە ژوورە تاریکەکەوە و نەم دەتوانی.

**ئیل:** من تووشی دڵەڕاوکێ بووم. من هەموو شتێکم لە توانادایە. کلارا ئاگەدارت دەکمەوە. من ئامادەی هەموو کارێکم، ئەگەر ئێستە نەڵێی، کە هەموو شتێک تەنیا گەمەیە. گەمەیەکی دژوار. (ڕووی تفەنگەکە دەکاتە کلەیر).

**کلەیر زاخاناسیان:** تۆیش لەوە زیاتر نەڕۆیشتی، لە خوارەوە لە جادەکە. تۆ بۆ سەرەوە چاوت تێبڕیم، نێزیکە توورە، نێزیکە بەد، وەکو بتەوێ ئازارم پێ بگەیەنی، لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانت پڕ بوون لە خۆشەویستی.

(تفەنگەکە نزم دەکاتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** دوو کوڕیش لە تەکتەوە وەستابوون، کۆبی و لۆبی. زەردەخەنە گرتیانی، کاتێ بینییان، تۆ چۆن بۆ سەرەوە چاوت تێبڕیوم. ئەمجا باڵکۆنەکەم بەجێ هێشت و هاتمە خوارەوە بۆ لات. تۆ سلاوت لێ نەکردم، تەنیا وشەیەک چییە قسەت لەگەڵ نەکردم، بەلام دەستت گرتم و لە شارۆکەکە دەرچووین، چووینە ناو کێڵگەکانەوە و دوو سەگ بە دوامانەوە بوون، کۆبی و لۆبی. ئەمجا

بەرددت لە زەوی هەڵگرت و تێت گرتن و ئەوان بە دەم قـروسکەوە بۆ شار گەڕانەوە و ئێمە بە تەنیا ماینەوە.

(لە دەستە ڕاستەوە لە پێشەوە نۆکەرەکە دێت)

**کلەیر زاخـاناسیـان:** بۆبی، بمبـە ژوورەوە. دەبێ فـەرمـانێکت پێ بدەم. دەبێ ملیاردێک بگوازمەوە.

(نۆکەرەکە دەیباتە ژوورەوە)

(لە پشتەوە کۆبی و لۆبی بە قەڵەمباز دێنە ژوورەوە)

**هەردووکیان:** پڵنگە ڕەشەکە مرد، پڵنگە ڕەشەکە مرد.

باڵکۆنەکـە دیار نامێنێ. دەنگی زەنگ دێ. شـانۆکە وەکـو سـەرەتای پەردەی یەکەمی لێ دێتەوە. وێستگەکە. تەنیا پلانی سەفەری سەر شوورەکە تازەیە، نەدڕاوە و لە شـوێنێک پلاکاتێک بە خۆرێکی زەردی درەوشـاوە هـەڵواسـراوە: سـەفـەر بکەن بۆ باشـوور؛ هەروەها: لە ئامـەرگـاو سـەردانـی یارییـە بە هـەست و سـۆزەکـان بکەن. لە پشـتـیـشـەوە چەند کـرەینێک و هـەروەها سـەربانی نوێ دەبینرێ. دەنگی گرمـەئاسا، زەویکوتینەوە ئاسای شـەمـەندەفـەرێکی خێرا کە بەوێدا تێ دەپەڕێ. لە بەردەم وێسـتگەکـەدا چاودێری سکەی شـەمـەندەفـەر سڵاو دەکات. لە پشـتـەوە ئیل بە جانتـایەکی بچـووکی کۆنەوە دێت، سـەیری دەوروبەر دەکات، لە سەرخۆ، وەکو بە ڕێکەوت، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی گویلن دێن، ئیل دوودڵە، ڕادەوەستێ.

**شارەدار:** ئیل، سڵاوی خوات لێ بێت

**هەموو:** سڵاوی خوا!

**ئیل:** (بە دوودڵییەوە): سڵاوی خوا.

**مامۆستا:** بەم جانتایەوە بۆ کوێ دەچی؟

**هەموو:** بۆ کوێ دەچی؟

**ئیل:** بۆ وێستگە.

**شارەدار:** ئێمەش لەگەڵت دێین!

**یەکەم کەس:** ئێمەش لەگەڵت دێین!

**دووەم کەس:** ئێمەش لەگەڵت دێین!

(هەمیشە زیاتر خەڵکی گویلن دەر دەکەون)

**ئیل:** پێویست ناکات، بە ڕاستی پێویست ناکات. شایانی ئەوە نییە.

**شارەدار:** ئیل، ئێوە سەفەر دەکەن؟

**ئیل:** من سەفەر دەکەم.

**پۆلیس:** بۆ کوێ؟

**ئیل:** نازانم. بۆ کالبەرشتات و ئەمجا لەوێوە –

**مامۆستا:** ئاوها ئەمجا لەوێوە.

**ئیل:** باشترین شت ئەوەیە بۆ ئوستراليا. هەرچی چۆنێک بێت پارەکە پەیدا دەکەم. (دیسان بەرەوە وێستگەکە دەڕوا).

**کەسی سێیەم:** بۆ ئوستراليا!

**چوارەم کەس:** بۆ ئوستراليا!

**نیگارکێش:** بۆچی؟

**ئیل:** (بەشەرمەوە) مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە لە هەمان شوێن بژی بە درێژایی ڕۆژ و ساڵ.

(دەست بە ڕاکردن دەکات، دەگاتە وێستگەکە. ئەوانی تر بە کاوەخۆ بە دوایدا دەڕۆن، دەوری دەدەن)

**شارەدار:** بۆ ئوستراليا کۆچ دەکەی. ئەمە مایەی پێکەنینە.

**دکتۆر:** بۆ ئێوەش مەترسیدارترین شوێنە.

**مامۆستا:** یەکێک لە دوو خەسێنراوە بچووکەکەش بۆ ئوستراليا کۆچی کرد.

**پۆلیس:** لێرە لە دڵنیانترین شوێنی.

**هەموو:** دڵنیاترین، دڵنیاترین.

(ئیل وەکو ئاژەڵێکی ڕاونراو بە ترسەوە سەیری دەوروبەر دەکات)

**ئیل:** (بە دەنگی نزم): نامەیەکم بۆ فەرمانڕەوای میری لە کافیگن نووسی.

**شارەدار:** ئەمجا چییە؟

**ئیل:** وەڵام نەبوو.

**مامۆستا:** بەدگومانیتان مایەی تێگەیشتن نییە.

**پزیشک:** کەس نایەوێ بتان کوژێ.

**هەموو:** هیچ کەس، هیچ کەس.

**ئیل:** پۆست نامەکە نانێرێ.

**نیگارکیش:** مەحاڵە.

**شارەدار:** فەرمانبەری پۆست ئەندامی ئەنجوومەنی شارە.

**مامۆستا:** پیاوێکی نەجیبە!

**یەکەم کەس:** پیاوێکی نەجیبە!

**دووەم کەس:** پیاوێکی نەجیبە!

**ئیل:** ئەوەتا. پلاکاتێک: سەفەر بۆ باشوور بکەن.

**پزیشک:** ئەمجا چییە؟

**ئیل:** سەردانی گەمە بە هەست و سۆزەکان بکەن لە ئۆبەرئامەرگاو.

**مامۆستا:** ئەمجا چییە؟

**ئیل:** بینا دروست دەکرێ.

**شارەدار:** ئەمجا چییە؟

**ئیل:** ئێوە هەمیشە دەوڵەمەدتر دەبن، هەمیشە داراتر!

**هەموو:** ئەمجا چییە؟

(دەنگی زەنگ دێت)

**مامۆستا:** خۆ دەبینن، چەند خۆشەویستن

**شارەدار:** هەموو شارۆکەکە یاوەریتان دەکات.

**سێیەم کەس:** هەموو شارۆکەکە!

**چوارەم کەس:** هەموو شارۆکەکە.

**ئیل:** من داوام لێ نەکردوون بێن بۆ ئێرە.

**دووەم کەس:** خۆ دەبێ هێشتا ماڵئاوییت لێ بکەین.

**شارەدار:** وەکو هاوڕێی کۆن.

**هەموو:** وەکو هاوڕێی کۆن! وەکو هاوڕێی کۆن!

(گرەگرێ شەمەندەفەر. چاودێری وێستگە تەختەکەی بەرز دەکاتەوە، لە لای چەپەوە بلیتبڕ دەردەکەوێ، وەکو ئێستە لە شەمەندەفەرەکەوە بازی دابێتە خوارەوە)

**بلیتبڕ:** (بە هاوارێکی درێژەوە) گویلن!

**شارەدار:** ئەوە شەمەندەفەرەکەتانە.

**هەموو:** شەمەندەفەرەکەتان! شەمەندەفەرەکەتان!

**شارەدار:** دەی ئیل، سەفەرێکی خۆشتان بۆ دەخوازم.

**هەموو:** سەفەرێکی خۆش، سەفەرێکی خۆش!

**پزیشک:** ژیانێکی خۆشی تر!

**هەموو:** ژیانێکی خۆشی تر!

(خەڵکی گویلن لە دەوری ئیل کۆ دەبنەوە)

**شارەدار:** کاتی هات. ناوی خوای لێ بێنە سواری شەمەندەفەرەکە بە بۆ کالبەرشتات.

**پۆلیس:** هیوای بەختەوەرییەکی زۆرتان لە ئوستراليا بۆ دەخوازم!

**هەموو:** بەختەوەری زۆر، بەختەوەری زۆر!

(ئیل بەبێ جووڵە وەستاوە، لە هاوڵاتییەکانی ورد دەبێتەوە)

**ئیل:** (بە دەنگی نزم) ئێوە بۆچی هەمووتان لێرەن؟

**پۆلیس:** چی ترتان دەوێ؟

چاودێری وێستگە: سەرکەون!

**ئیل:** بۆچی لە دەورم کۆبوونەتەوە؟

**شارەدار:** ئێمە لە دەورتان کۆنەبووینەتەوە.

**ئیل:** ڕێگەم بەردەن!

ماماۆستا: بەڵام ئێمە ڕێگەمان بۆ کردوویتەتەوە!

**هەموو:** ئێمە ڕێگەمان بۆ کردوویتەتەوە، ئێمە ڕێگەمان بۆ کردوویتەتەوە!!

**ئیل:** یەکێک دەمگرێت و نایەڵێت بڕۆم.

**پۆلیس:** قسەی هیچ. تەنیا دەبێ سواری شەمەندەفەرەکە بن، بۆ ئەوەی بۆتان دەر بکەوێ کە ئەمە قسەی پووچە.

**ئیل:** لاچن!

(کەس لە جێی خۆی ناجووڵێ. هەندێکیان وەستاون و دەستیان لە گیرفانی پانتۆڵەکانیاندایە)

**شارەدار:** من نازانم ئێوە چیتان دەوێ، ئەوە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە، بڕۆن. ئێستە سواری شەمەندەفەرەکە بن.

**ئیل:** لاچن!

**مامۆستا:** سووک و ئاسان ترسەکەتان مایەی پێکەنینە.

(ئیل دەکەوێتە سەر چۆک)

**ئیل:** بۆچی ئەوەندە لێمەوە نێزیکن!

**پزیشک:** ئەم پیاوە شێت بووە.

**ئیل:** دەتانەوێ نەیەڵن بڕۆم.

**شارەدار:** دە سەرکەون!

**هەموو:** دە سەرکەون! دە سەرکەون!

(بێدەنگی)

**ئیل:** (بە دەنگی نزم) ئەگەر بمەوێ سواری شەمەندەفەرەکە ببم کەسێک نایەڵێ بڕۆم.

**هەموو:** (بە جەغدکردنەوە) هیچ کەس! هیچ کەس!

ئیل دەزانم.

**پۆلیس:** ئێستە کاتیەتی.

**ماماۆستا:** کوڕی باش، ئێستە سواری شەمەندەفەرەکە بن!

**ئیل:** دەزانم!! کەسێک نایەڵێ بڕۆم! کەسێک نایەڵێ بڕۆم!

**چاودێری وێستگە:** شەمەندەفەرەکە دەردەچێ!

(تەختەکە بەرز دەکاتەوە، بیلتبڕەکە وا پیشان دەدا کە باز دەداتە ناو شەمەندەفەرەکەوە و ئیل بە دەستەکانی ڕووخساری دەشارێتەوە، ورەی ڕووخاوە، دانیشتوانی گویلن دەورەیان داوە)

**پۆلیس**: دەبینن! شەمەدەفەرەکە بەجێی هێشتی!

(هەمووان ئیلی ورە ڕووخاو بەجێ دەهێڵن، بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕۆن، بەکاوەخۆ دیار نامێنن)

**ئیل:** منماڵم وێران بوو!

## پەردەی سێیەم

کادانەکەی پیتەر. کلەیر زاخاناسیان لە چەپەوە لە کەژاوەکەیدا دانیشتووە، بەبێ جووڵە، جلی بووکێنی پۆشیوە، سپی، سەرپۆش... هتد. لە چەپی چەپەوە پەیژەیەک دانراوە، هەروەها عەرەبانەی کا، پەیتوونێکی کۆن، پووش، لە ناوەڕاستدا بۆشکەیەکی بچووک. لە سەرەوە پەڕۆی شڕ، کیسەی داڕزاو، داوی گەورەی جاڵجاڵۆکە بڵاو بوونەتەوە. نۆکەرەکە لە پشتەوە دێتە پێشەوە.

**نۆکەر:** پزیشکەکە و مامۆستاکە.

**کلەیر زاخاناسیان:** با بێنە ژوورەوە.

پزیشکەکە و مامۆستاکە دەر دەکەون، بەناو تاریکییەکەدا دەست دەکوتن، لە ئاکامدا ژنە ملیاردێرەکە دەدۆزنەوە، دادەچەمنەوە. هەردووکیان ئێستە جلی باشی، پوختی برجوازیانەیان لەبەردایە، لە ڕاستیدا پۆشتە و پەرداخن.

**هەردووکیان:** خانمی بەڕێز.

**کلەیر زاخاناسیان:** (بە زەرەبینە تاکلایەکەی سەیریان دەکا)، بەڕێزانم، تۆزاوی دیارن.

(هەردووکیان تۆز لە جلەکانیان دەتەکێنن)

**مامۆستا:** ببوورن، دەبوو بە سەر پەیتوونێکی کۆندا سەرکەوین.

**کلەیر زاخاناسیان:** من خۆم بۆ کادانەکەی پیتەر کێشایەوە. پێویستم بە هێمنییە. زەماوەندەکە لە دێرەکەی گویلن ماندووی کردم. خۆ من

کچی چوارده ساڵ نەماوم. لەسەر بۆشکەکە دانیشن.

**مامۆستا:** زۆر سوپاس.

(دادەنیشی. پزیشکەکە بە پێوە دەمێنێتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێرە گەرم و شێدارە. خنکێنەرە. بەڵام من حەزم لەم کادانەیە، بۆنی کا، پووش و ڕۆنی چەورکردنی پەیتوون. بیرەوەری. هەموو ئەم ئامرازانە، شەن، پەیتوونەکە، پەیتوونە شکاوەکەی کا لە کاتی گەنجیشمدا هەر لێرە بوو.

**مامۆستا:** ئێرە شوێنێکی ئارامە. (ئارەقەکەی دەسڕێتەوە).

**کلەیر زاخاناسیان:** قەشەکە هیوابەخش وتاری دا.

**مامۆستا:** یەکەمین کۆرینت سێزدە .

**کلەیر زاخاناسیان:** ئێوەش کارەکەی خۆتان لەگەڵ کۆراڵە تێکەڵەکەدا سەلارانە بەجێ هێنا، بەڕێز مامۆستا. دەنگەکەی بە شکۆ بوو.

**مامۆستا:** مۆسیقای باخە. لە جۆشوخرۆشی ماتیۆسەوە بوو. هێشتا بە تەواوی گێژم. خەڵکی لە هەموو دنیاوە ئامادە بوون، خەڵکی دارایی، خەڵکی فیلمساز ...

**کلەیر زاخاناسیان:** خەڵکەکان بە کادیلاکەکانیان بەرەو پایتەخت تێیانتەقاند. بۆ خواردنی زەماوەند.

**مامۆستا:** خانمی بەڕێز. نامانەوێ لە پێویست زیاتر لە کاتە بەنرخەکەتان بگرین. مێردەکەت بێسەبر چاوەڕوانی ئێوەیە.

**کلەیر زاخاناسیان:** هۆبی؟ بە پۆرشەکەی ناردمەوە بۆ گایزلگاشتایگ.

**پزیشک:** (پەشۆکاو): بۆ گایزلگاشتایگ؟

**کلەیر زاخاناسیان:** پارێزەرەکانم تەڵاقیان پێشکێشی دادگە کردووە.

**مامۆستا:** بەڵام میوانەکانی زەماوەند، خانمی ئازیز؟

**کەیر زاخاناسیان:** ڕاهاتوون. ئەمە دووەم کورتترین هاوسەرگیریمە. تەنیا لەگەڵ لۆرد ئیسماعیلدا خێراتر بوو. بۆچی هاتوون بۆ لای من؟

**مامۆستا:** ئێمە لەبەر کاروبارەکەی بەڕێز ئیل هاتووین.

**کەیر زاخاناسیان:** ئۆە، مرد؟

**مامۆستا:** خانمی بەڕێز! ئێمە پرەنسیپی ڕۆژئاواییی خۆمان هەیە.

**کەیر زاخاناسیان:** چیتان دەوێ؟

**مامۆستا:** بە داخەوە، بە داخەوە خەڵکی گویلن شتێکی زۆریان کڕیوە.

**پزیشک:** زۆر زۆر.

(هەردووکیان ئارەقەکانیان دەسڕن)

**کەیر زاخاناسیان:** قەرزارن؟

**مامۆستا:** لە ڕادەبەدەر.

**کەیر زاخاناسیان:** لەگەڵ پرەنسیپەکانیشدا؟

**مامۆستا:** ئێمە تەنیا مرۆڤین.

**پزیشک:** ئێستە دەبێ قەرزەکانمان بدەینەوە.

**کەیر زاخاناسیان:** دەزانن دەبێ چی بکەن.

**مامۆستا:** (بە پرکێشییەوە): خاتوو زاخاناسیان. با بە کراوەیی بە یەکەوە قسە بکەین. ئێوە خۆتان بخەنە جێی غەمگینی ئێمە. دوو دەیەیە تۆوی ناسکی مرۆڤپەروەریی لەم دەڤەرەدا دەوەشێنم، پزیشکی شار بە مارسیدسە کۆنەکەی بە تەقەتەق بۆ لای نەخۆشە سیلدار و ئێسکنەرمەکان دەچێ. ئەم قوربانییە غەمگینانە بۆچی؟ لەبەر پارە؟ نەخێر. مووچەی ئێمە کەمە، بانگکردنم بۆ دواناوەندی کالبەرشتات سووک و سانا ڕەتکردەوە، پزیشکەکە بانگکردنی بۆ زانکۆی ئێرلانگن ڕەتکردەوە. تەنیا لەبەر خۆشەویستی بۆ مرۆڤ؟ ئەمەش زیادەڕەوییە گەر وا بڵێین. نەخێر، ئێمە ڕژد بووین، هەموو ئەو ساڵە

بێ کۆتاییانە، لەگەڵ ئێمەشدا هەموو شارۆچکەکە، لەبەرئەوەی هیوایەک هەیە، ئەو هیوایەی، کە گەورەیی گویلن زیندوو ببێتەوە، کە سەرلەنوێ درک بەو ئەگەرە بکرێ کە خاکی نیشتمانەکەمان بە دەوڵەمەندییەکی زۆری لە خۆی گرتووە. نەوت لەژێر شیوی پویکنرِیددا هەیە، ئاسنی خاو لەژێر دارستانی کۆنرِادسڤایلەردا هەیە. خانم، ئێمە هەژار نین، تەنیا لە بیر کراوین. ئێمە پێویستمان بە قەرز، متمانە، تەندەر هەیە و ئەمجا ئابووریمان، کولتوورمان دەگەشێتەوە. گویلن دەتوانێ شتێک ببەخشێ: کوخی - گۆرِەپانی - بەر - هەتاو.

پزیشک بۆکمان

**مامۆستا:** کارگەکانی ڤاگنەر. ئەوانە بکرِن، ئەوانە چاک بکەنەوە و گویلن دەبووژێتەوە. سەد ملیۆن پلانێکی باشە، بە سوودێکی باش سەرمایەگوزارییە، نەک ملیاردێک بە فیرۆ بدرێ!

**کلەیر زاخاناسیان:** هێشتا دوو ملیاردی تریشم هەیە.

**مامۆستا:** بە درێژاییی ژیان بێ ئاکام چاوەرِوان مەمانهێڵنەوە. ئێمە بۆ سەدەقە ناپارِێینەوە، ئێمە پێشنیازی بازرگانییەک دەکەین.

**کلەیر زاخاناسیان:** بە رِاست. ئەم بازرگانییە خراپ نییە.

**مامۆستا:** خانمی بەرِێز! دەمزانی، کە بێ ئومێدمان ناکەی!

**کلەیر زاخاناسیان:** تەنیا جێبەجێ ناکرێ. من ناتوانم کوخی - گۆرِەپانی - بەر - هەتاو بکرِم، لەبەرئەوەی هی خۆمە.

**مامۆستا:** هی ئێوە؟

**پزیشک:** ئەی بۆکمان؟

**مامۆستا:** کارگەکانی ڤاگنەر؟

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەوانیش هی منن. کارگەکان، شیوی پویکنرِید،

کادانەکەی پیتەر، شارۆکەکە، جادە بەجادە، ماڵ بەماڵ. لە ڕێی دەلاڵەکانمەوە شتە بێ کەڵک و بێ بایەخەکانم کڕی، کارگەکانم داخست. ئومێدتان شێتییەک بوو، چاوەڕوانیتان بێ مانا بوو، قوربانیدانتان گەمژەیی بوو، هەموو ژیانتان بێ سوود بە فیڕۆ دا.

(بێدەنگی)

**پزیشک:** ئەمە شوورەییە.

**کلەیر زاخاناسیان:** زستان بوو کاتێ ئەم شارۆکەیەم بەجێهێشت، لە جلی دەریاواندا، بە پەلکی سوورەوە، دووگیان بووم. دانیشتوان لە پشتمەوە بزە دەیگرتن. لە سەرما هەڵدەلەرزیم و لەناو شەمەندەفەری خێرادا بووم بۆ هامبۆرگ، بەڵام کاتێک تارماییەکانی کادانەکەی پیتەر لە پشتی چلوورەکانەوە دانەوین، بڕیارم دا ڕۆژێک لە ڕۆژێک بگەڕێمەوە. ئێستەش لێرەم. ئێستە مەرجم هەیە، فەرمانی بازرگانی دەدەم. (بە دەنگی بەرز): ڕۆبی و تۆبی، بۆ پەیامبەری زێڕین. مێردی ژمارە نۆ بە کتێب و دەستنووسەکانییەوە هاتووە.

(دوو زەبەلاحەکە لە پشتەوە دێن و کەژاوەکە بەرز دەکەنەوە)

**مامۆستا:** زاخاناسیان خان! ئێوە ژنێکی برینداری عاشقن. ئێوە داوای دادپەروەریی ڕەها دەکەن. وەکو ژنە پاڵەوانێکی کۆن دێنە بەرچاوم، وەکو میدیا . بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە بە قووڵیی لێت تێ دەگەین، ئازایەتی ئەوەمان پێ دەدەن، داوای زیاترتان لێ بکەین: دەستبەرداری بیرکردنەوەی ترسناکی تۆڵە بن، بەرەو ئەوپەڕی پاڵمان پێوە مەنێ، کۆمەکی خەڵکە هەژار، لاواز، بەڵام سەرڕاستەکان بکەن، ژیانێکی کەمێک بەشکۆتر بگوزەرێنن، بۆ مرۆڤایەتییەکی پاکژ بە سەر خۆتاندا زاڵ بن!

**کلەیر زاخاناسیان:** مرۆڤایەتی، سەروەرانم بۆ گیرفانی ملیۆنێرەکان کراوە،

بە وزەی پارەم مرۆڤ نەزمی جیهان دەکرێ. جیهان منی کردە لەشفرۆش، ئێستە منیش دەیکەمە فاحیشەخانە. هەر کەسێک نەتوانێ پارە بدات و بیەوێ سەما بکات، دەبێ چاوەڕوان بێت. ئێوە دەتانەوێ سەما بکەن. کوڕی باش تەنیا ئەو کەسەیە کە پارە دەدات و من پارە دەدەم. گویلن بۆ کوشتن، گەشەکردن بۆ تەرمێک، دەی، هەردووکتان. (بەرەو پشتەوە هەڵدەگیرێ).

**پزیشک:** خوای گەورە، چی بکەین؟

**مامۆستا:** دوکتۆر نویسلاین، ویژدان چیمان پێ دەڵێ.

لە ڕاستەوە و لە پێشی شانۆوە دوکانەکەی ئیل دەردەکەوێ. تابلۆیەکی نوێ. مێزێکی نوێی بریقەدار، قاسەی نوێ، شمەکی بە نرخ، کە یەکێک بە ناو دەرگە خەیاڵییەکەدا تێ دەپەڕێ: زەنگەکە بە شکۆ لێ دەدا. لە پشتی مێزەکەوە ئیل خان دانیشتووە. لە چەپەوە یەکەم کەس دێت، وەکو قەساب دامەزراوە، چەند پەڵە خوێنێک بە بەرانپێچە نوێیەکەوەیە.

**یەکەم کەس:** ئەوە ئاهەنگ بوو. هەموو خەڵکی گویلن لە گۆڕەپانی دێر سەیریان دەکرد.

**ئیل خان:** دوای ئەو هەموو نەگبەتییە بەختەوەریی بە کلارە گیان ڕەوایە.

**یەکەم کەس:** ژنە ئەکتەر ئاوەڵبووک بوون. بەو مەمکانەوە.

**ئیل خان:** ئێستە مۆدەیە.

**یەکەم کەس:** جگەرە.

**ئیل خان:** سەوزەکان؟

**یەکەم کەس:** کامێل. تەورێکیش.

**ئیل خان:** تەوری قەسابی؟

**یەکەم کەس:** دروستە.

**ئیل خان:** فەرمون، بەڕێز هۆفباوەر.

**یەکەم کەس:** شمەکی جوانن.

**ئیل خان:** ئیشی دوکانەکە چۆنە؟

**یەکەم کەس:** کەستان بۆ ئیشی دوکانەکە پەیدا کردووە؟

**ئیل خان:** منیش لە یەکی مانگدا یەکێک دادەمەزرێنم.

(یەکەم کەس تەورەکە هەڵدەگرێ. کەسی دووەم، بازرگانێکی ڕێکپۆش دێت)

**ئیل خان:** سڵاوی خواتان لێ بێت، هێلمەسبێرگەری بەڕێز.

(لویزە خان تەرپۆش جلی لەبەر کردووە و لەوێوە تێدەپەڕێ)

**یەکەم کەس:** خۆی تووشی وەهم دەکات کە وا جل لەبەر دەکات.

**ئیل خان:** بێ شەرمییە.

**یەکەم کەس:** حەبی سەرئێشە. شەو لە لای خێزانی شتۆکەر ئاهەنگمان گێڕا.

(ئیل خان گلاسێک ئاو و حەبەکە دەداتە یەکەم کەس)

**یەکەم کەس:** هەموو شوێنێک پڕە لە ڕۆژنامەوان.

**دووەم کەس:** لە شارۆکەکەدا بۆن بە هەموو شتێکەوە دەکەن.

**یەکەم کەس:** سەردانی ئێرەیش دەکەن.

**ئیل خان:** ئێمە خەڵکی سادەین، بەڕێز هۆفباوەر. لە لای ئێمە بە دوای هیچدا ناگەڕێن.

**دووەم کەس:** پرسیاری هەموو شتێک دەکەن.

**یەکەم کەس:** ئێستە گفتوگۆ لەگەڵ قەشەدا دەکەن.

**دووەم کەس:** ئەو قسە ناکات، هەمیشە دڵی لە لای ئێمەی هەژار بووە. چێستەرفیلد.

**ئیل خان:** بینووسم؟

**یەکەم کەس:** بینووسن. مێردەکەت، ئیل خان؟ لە زووەوە نەمبینیوە.

**ئیل خان:** لە سەرەوەیە. چەند ڕۆژێکە بە ژوورەکەدا دێت و دەچێ.

**یەکەم کەس:** ویژدانی ئازاری دەدا. خراپی بە زاخاناسیان خانی داماو کردووە.

**ئیل خان:** منیش پێوە دەتلێمەوە.

**دووەم کەس:** کچێک تووشی نەگبەتی بکەی، بەر لەعنەتی شەیتان بکەوی. (بە جەغدەوە): ئیل خان، هیوادارم مێردەکەت چەنە نەدات کاتێک ڕۆژنامەوانەکان دێن.

**ئیل خان:** نەخێر.

**یەکەم کەس:** بەو کارەکتەرەی هەیەتی.

**ئیل خان:** بەڕێز هۆفباوەر، من ژیانم سەختە.

**یەکەم کەس:** ئەگەر بیەوێ ئابڕووی کلارا ببا، درۆ بگێڕێتەوە، گوایە شت دەدات بۆ کوشتنی یان شتی لەو بابەتە، کە تەنیا گوزارشتە لە ئازارێکی بێ ناو، ئەوا دەبێت ئێمە دەست تێوەردەین.

**دووەم کەس:** نەک لەبەر ملیاردەکە.

**یەکەم کەس:** لەبەر تووڕەیی گەل. مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ خاتوو زاخاناسیانی بەئابڕوو چەند ئازاری بە هۆی ئەوەوە چەشتووە. (سەیری دەوروبەری خۆی دەکات) لێرەوە بۆ سەرەوە بۆ خانووەکە دەچێ؟

**ئیل خان:** تاقە شوێنی چوونە سەرەوەیە. ناعەمەلییە. بەڵام لە بەهاردا چاکی دەکەینەوە.

**یەکەم کەس:** دەمەوێ لەوێدا ڕاوەستم و ئیتر لە جێی خۆم نەجووڵێمەوە.

(یەکەم کەس لە ئەوپەڕی ڕاستەوە دەوەستێ، قۆڵەکانی بە یەکدا دەکات، تەورەکەی بە دەستەوەیە، هێور، وەکو پاسەوان. مامۆستا دێت)

**ئیل خان:** سڵاوی خواتان لێ بێت، مامۆستای بەڕێز. پێم خۆشە کە ئێوەش جارێک سەردانمان دەکەن.

**مامۆستا:** من پێویستم بە خواردنەوەیەکی ئەلکهول بەهێز هەیە.

**ئیل خان:** شتاینهێگەر؟

**مامۆستا:** گڵاسێک.

**ئیل خان:** بۆ ئێوەش، بەڕێز هۆفباوەر؟

**یەکەم کەس:** نەخێر، سوپاس. دەبێ بە فولکسڤاگنەکەم بچم بۆ کافیگن، پەڵخ دەکرم.

**ئیل خان:** ئەی ئێوە، بەڕێز هێلمەسبێرگەر؟

**دووەم کەس:** هەتا ئەم ڕۆژنامەوانە لەعنەتییانە شارۆکەکە بەجێنەهێڵن دڵۆپێک ناخۆمەوە.

(ئیل خان شەراب بۆ مامۆستا تێدەکا)

**مامۆستا:** سوپاس. (شتاینهێگەرەکە هەڵدەدا)

**ئیل خان:** بەڕێز مامۆستا، ئێوە هەڵدەلەرزن.

**مامۆستا:** لەم دواییانەدا زۆر دەخۆمەوە. ئێستە لە پەیامبەری زێریندا خواردنەوەیەکی توند بوو، بەزمورەزمێکی ئەلکهول بوو. هیوادارم بۆنی ئەلکهولەکەم وەڕستان نەکات.

**ئیل خان:** یەکێکی تریش خراپ نییە. (گڵاسێکی تری بۆ تێ دەکا).

**مامۆستا:** مێردەکەت؟

**ئیل خان:** لە سەرەوەیە. هەمیشە دێ تو دەچێ–

**مامۆستا:** گلاسێکی تریش. دوا گلاس. (خۆی گلاسەکەی پڕ دەکا).

(نیگارکێشەکە لە چەپەوە دێت. قاتی ئاوریشمی نوێی لە بەردایە، ملپێچی ڕەنگاوڕەنگ. شەپقەی ڕەشی لە سەردایە).

**نیگارکێش:** ئاگەدار بن. دوو ڕۆژنامەوان لە بارەی ئەم دوکانەوە پرسیاریان لێ کردم.

**یەکەم کەس:** جێی گومانە.

**نیگارکێش:** من وام پێشان دا کە هیچی لە بارەوە نازانم.

**دووەم کەس:** عاقڵێتان کرد.

**نیگارکێش:** هیوادارم بێنە ئەتەلییەکەمەوە. وێنەی مەسیح دەکێشم.

(مامۆستا دیسان شەراب بۆ خۆی تێدەکا. لە دەرەوە دوو ژنەکەی پەردەی دووەم تەرپۆش بەوێدا تێ دەپەڕن و سەیری شمەکەکانی موغازە خەیاڵییەکە دەکەن)

**یەکەم کەس:** ئەم ژنانە.

**دووەم کەس:** بە ڕۆژی ڕووناک دەچن بۆ سینەما.

(لە چەپەوە سێیەم کەس دێت)

**سێیەم کەس:** میدیا

**دووەم کەس:** زمانتان بگرن.

**نیگارکێش:** ئاگەدار بن، نەیەتە خوارەوە.

**یەکەم کەس:** مشووری ئەوە دەخۆین.

(خەڵکی گویلن لە ڕاستەوە ڕادەوەستن. مامۆستا نیوەی بوتڵەکەی خواردووەتەوە و لە پاڵ مێزی دوکانەکەوە ڕادەوەستێ. دوو ڕۆژنامەوان بە کامێراوە دێن. لە پشتیانەوە چوارەم کەسی گویلن دەردەکەوێ )

**ڕۆژنامەوان ١:** خەڵکینە، ئێوارەتان باش.

**خەڵکانی گویلن:** سڵاوی خوا.

**ڕۆژنامەوان ١:** پرسیاری یەک: بە شێوەیەکی گشتی، هەست بە چی دەکەن؟

**یەکەم کەس:** (بە شەرمەوە) بێگومان ئێمە خۆشحاڵین بە سەردانی خاتوو زاخاناسیان.

**سێیەم کەس:** خۆشحاڵین.

**نیگارکێش:** لە ناخەوە هەژاوین.

**دووەم کەس:** سەر بەرزین.

**ڕۆژنامەوان ١:** سەر بەرز.

**چوارەم کەس:** خۆ کلێر هی خۆمانە.

**ڕۆژنامەوان ١:** پرسیاری دوو بۆ خانمی پشت مێزەکە: بانگەشەی ئەوە دەکرێ، مێردەکەت ئێوەی لە کلەیر زاخاناسیان پێ باشتر بوو.

(بێدەنگی)

**یەکەم کەس:** کێ بانگەشەی ئەوە دەکا.

**ڕۆژنامەوان ١:** دوو خاڵۆ بچووکە، قەڵەوە، کوێرەکەی زاخاناسیان خان.

(بێدەنگی)

**چوارەم کەس:** (بە دوو دڵییەوە): ئەو خاڵۆیانە چی دەگێڕنەوە.

**ڕۆژنامەوان ٢:** هەموو شتێک

**نیگارکێش:** بە لەعنەت بن.

(بێدەنگی)

**ڕۆژنامەوان ٢:** کلەیر زاخاناسیان و خاوەنی ئەم دوکانە پێش زیاتر لە چل ساڵ خەریک بوو هاوسەرگیری بکەن. ڕاستە؟

(بێدەنگی)

**ئیل خان:** ڕاستە.

**ڕۆژنامەوان ۲:** بەڕێز ئیل لە کوێیە؟

**ئیل خان:** لە کالبەرشتاتە.

**هەموو:** لە کالبەرشتات.

**ڕۆژنامەوان ۱:** ئێمە دەتوانین دڵدارییەکەیان وێنا بکەین: بەڕێز ئیل و کلەیر زاخاناسیان بە یەکەوە گەورە دەبن، لەوانەیی منداڵی دراوسێ بووبن، بە یەکەوە دەچن بۆ قوتابخانە، پیاسەی ناو دارستان، یەکەم ماچ و هەتا دوایی، هەتا بەڕێز ئیل ئێوە دەناسێ، ژنێکی باش، وەکو شتێکی نوێ، شتێکی نائاسایی، وەکو عەشق.

**ئیل خان:** بە تەواوی وا ڕووی دا، کە ئێوە دەیگێڕنەوە.

**ڕۆژنامەوان ۱:** کلەیر زاخاناسیان تێ دەگا، بە شێوازی هێمنی، نەجیبی خۆی دەستبەردار دەبێ و ئێوە هاوسەرگیریی دەکەن-

**ئیل خان:** بە خۆشەویستی.

دانیشتوانی تری گویلن: (بە بارسووکییەوە): بە خۆشەویستی.

**ڕۆژنامەوان ۱:** بە خۆشەوستی.

(هەردوو ڕۆژنامەوانەکە بێ پەروا لە دەفتەری تێبینییەکانیان دەنووسن. لە ڕاستەوە دوو خەسێنراوەکە دێن، ڕۆبی بە گوێ ڕایاندەکێشێ)

**هەردووکیان:** (بە کرووزانەوەوە): ئیتر نامانەوێ هیچ بگێڕینەوە، ئیتر نامانەوێ هیچ بگێڕینەوە.

(دەبرێنە پشتەوە، تۆبی بە قامچییەکەوە چاوەڕێیان دەکات)

**هەردووکیان:** تۆبی نەء، تۆبی نەء!

**ڕۆژنامەوان ۲:** ئیل خان، مێردەکەت، جاروبار، مەبەستم ئەوەیە، خۆ ئەمە

مرۆڤانەیە، ئەگەر جاروبار پەنجەی پەشیمانی بگەزێ.

**ئیل خان:** پارە بە تەنیا مرۆڤ بەختەوەر ناکات.

**ڕۆژنامەوان ٢:** بەختەوەر ناکات.

(کوڕەکەی لە پشتەوە دێت. قەمسەڵەیەکی چەرمی ئاژەڵی کێوی لەبەردایە)

**ئیل خان:** ئەوە کارلی کوڕمانە.

**ڕۆژنامەوان ١:** کوڕێکی گەنجی جوانە.

**ڕۆژنامەوان ٢:** لەبارەی پێوەندییەکانەوە دەزانێ...

**ئیل خان:** ئێمە لە خێزانەکەماندا نهێنیمان نییە. مێردەکەم هەمیشە دەڵێ: ئەوەی خوا دەیزانێ دەبێ منداڵەکانیشمان بیزانن.

**ڕۆژنامەوان ١:** خوا دەزانێ.

**ڕۆژنامەوان ٢:** منداڵان دەزانن.

(کچەکە لە جلی تێنسدا دێتە دوکانەکەوە، ڕێکتێکی تێنسی بە دەستەوەیە)

**ئیل خان:** ئەوە ئۆتیلییەی کچمانە.

**ڕۆژنامەوان ٢:** ناسک و نازدارە.

(مامۆستا بە زەحمەت بە سەر خۆیدا زاڵ دەبێ)

**مامۆستا:**: دانیشتوانی گویلن. من مامۆستا کۆنەکەتانم. من بە هێوری شتاینهێگەرەکەم خواردەوە و لە بارەی هەموو شتێکەوە بێدەنگیم لێ کرد. بەڵام ئێستە دەمەوێ وتارێک بدەم لە بارەی سەردانی خانمە پیرەکەوە بۆ گویلن. (دەچێتە سەر ئەو بۆشکەکەی، کە لە کادانەکەی پیتەر ماوەتەوە.)

**یەکەم کەس:** شێت بووە؟

**دووەم کەس:** واز بهێنە.

**سێیەم کەس:** لە بۆشکەکە وەرە خوارەوە!

**مامۆستا:** خەڵکی گویلن! دەمەوێ جارِی راستیی بدەم، تەنانەت ئەگەر هەژاریمان هەتا هەتایە درێژە بکێشێ!

**ئیل خان:** بەرِێز مامۆستا، ئێوە سەرخۆشن. دەبێ شەرم بکەن!

**مامۆستا:** شەرم؟ تۆ دەبێ شەرم بکەی. ئافرەت، تۆ خەریکە خیانەت لە مێردەکەت دەکەیت!

**کورِەکە:** دەمت داخە!

**چوارەم کەس:** برِۆ دەرەوە!

**مامۆستا:** چارەنووسەکە مەترسیدار گەشەی سەندووە! وەکو لە لای ئۆدیب: بە قەدەر بۆقێک ئاوساوە!

**کچەکە:** (بە پارِانەوەوە): بەرِێز مامۆستا!

**مامۆستا:** کچم تۆ نائومێدم دەکەی. تۆ دەبوو قسە بکەی، و ئێستە دەبێ مامۆستاکەت بە دەنگی گرمەئاسا قسە بکات!

**نیگارکێش:** (لەسەر بۆشکەکە رِایدەکێشێ): دەتەوێ هەلە هونەرییەکەم لە دەست بدەی! وێنەیەکی مەسیحم کردووە، وێنەیەکی مەسیح!

**مامۆستا:** من نارِەزایی دەردەبرِم! لە بەردەم رِای جیهاندا! شتی ناپەسند لە گویلندا تەشەنە دەکەن!

(گویلنییەکان بەسەریدا دەدەن، بەڵام لەم چرکەساتەدا ئیل لە جلی کۆنی درِاودا لە لای رِاستەوە دێت)

**ئیل:** لە دوکانەکەمدا چی رِوو دەدات؟

(گویلنییەکان واز لە مامۆستا دەهێنن و بە دڵەخوورپێوە سەیری ئیل دەکەن. بێدەنگییەکی قووڵ)

**مامۆستا**: ڕاستیی ئیل. من بۆ ئەم بەڕێزە ڕۆژنامەوانانە ڕاستی دەگێڕمەوە. من وەکو فریشتە دەیگێڕمەوە، بە دەنگی بە زایەڵەوە. (لەتر دەدا). چونکە من مرۆڤپەروەرم، هاوڕێیەکی یۆنانییە کۆنەکانم، سەرسامی پلاتۆنم.

**ئیل**: بێدەنگ بن.

**مامۆستا**: بەڵام مرۆڤایەتی–

**ئیل**: دانیشن.

(بێدەنگی)

**مامۆستا**:: (بە نائومێدییەوە): دانیشتن. مرۆڤایەتی دەبێ دانیشێ. فەرموو –ئەگەر ئێوەش ڕاستی بفرۆشن. (بە دەم لەتردانەوە لەسەر بۆشکەکە دادەنیشێ).

**ئیل**: ببوورن، ئەو پیاوە سەرخۆشە.

**ڕۆژنامەوان ١**: بەڕێز ئیل؟

**ئیل**: چیتان لە من دەوێ؟

**ڕۆژنامەوان ١**: ئێمە خۆشبەختین، کە ئێوە دەبینین. چەند وێنەیەکمان پێویستە. دەتوانێن داواتان لێ بکەین؟ (سەیری دەوروبەری خۆی دەکات). خۆراک. شمەکی ماڵەوە. ئاسن باشترین شت: ئەم تەورە دەفرۆشن.

**ئیل**: (بە دوو دڵییەوە) تەور؟

**ڕۆژنامەوان ١**: بە قەسابەکە. ئەو تەورەکەی بە دەستەوەیە. کوڕی باش، ئەو ئامرازی کوشتنەم بدەنێ. (تەورەکە لە یەکەم کەس وەردەگرێ. پێشانی دەدات): تەورەکە هەڵدەگرن، لە دەستاندا ئەمدیو و ئەودیوی دەکەن، ڕووخسارێکی بیرکەرەوەتان لێ دەنیشێ، دەبیین، ئاوها؛ ئێوەش، بەڕێز ئیل، سەرتان بە سەر مێزی دوکانەکەوە دانەواندووە،

قسه بۆ قەسابەکە دەکەن. فەرموو. (شێوەی وەستانەکە ڕێک دەخا).
ئاساییتر بەڕێزانم، زۆر لەخۆکردنی پێوە دیار نەبێت.
(ڕۆژنامەوانەکان وێنە دەگرن)

**ڕۆژنامەوان ١:** جوانە، زۆر جوانە.

**ڕۆژنامەوان ٢:** بۆم هەیە داواتان لێ بکەم، دەست لە ملی ژنەکەتان بکەن. کوڕەکە لە چەپەوە و، کچەکە لە ڕاستەوە. تکایە ئێستەش، لە خۆشبەختیدا بگەشێنەوە، بگەشێنەوە، بگەشێنەوە، ئاسوودە، لە ناخەوە، خۆشنوود بگەشێنەوە.

**ڕۆژنامەوان ١:** نایاب گەشانەوە.

**ڕۆژنامەوان ٢:** وێنەکە گیرا.

(لە پێشەوەی شانۆ لە چەپەوە چەند وێنەگرێک بە سەر شانۆدا بۆ پشتەوە ڕا دەکەن. کەسێک بۆ ناو دوکانەکە بانگ دەکات)

**وێنەگر:** زاخاناسیان یەکێکی نوێی هەیە. دەچن بۆ پیاسە بۆ ناو دارستانی کۆنڕادسڤایلەر.

**ڕۆژنامەوان ٢:** یەکێکی نوێ!

**ڕۆژنامەوان ١:** ئەمە دەبێتە وێنەیەکی مانشێتی Life

(دوو ڕۆژنامەوانەکە لە دوکانەکەوە ڕا دەکەنە دەرەوە. بێ دەنگیی. یەکەم کەس هێشتا تەورەکەی بەدەستەوەیە)

**یەکەم کەس:** (بە بارسووکییەوە): بەخت یارمان بوو.

**نیگارکێش:** مامۆستا، دەبێ ببووری. ئەگەر ئێمە بمانەوێ هێشتا ئەم مەسەلەیە بە ئاشتی بە لاوە بخەین، ڕۆژنامە نابێ هیچ بزانێ. تێگەیشتی؟

(دەچێتە دەرەوە. دووەم کەس بە دوایدا، بەڵام لە بەردەم ئیلدا دەوەستێ، پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە)

**دووەم کەس:** ئاقڵانەیە، زۆر ئاقڵانەیە، چەنەی قسەی بێ مانا بدەی.

**سێیەم کەس:** مرۆڤ بڕوا بە تاقە وشەیەکی ناڕەسەنێکی وەکو تۆ ناکات. (دەڕوا).

(چوارەم کەس تف ڕۆ دەکا، ئەویش دەڕوا)

**یەکەم کەس:** ئێستە دەچینە ناو گۆڤارە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە، ئیل.

**ئیل:** ڕاستە.

**یەکەم کەس:** بەناوبانگ دەبین.

**ئیل:** وەکو بڵێی.

**یەکەم کەس:** دەبینە پارتاگاس .

**ئیل:** فەرموو.

**یەکەم کەس:** بینووسن.

**ئیل:** بێگومان.

**یەکەم کەس:** بە ڕاشکاوی دەیڵێم: ئەوەی ئێوە بە سەر کلێرتان هێناوە، تەنیا بەدڕەفتارێک دەیکا. (دەیەوێ بڕوات).

**ئیل:** هۆفباوەر، تەورەکە.

(یەکەم کەس ڕاڕایە، ئەمجا تەورەکەی دەداتەوە، دەڕوا. لە دوکانەکەدا بێدەنگە. مامۆستا هێشتا لەسەر بۆشکەکە دانیشتووە)

**مامۆستا:** دەبێ ببوورن. چەند شتاینهێگەرێکم تاقی کردەوە، دوو یان سێ دانە.

**ئیل:** باشە.

(خێزانەکە بە لای ڕاستدا دەچێتە دەرەوە)

**مامۆستا:** ویستم یارمەتیتان بدەم، بەڵام لێیان دام و ئێوەش خۆتان نەتانویست. ئاخ، ئیل. ئێمە چۆن مرۆڤێکین. ملیاردە ئابڕووبەرەکە لە

دڵماندا دەسووتێ. بە سەر خۆتاندا زاڵ بن، بۆ ژیانتان تێبکۆشن، پێیوەندیی بە ڕۆژنامەکانەوە بکەن، کاتتان نەماوە بە فیڕۆی بدەن.

**ئیل:** من ئیتر تێناکۆشم.

**مامۆستا:** (سەرسووڕماوە)، پێم بڵێن، ئێوە لە ترسدا بە تەواوی شێت بوون؟

**ئیل:** بۆم دەرکەوت، کە لەسەر حەق نەماوم.

**مامۆستا:** لەسەر حەق نەماون؟ لە بەردەم ئەم خانمە پیرە لەعنەتییەدا، ئەم لەشفرۆشە، کە بە بەرچاومانەوە، بێشەرمانە مێردەکانی دەگۆڕێ، کە ڕۆحەکانمان کۆ دەکاتەوە؟

**ئیل:** خەتای منە.

**مامۆستا:** خەتا؟

**ئیل:** من کلارام کردە ئەمەی کە هەیە، خۆیشم کردە ئەوەی کە هەم، دوکاندارێکی دڕدۆنگ. مامۆستای گویلن. چی بکەم؟ خۆم بێگوناه پێشان بدەم؟ هەمووی کاری منە، خەسێنراوکان، نۆکەرەکە، دارەمەیتەکە، ملیاردەکە. من ناتوانم نە هیچ بۆ خۆم بکەم نە بۆ ئێوە. (مامۆستا هەڵدەستێ، بە زەحمەت، بە لەتردان)

**مامۆستا:** من سەرخۆش نیم. لە پڕ. (بەلەتردان بۆ لای ئیل دەچێ). ڕاست دەکەن. بە تەواوی. هەمووی خەتای ئێوەیە. ئێستەش دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم، ئەلفرێد ئیل، شتێکی پرەنسیپی. (ڕێک و ڕاست لە بەردەم ئیلدا ڕادەوەستێ، تەنیا کەمێک لەتر دەدا). دەتکوژن. من لە سەرەتاوە دەیزانم، ئێوەش لە مێژەوە دەیزانن، لەگەڵ ئەوەشدا کەسی تر لە گویلن نایەوێ قبووڵی بکات. فریوەکە گەورەیە و هەژاریمان تاڵە. بەڵام من لەمەش زیاتر دەزانم. منیش بەشدار دەبم. هەست دەکەم، چۆن بە کاوەخۆ دەبمە بکوژ. بڕوام بە مرۆڤپەروەریی

بێ دەسـتـەڵاتـە. لەبەرئەوەی دەیزانم، بوومـەتە بەدمـەست. ئیل من دەترسـم، وەکـو چۆن ئێـوە دەترسـان. دەزانم، کـە ڕۆژێک لە ڕۆژان خـانمێکی پیـر دێت بۆ لای ئێمـەیش، ڕۆژێک، ئەوەش بە سـەر ئێـمە دێت، کـە ئێـسـتـە بەسـەر ئێـوە هـاتووە، بەڵام بەمـزوانە، لەوانـەیە لە چەند سەعاتێکی کەمی تردا، ئیتر نایزانم. (بێدەنگی). بوتڵێکی تری شتاینهێگەر.

(ئیل بوتڵێکی بۆ دادەنێ، مـامۆسـتـاکە ڕاڕایە، ئـەمجـا بە بێ دوودڵی هـەڵی دەگرێ)

**مامۆستا**: بینووسن. (بەکاوەخۆ دەچێتە دەرەوە).

(خـێزانـەکە دەگەڕێتـەوە. ئیل وەکو خـەون ببینێ سـەیری دەوروبەری دوکانەکە دەکات)

**ئیل**: هەمـوو شـتـێک نوێیـە. نوێبـاو وەکـو ئێسـتـە لە لای ئێمـە دەردەکەوێ. خـاوێن، دڵکەرەوە. دوکـانێکی ئاوهـا هـەمـیـشـە خـەونی مـن بوو. (ڕێکتەکە لە دەستی کچەکەی دەسەنێ). تۆ تێنس دەکەی؟

**کچ**: چەند سەعاتێکم وەرگرتووە.

**ئیل**: بەیانی زوو، وا نییە؟ لە جیاتیی بچی بۆ نووسینگەی کار؟

**کچ**: هەموو کچە هاوڕێکانم تێنس دەکەن.

(بێدەنگی)

**ئیل**: کارل، لە ژوورەکەوە تۆم لە ئۆتۆمۆبێلێکدا بینی.

**کوڕ**: تەنیا ئۆپڵ ئۆلۆپیایە، ئەوەندە گران نین.

**ئیل**: کەی فێری ئۆتۆمۆبێل ئاژووتن بووی؟

(بێدەنگی)

**ئیل**: لە جیاتی لە لای وێستگە لە قرچەی گەرمادا بە دوای کاردا بگەڕێی؟

**کوڕ:** هەندێ جار. (کوڕەکە بە شەرمەوە ئەو بۆشکە بچووکە بەرەو ڕاستی شانۆ هەڵدەگرێ کە مامۆستای لەسەر دانیشتبوو).

**ئیل:** من بە دوای جلەکانی یەکشەمەدا گەڕام. پاڵتۆیەکی فەرووم بینی.

**ئیل خان:** بۆ سەیرکردن.

(بێدەنگی)

**ئیل خان:** فریدی، هەموو قەرز دەکەن. تەنیا تۆ شێتگیری. ترسەکەت مایەی پێکەنینە. ڕوون و ئاشکرایە، کە مەسەلەکە بە ئاشتی ڕێک دەخرێ، بە بێ ئەوەی تاقە موویەکت لێ ببێتەوە. کلارا تا ئەوسەری ناڕوا، من دەزانم، دڵێکی زۆر باشی هەیە.

**کچ:** بابە، بە دڵنیاییەوە.

**کوڕ:** دەبێ تێ بگەی.

(بێدەنگی)

**ئیل:** (لەسەرخۆ): شەمەیە. دەمەوێ ئۆتۆمۆبێلەکەت بئاژووم، کارل، تەنیا جارێک. بە ئۆتۆمۆبێلەکەمان.

**کوڕ:** (نادڵنیا): دەتەوێ؟

**ئیل:** جلە جوانەکانتان لەبەر کەن. با بە یەکەوە ئۆتۆمۆبێل بئاژوین.

**ئیل خان:** (نادڵنیا) منیش لەگەڵتان بێم؟ ئەمە گونجاو نییە.

**ئیل:** بۆچی گونجاو نییە؟ پاڵتۆ فەروەکەت لەبەر بکە، لەم دەرفەتەدا پیرۆز دەبێ. لەم سەروبەندەدا من قاسەکە دەژمێرم.

(ژن و کچ بە لای ڕاستدا شانۆ بەجێ دەهێڵن، کوڕ بە لای چەپدا، ئیل سەرقاڵی قاسە دەبێ. لە لای چەپەوە شارەدار بە تفەنگەکەیەوە دێت)

**شارەدار:** ئێوارەتان باش ئیل. نامەوێ وەڕستان بکەم. تەنیا بە خێرایی سەردانێکتان دەکەم.

**ئیل:** فەرموو.

(بێدەنگی)

**شارەدار:** تفەنگێکم هێناوە.

**ئیل:** سوپاس.

**شارەدار:** میلی هێنراوەتەوە.

**ئیل:** پێویستم پێی نییە.

(شارەدار تفەنگەکە دەدا بە مێزی دوکانەکەوە)

**شارەدار:** ئەم ئێوارەیە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنە. لە پەیامبەری زێڕین. لە هۆڵی شانۆ.

**ئیل:** دێم

**شارەدار:** هەمووان دێن. باسی کەیسەکەی تۆ دەکەین. لە بارێکی زۆر دژواردایین.

**ئیل:** منیش لەو باوەڕەدام.

**شارەدار:** پێشنیازەکە ڕەت دەکرێتەوە.

**ئیل:** لەوانەیە.

**شارەدار:** لەوانەیە مرۆڤ بە هەڵەدا بچێ.

**ئیل:** بێگومان.

(بێدەنگی)

**شارەدار:** (بەئاگەدارییەوە) لەم حاڵەتەدا ئیل، حوکمەکە قبوول دەکەن؟ چونکە میدیا لەوێن.

**ئیل:** میدیا؟

**شارەدار:** ڕادیۆیش، تەلەڤزیۆن، فیلمی پانۆڕامای هەفتە. باردۆخێکی ناپەسندە، نەک تەنیا بۆ ئێوە، بەڵکو بۆ ئێمەیش، بڕوام پێ بکەن.

وەکو شارۆکەی کۆنی خانم و زەماوەندەکەی لە دێرەکە بە جۆرێک بەناوبانگ بووین، کە ڕاپۆرتێک لەبارەی دامەزراوە کۆنە دیموکراتییەکانمانەوە دەکرێ.

**ئیل:** (خۆی بە قاسەکەوە سەرقاڵ دەکات). پێشنیازی خانم بۆ خەڵکی ئاشکرا ناکەن؟

**شارەدار:** نەک ڕاستەوخۆ تەنیا ئەوانە لە مانای ئەم کۆبوونەوەیە تێدەگەن کە ئاگایان لە نهێنییەکانە.

**ئیل:** کە پێوەندیی بە ژیانی منەوە هەیە.

(بێدەنگی)

**شارەدار:** من میدیا بەرەو ئەو ئاقارە دەبەم کە لەوانەیە - زاخاناسیان خان دەزگایەکی خێرخوازی دادەمەزرێنێ و کە ئێوە، ئیل، وەکو هاوڕێی گەنجی ناوەندکاریتان کردووە. ئێستە ئاشکرا بووە کە ئێوە ئەو کەسە بوون. بەمەش بە ڕووکەش پاک دەبیتەوە، ئەمەش ڕوو دەدات.

**ئیل:** ئەمە میهرەبانی خۆتانە.

**شارەدار:** بە ڕاشکاوی دەیڵێم، من لەبەر ئێوە ئەمەم نەکرد، بەڵکو لەبەر خێزانە سەلارە، سەرڕاستەکەتان.

**ئیل:** تێدەگەم.

**شارەدار:** ئێوە دەبێ دانی پێدا بنێن ئێمە گەمەیەکی ڕەوا دەکەین. ئێوە هەتا ئێستە بێدەنگ بوون. باشە. بەڵام لەمەودواش بێدەنگ دەبن؟ ئەگەر دەتانەوێ قسە بکەن، دەبێ هەموو شتەکان بەبێ کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بکەین.

**ئیل:** تێدەگەم.

**شارەدار:** ئەی ئێستە؟

**ئیل:** من خۆشحاڵم، گوێم لە هەڕەشەیەکی ئاشکرا دەبێ.

**شارەدار:** من هەڕەشەتان لێ ناکەم، ئیل، ئێوە هەڕەشە لە ئێمە دەکەن. ئەگەر ئێوە قسە بکەن، ئێمەش دەبێ پێشووتر ڕەفتار بکەین.

**ئیل:** بێدەنگ دەبم.

**شارەدار:** بڕیاری ئەنجوومەن هەر شتێک بێت؟

**ئیل:** قبووڵی دەکەم.

**شارەدار:** باشە.

(بێدەنگی)

**شارەدار:** ئیل، خۆشحاڵم بەوەی خۆتان خستە ژێر ڕکێفی دادگەی ئەنجوومەنەوە. هێشتا هەستێکی شەرەفتان تێدا دەگەشێتەوە. بەڵام باشتر نییە، کە ئەم دادگەی ئەنجوومەنە هەر کۆ نەبێتەوە؟

**ئیل:** مەبەستتان لەمە چییە؟

**شارەدار:** پێشووتر وتتان کە پێویستتان بەم تفەنگە نییە. لەوانەیە ئێستە پێویستتان پێی بێت.

(بێدەنگی)

**شارەدار:** ئێمە دەتوانن ئەو کاتە بە خانمەکە بڵێین، کە ئێمە حوکمی ئێوەمان داوە و بەو جۆرەش پارەکە وەردەگرین. دەتوانن بڕوام پێ بکەن، چەندان شەو لە سەرم کەوتووە، بۆ ئەوەی ئەم پێشنیازە بکەم. لە ڕاستیدا ئێستە ئەرکی ئێوەیە، وەکو پیاوێکی بە شەرەف ئەنجامگیریی بکەن و کۆتاییی بە ژیانی خۆتان بهێنن، وا نییە؟ وەکو هاوهەستییەک بە هەرێمەکە، لە خۆشەویستییەوە بۆ شاری باوک، ئێوە تەنگەتاوییە تاڵەکەمان، بێنەوایی، منداڵی برسی دەبینن...

**ئیل:** ئێستەش وەزعتان زۆر باشە.

**شارەدار:** ئیل!

**ئیل:** شارەدار! من بە دۆزەخدا تێپەڕیوم، بینیم چۆن قەرز دەکەن، لە هەموو نیشانەیەکی خۆشگوزەرانیدا هەستم کرد کە مەرگ بە خشکەیی نێزیکتر دەبێتەوە. ئەگەر ئەو ترسەتان لە کیس بهێشتمایەتەوە، ئەو دڵەڕاوکێ سامناکە، هەموو شتێک بە جۆرێکی تر دەبوو، دەمانتوانی بە جۆرێکی تر قسە بکەین، تفەنگەکەم هەڵدەگرت. لەبەر دڵی ئێوە. بەڵام ئێستە دەرگەم لە خۆم داخست، بە سەر ترسەکەمدا زاڵ بووم. بە تەنیا. زەحمەت بوو، بەڵام کرا. گەڕانەوە نییە. ئێوە دەبێ دادوەری من بن. من خۆم دەخەمە ژێر حوکمی ئێوەوە، بەر هەر جۆرێک بدرێ. بۆ من دادپەروەرییە، من نازانم بۆ ئێوە چییە. خوا بکا ئێوە بەرگەی حوکمی خۆتان بگرن. ئێوە دەتوانن من بکوژن، سکاڵا ناکەم، ناڕەزایی دەرنابڕم، داکۆکی لە خۆم ناکەم، بەڵام ناتوانم ڕەفتاری ئێوە قبووڵ بکەم.

**شارەدار:** (جارێکی تر تفەنگەکە هەڵدەگرێ). بە داخەوە. ئەو هەلە لە دەست خۆتان دەدەن، خۆتان پاک بکەنەوە، ببنە مرۆڤێکی تا ڕادەیەک ڕەوشت جوان. بەڵام مرۆڤ ناتوانێ داوای ئەوە لە ئێوە بکات.

**ئیل:** ئاگر، بەڕێز شارەدار. (جگەرەکەی بۆ دادەگیرسێنێ).

(شارەدار دەڕوا)

(ژنەکەی ئیل پاڵتۆیەکی فەرووی لەبەرە و کچەکەی جلێکی سووری پۆشیوە)

**ئیل:** ماتیلدە، نەجیب و خانەدان دەردەکەوی.

**ئیل خان:** هی بەرخی فارسییە.

**ئیل:** وەکو خانمێک.

**ئیل خان:** کەمێک گرانە.

**ئیل:** ئۆتیلییە، جلەکەت جوانە. بەڵام بێ شەرمانەیە، وا نییە؟

**کچ:** ئاخ لاچۆ بابە، تۆ دەبێ جارێ جلی ئاهەنگەکەم ببینی.

(دوکانەکە دیار نامێنێ. کوڕەکە چوار کورسی دەخاتە سەر شانۆ خاڵییەکە)

**ئیل:** ترومبێلێکی جوانە. بە درێژایی ژیانم ڕەنجم دا، سامانێکی بچووک بەیەکەوە بنێم، بۆ کەمێک خۆشی، بۆ نموونە ماشێنێکی وا، ئێستەش، کە گەیشتووین بەوە، دەمەوێ بزانم، مرۆڤ هەست بە چی دەکا. تۆ لەگەڵمدا دێیتە دواوە، ماتیلدە، ئۆتیلییەش لە تەنیشت کارڵەوە دادەنیشێ.

(لەسەر کورسییەکان دادەنیشن، وا پێشان دەدەن کە ماشێن دەئاژوون)

**کوڕ:** دەتوانم سەد و بیست بئاژووم.

**ئیل:** وا خێرا نا. دەمەوێ دەوروبەرەکە، شارۆکەکە ببینم، کە تێیدا ژیام، نێزیکەی حەفتا ساڵ. کۆڵانە کۆنەکان پاکن، زۆری چاک کراوە. دووکەڵێکی خۆڵەمێشی بە سەر ئاگردانەکانەوە و سێرۆنیا لە بەردەم پەنجەرەکاندا، گوڵەبەڕۆژە، گوڵ لە باخچەکانی لای دەروازەی گوێتە، پێکەنینی منداڵان، کچ و کوڕی عاشق لە هەموو شوێنێک. ئەم بینا تازەیەی گۆڕەپانی برامز نوێباوە.

**ئیل خان:** هۆدڵی قاوەچی بینای دەکات.

**کچ:** پزیشکەکە بە مارسیدسە ٣٠٠ەکەیەوە.

**ئیل:** شیوەکە، گردەکەی پشتەوە، ئەمڕۆ وەکو زەرکەفت وایە، سێبەرەکان گەورەن، کە تێیدا نقووم دەبین و ئەمجا دیسان تیشکەکە. کرانەکانی کارگەکانی ڤاگنەر و دووکەڵکێشەکەی بۆکمان وەکو زەبەلاح بە ئاسماندا چوون.

**کوڕ:** شار دەیەوێ بیانکڕێ.

**ئیل:** چۆن؟

**کوڕ:** (بە دەنگی بەرزتر). شار دەیەوێ بیانکڕێ. (هۆڕن لێ دەدا).

**ئیل خان:** ماشێنی سەیرن.

**کوڕ:** مێسەرشمیدن، هەموو شاگردێک دەبێ یەکێکی وا بکڕێ.

**کچ:** ئەمە سامناکە.

**ئیل خان:** ئۆتیلییە دەچێت بۆ کۆرسێکی بەهێزکردنی زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی.

**ئیل:** عەمەلییە. مەیخانەکەی ماڵی کویبلەر. لە زووەوە لە دەرەوە نەبووم.

**کوڕ:** دەکرێتە خواردنگە.

**ئیل:** بەم خێراییە دەبێ بە دەنگی بەرزتر قسە بکەی.

**کوڕ:** (بە دەنگی بەرزتر) دەبێتە خواردنگە. بێگومان ئەوە شتۆکەرە. بە بیوکەکەی پێش هەموو شتێک دەکەوێ.

**کچ:** تازە دەوڵەمەندە.

**ئیل:** ئێستە بەناو نزماییەکانی پویکنڕیددا بئاژوو. بە لای زۆنگاوەکەدا تێپەڕە و بەناو ئەو جادەیەدا تێپەڕە کە ئەمبەر و ئەوبەری دارچنارە بە دەوری کۆشکی ڕاوەکەی شازادە هاسۆدا برۆ. ئەم هەورە خێوئاسایانە بە ئاسمانەوە، وەکو لە هاویندا بە سەر یەکدا کەڵەکە بوون. دەشتودەرێکی جوانە، لە تیشکی ئێوارەدا نغرۆ بووە. ئەمڕۆ بۆ یەکەم جارە بیبینم.

**کچ:** ڕەوشێکە وەکو چۆن ئادەلبێرت شتیفتەر وەسفی دەکا.

**ئیل:** چۆن لە لای کێ؟

**ئیل خان:** ئۆتیلییە ئەدەبیش دەخوێنێ.

**ئیل:** نایابە.

**کوڕ:** ئەوە هۆفباوەرە بە فۆلکسڤاگنەکەی. لە کافیگنەوە دەگەڕێتەوە.

**کچ:** بە بەچکە بەرازەکانییەوە.

**ئیل خان:** کارل باش دەئاژوێ. ئێستە چۆن بە ڕێکوپێکی پێچەکە دەبڕێ. پێویست ناکات مرۆڤ بترسێ.

**کوڕ:** گێڕی یەک. جادەکە سەربەرەو ژوورە.

**ئیل:** کاتێ بە ئێرەدا تێپەڕیم هەمیشە هەناسەم سوار دەبوو.

**ئیل خان:** خۆشحاڵم کە پاڵتۆ فەروەکەم لەبەرە، ساردی دەکا.

**ئیل:** بە هەڵە ئاژووتت. لێرەوە دەچێ بۆ بایزنباخ، دەبێ بگەڕێیتەوە و ئەمجا بە چەپدا بچیتە ناو دارستانی کۆنرادسڤایلەرەوە.

(چوار کەسەکە بە تەختە کورسییەکەوە دێن، ئێستە قاتیان لەبەرە، ئەوە نیشان دەدەن کە درەختن)

**یەکەم کەس:** جارێکی تر سنەوبەرین، سوورەچنارین.

**دووەم کەس:** دارکونکەرە و پەپوو، ئاسکی سرک.

**سێیەم کەس:** دێری لاولاو، تاریکی گڵ.

**چوارەم کەس:** سروشی پێش دنیا، زۆرجار گۆرانی پێدا وتراوە.

(کوڕەکە هۆڕن لێ دەدا)

**کوڕ:** دیسان ئاسکێک. ئەو ئاژەڵە لە جادەکە ڕاناکا.

(سێیەم کەس باز دەدا)

**کچ:** ڕامکراوە. ئێستە ئیتر ڕاو ناکرێ.

**ئیل:** لەژێر ئەو دارەدا ڕای بگرە.

**کوڕ:** فەرموو.

**ئیل خان:** چیت دەوێ؟

**ئیل:** بەناو دارستانەکەدا دەڕۆم. (هەڵدەستێ). لێدانی زەنگەکانی گویلن لێرە خۆشە. پشووە.

**کوڕ:** چوار زەنگن. ئێستە دەنگیان بە خۆشی دێت.

**ئیل:** هەموو شتێک زەرد بووە، ئێستە بە ڕاستی پایزە. گەڵای ڕژاو لەسەر زەوی وەکو کۆمەڵە زێڕ. (لە دارستانەکەدا پێی بە زەویدا دەکووتێ).

**کوڕ:** لە خوارەوە لە لای پردی گویلن چاوەڕێ دەکەین.

**ئیل:** پێویست ناکات. بەناو دارستانەکەدا دەچم بۆ شارۆکەکە. بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شار.

**ئیل خان:** ئەمجا دەچین بۆ کالبەرشتات، فرێدی، دەچین بۆ سینەماش.

**کچ:** خواحافیز، بابە.

**ئیل خان:** خواحافیز! خواحافیز!

(خێزانەکە بە کورسییەکانەوە دیار نامێنن. ئیل لە پشتەوە سەیریان دەکا، لەسەر تەختە کورسییەکی درێژی دارین دادەنیشێ، کە لە لای چەپەوەیە)

گڤەی با دێت. لە ڕاستەوە ڕۆبی و تۆبی بە کەژاوەکەوە دێن، کلەیر زاخاناسیان لە کەژاوەکەدا دانیشتووە و جلوبەرگە ئاساییەکەی لەبەردایە. ڕۆبی گیتارێکی بە پشتەوەیە. مێردی نۆیەم لە تەنیشتییەوە ڕێ دەکا، هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە، باڵابەرز، باریکەلانە، قژ و سمێڵی ماش و برنجە. (هەمیشە هەمان ئەکتەر دەتوانێ ئەم ڕۆڵە ببینێ.) نۆکەرەکە لە دوایانەوەیە.

**کلەیر زاخاناسیان:** دارستانی کۆنرادسڤایلەر، ڕۆبی و تۆبی ڕاوەستن.

(کلەیر زاخاناسیان لە کەژاوەکە دادەبەزێ، بە زەڕەبینە یەک چاوەکەی سەیری دارستانەکە دەکات، دەستی بە پشتی یەکەم کەسدا دەهێنێ).

**کەیر زاخاناسیان:** قالۆنچەی درەخت. ئەم درەختە دەمرێ. (هەست بە ئیل دەکات). ئەلفرێد! خۆشحاڵم کە دەتبینم. سەردانی دارستانەکەم بکە.

**ئیل:** دارستانی کۆنراِدسڤایلەریش هی تۆیە؟

**کەیر زاخاناسیان:** ئەویش هی منە. دەتوانم لە لات دانیشم؟

**ئیل:** بەڵێ، فەرموو. من ئێستە ماڵئاواییم لە خێزانەکەم کرد. دەچن بۆ سینەما. کارڵ ترومبێلێکی کڕیوە.

**کەیر زاخاناسیان:** پیشکەوتنە. (لە دەستی ڕاستی ئیلەوە دادەنیشێ)

**ئیل:** ئۆتیلییە دەچێت بۆ کۆرسێکی ئەدەب. لەگەڵیدا ئینگلیزی و فرەنسی.

**کەیر زاخاناسیان:** دەبینی، لە لایان هەست بۆ شتی ئیدیال دروست بووە. وەرە زۆبی، دابچەمێرەوە. مێردی نۆیەمم. هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە.

**ئیل:** زۆر خۆشحاڵم.

**کەیر زاخاناسیان:** زۆر سەیرە کاتێک بیر نەکاتەوە، زۆبی، بیر مەکەرەوە.

**مێردی ٩:** بەڵام ئازیزم ...

**کەیر زاخاناسیان:** سڵمەکەرەوە.

**مێردی ٩:** باشە. (بیر ناکاتەوە).

**کەیر زاخاناسیان:** دەبینی، ئێستە وەکو دیپلۆماتکار دیارە. هۆلک بەگم وە بیر دەهێنێتەوە، تەنیا ئەو کتێبی نەدەنووسی. دەیەوێ خۆی دوورەپەرێز بخات، بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە و سامانەکەم بەڕێوە ببات.

**ئیل:** پیرۆزبایی لێ دەکەم.

**کەیر زاخاناسیان:** هەستێکی خراپم هەیە، مرۆڤ پیاو بۆ مەبەستی نمایش ڕابگرێ، نەک وەکو شتێک بۆ بەکارهێنان. برۆ تۆژینەوە بکە، زۆبی،

کەلاوە مێژووییەکە لە دەستە چەپ دەدۆزیتەوە.

(مێردی ٩ دەچێت تۆژینەوە بکات. ئیل سەیری دەورووبەر دەکات)

**ئیل:** دوو پیاوە خەسێنراوەکە؟

**کلەیر زاخاناسیان:** دەستیان بە چەنەدان کرد. ناردیانم بۆ بانکۆک بۆ یەکێک لە ئەشکەوتەکانی ئەفیون. لەوێ دەتوانن جگەرە بکێشن و خەون ببینن. بەم زووانە نۆکەریش دەنێرم. پێویستم بەویش نامێنێ. بۆبی، ڕۆمیۆ و جولیت.

(نۆکەرەکە لە دواوە دێت و قوتووە جگەرەیەکی دەداتێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەلفرێد، تۆیش جگەرەیەکت دەوێ؟

**ئیل:** بەخۆشحاڵییەوە.

**کلەیر زاخاناسیان:** هەڵگرە. بۆبی، ئاگرمان بدەرێ.

(جگەرە دەکێشن)

**ئیل:** بۆنی زۆر خۆشە.

**کلەیر زاخاناسیان:** لەم دارستانەدا زۆرجار بە یەکەوە جگەرەمان کێشاوە، هێشتا لە بیرتە؟ جگەرەگەلێک کە تۆ لە لای ماتیلدە کڕیبووت. یان دزیبووت.

(کەسی یەکەم بە کلیل لە پایپەکە دەدات)

**کلەیر زاخاناسیان:** دیسان دارکونکەرەکەیە.

**کەسی چوارەم:** کوکوک! کوکوک!

**ئیل:** پەپووەکەیش.

**کلەیر زاخاناسیان:** ڕۆبی بە گیتارەکەی مۆسیقا بژەنێ؟

**ئیل:** تکایە.

**کلەیر زاخاناسیان:** زۆر باش دەژەنێ، بەهرەمەندترین جەردەی بکوژە، بۆ

چرکە کپەکانم پێویستم پێیەتی. ڕقم لە گرامافۆن و ڕادیۆ دەبێتەوە.

**ئیل:** لە دۆڵی بەردینی ئەفریقیادا بەتالیۆنێکیش ڕێ دەکا.

**کلەیر زاخاناسیان:** زۆر حەزت لەو گۆرانییە. من فێرم کردی.

(بێدەنگی. جگەرەکێشان. پەپوو... هتد. خوڕە و هاژەی دارستان. ڕۆبی بالادەکە دەژەنێ)

**ئیل:** تۆ مەبەستم ئێمە منداڵێکمان هەبوو؟

**کلەیر زاخاناسیان:** بێگومان.

**ئیل:** کوڕ بوو یان کچ؟

**کلەیر زاخاناسیان:** کچ.

**ئیل:** ناوی چیت لێنا؟

**کلەیر زاخاناسیان:** جەنەڤیڤە.

**ئیل:** ناوێکی خۆشە.

**کلەیر زاخاناسیان:** تەنیا یەکجار بینیم. لە کاتی لەدایکبووندا. ئەمجا لێیان سەندم. لە لایەن داڵدەی مەسیحییەوە.

**ئیل:** چاوەکانی؟

**کلەیر زاخاناسیان:** هێشتا نەکرابوونەوە.

**ئیل:** قژی؟

**کلەیر زاخاناسیان:** لەو بڕوایەدام ڕەش بوو، بەڵام منداڵانی تازە لە دایکبوو زۆر جار قژیان ڕەشە.

**ئیل:** وایە.

(بێدەنگی. جگەرەکێشان. ئاوازی گیتار)

**ئیل:** لە لای کێ مرد؟

**کلەیر زاخاناسیان:** لە لای خەڵکی. ناویانم لە بیر چووەتەوە.

**ئیل:** به چی؟

**کەیر زاخاناسیان:** هەوکردنی پێستی مێشک. لەوانەشە بە شتێکی تر. من کارتێکم لە پۆلیسەوە بۆ هات.

**ئیل:** لە کاتی مردندا مرۆڤ دەتوانێ پشت بە پۆلیس ببەستێ.

(بێدەنگی).

**کەیر زاخاناسیان:** من باسی کچەکامانم بۆ کردی. ئێستە تۆ باسی من بکە.

**ئیل:** باسی تۆ؟

**کەیر زاخاناسیان:** چۆن بووم، کاتی تەمەنم حەڤدە بوو و تۆ سێکست لەگەڵ کردم.

**ئیل:** دەبوو لە کادانەکەی پیتەردا ماوەیەکی زۆر بە دواتدا بگەڕێم، لە ناو پەیتوونەکەدا دۆزیتمەوە تەنیا کراسێکت لەبەردا بوو و پووشێکی درێژ لە نێوان لێوەکانتدا بوو.

**کەیر زاخاناسیان:** تۆ بەهێز و ئازا بووی. لەگەڵ کرێکارەکەی ئاسنەڕێگە شەڕت کرد، کە دوام دەکەوت. بە ئاوەڵکراسە سوورەکەم خوێنی سەر ڕووخسارتم سڕییەوە.

(دەنگی گیتارەکە نامێنێ)

**کەیر زاخاناسیان:** بالادەکە کۆتایی هات.

**ئیل:** ئەی وڵاتی شیرین و جوانیش.

**کەیر زاخاناسیان:** بۆبی ئەوەش دەزانێ.

(گیتارژەندن دەست پێ دەکاتەوە)

**ئیل:** ئێستە کاتی هات. بۆ دوا جار لە دارستانە بەدناکەکەمان دادەنیشین کە پڕە لە پەپوو و گڤەی با.

(درەختەکان لقەکانیان دەشەکێننەوە)

**ئیل:** ئەمڕۆ ئێوارە ئەنجوومەن کۆ دەبێتەوە. حوکمی مەرگم بە سەردا دەدەن و یەکێکیش دەمکوژێ. نازانم کێ دەمکوژێ و لە کوێ دەکوژرێم، تەنیا دەزانم، کە ژیانێکی بێ مانا کۆتایی پێ دەهێنم.

**کلەیر زاخاناسیان:** خۆشم ویستی. تۆ منت فرۆشت. بەڵام خەون بە ژیانەوە، بە ئەڤینەوە، بە متمانەوە، ئەم خەونە ڕاستەقینەیەی جارانم لە بیر نەچووەتەوە. دەمەوێ بە ملیاردەکانم جارێکی تر بینای بکەمەوە، ڕابردووە بگۆڕم بەوەی تۆ لەناو دەبەم.

**ئیل:** سوپاست دەکەم بۆ چەپکە گوڵەکان، بۆ گوڵە داودییەکان و گوڵاڵە سوورەکان.

(سەرلەنوێ گڤەی با دێت)

**ئیل:** جوان دەبن لەسەر داربەستەکە لە پەیامبەری زێڕیندا. نایاب.

**کلەیر زاخاناسیان:** لە داربەستەکەتدا دەتبەم بۆ کاپری. لە باخی کۆشکەکەمدا ئارامگەیەکم بەکردن دا. بە دارسەروو دەورە دراوە. بە سەر دەریای ناوەڕاستدا دەڕوانێ.

**ئیل:** تەنیا لە وێنەدا بینیوومە.

**کلەیر زاخاناسیان:** شینێکی تۆخ. ڕوانگەیەکی بەشکۆ. تۆ لەوێ دەمێنیتەوە. لە لای خۆم.

**ئیل:** ئێستە تۆ ئەی وڵاتی شیرین و جوانیش کۆتاییی هات.

(مێردی ٩ دەگەڕێتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ. لە وێرانەکەی گەڕایەوە. چی بوو زۆبی؟

**مێردی ٩:** سەرەتای مەسیحییەتە. هونەکان وێرانیان کردووە.

**کلەیر زاخاناسیان:** بە داخەوە. دەستت. ڕۆبی و تۆبی کەژاوەکە.

(دەچێتە ناو کەژاوەکەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** ئەلفرێد، خواحافیز.

**ئیل:** خواحافیز کلارا.

(کەژاوەکە بەرەو دواوە هەڵدەگرن. ئیل لەسەر تەختە کورسییەکە دەمێنێتەوە. درەختەکان لقەکانیان دادەنێن. لە سەرەوە دەرگەیەکی شانۆ دێتە خوارەوە بە پەردە و جلوبەرگ و پەڕۆی شانۆوە، تابلۆیەک لە سەری نووسراوە ژیان جیدییە، هونەر خۆشییە. لە پشتەوە پۆلیسەکە دێت، یونیفۆرمێکی نوێی بە شکۆی لەبەردایە، لە لای ئیل دادەنیشێ. ڕۆژنامەوانێکی ڕادیۆ دێت، دەمی دەکاتە میکرۆفۆنەکە و دەست بە قسە دەکات، لە کاتێکدا خەڵکی گویلن کۆدەبنەوە. هەموویان جلی نوێی دڵگیریان لەبەردایە، هەموو قاتیان لەبەردایە. لە هەموو شوێنێک وێنەگری ڕۆژنامە، ڕۆژنامەوان، کامیرای فلیم)

**بێژەری ڕادیۆ:** خانمان و بەڕێزانم. دوای وێنەگرتنەکان لە ماڵی لەدایکبوون و گفتوگۆ لەگەڵ قەشەدا ئامادەی بۆنەیەکی دەڤەرەکەین. ئێمە لە چڵەپۆپەی ئەو سەردانەدا دێین، کە کلەیر زاخاناسیان خان ئێستە بۆ شارۆکەی دڵڕفێن و خۆشی خۆی دەیکات. خانمە بەناوبانگەکە خۆی لێرە نییە، بەڵام شارەدار بە ناوی ئەوەوە ڕوونکردنەوەیەکی گرینگ دەدات. ئێمە لە هۆڵی شانۆین لە پەیامبەری زێڕین، ئەو هۆتێلەی کە گوێتە تێیدا خەوتووە. لەسەر شانۆ، ئەگینا بۆ بۆنەکانی گرووپەکە و نمایشی میوانداری ماڵی نواندنی کالبەرشتات بەکار دەهێنرێ، پیاوان کۆ دەبنەوە. بەپێی نەریتی کۆن وەکو ئێستە شارەدار زانیاریی دا. ژنان لە هۆڵی بینەرانن ئەمەش نەریتە. ڕەوشێکی ئاهەنگئامێزە، ورووژان ناوازەیە، پانۆرامای هەفتە هاتووە بۆ ئێرە، هاوکارەکانی تەلەڤزیۆنم، پەیامنێر لە هەموو جیهانەوە و ئێستەش شارەدار دەست بە وتاردان دەکا.

(پەیامنێرەکە بە مایکرۆفۆنەکەوە دەچێ بۆ لای شارەدار، کە لە ناوەڕاستی شانۆدا وەستاوە، پیاوانی گویلن بە نیوەبازنە بە دەوریەوەن)

**شارەدار:** بە خێرهاتنی شارەوانی گویلن دەکەم. من کۆبوونەوەکە دەکەمەوە. کارنامە: تەنیا یەک شت. ئەو شەرەفەم پێ دراوە، ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە خاتوو کلەیر زاخاناسیان، کچی هاوولاتی بەناوبانگمان، ئەندازیاری بیناسازی گۆتفرید ڤێشەر، دەیەوێ، ملیاردێکمان بۆ بکات بە دیاری.

(غەڵبەغەڵبێک بە ناو میدیادا)

**شارەدار:** نیو ملیۆن بۆ شار، نیو ملیۆن بە سەر هەموو دانیشتواندا دابەش دەکرێ.

(بێدەنگی)

**بێژەری ڕادیۆ:** (بە دەنگی نزمەوە): گوێگرە ئازیزەکان. ڕووداوێکی ورووژێنەرە. دەزگەیەکی خێرخوازیی، کە لە پڕ دانیشتوانی شارۆکەکە دەکاتە خەڵکی دەوڵەمەند و بەمەش یەکێک لە گەورەترین ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم قۆناغەمان بەرجەستە دەکات. شارەوانیش وەکو گێژ بووبێ. بێدەنگییەکی قووڵ. کاریگەریی بە سەر هەموو ڕووخسارەکانەوەیە.

**شارەدار:** فەرموو با مامۆستا قسە بکات.

(پەیامنێری ڕادیۆ خۆی بە مایکرۆفۆنەکەیەوە لە مامۆستا نێزیک دەکاتەوە)

**مامۆستا:** گویلنییەکان. دەبێ بۆمان ڕوون بێت، کە زاخاناسیان خان بەم دیارییە شتێکی دیاریکراوی دەوێ. ئەم شتە دیاریکراوە چییە؟ دەیەوێ بە پارە خۆشبەختمان بکات، پارەبارانمان بکات، کارگەکانی

ڤاگنەر چاک بکاتەوە، کوخی – گۆڕەپانی – بەر – هەتاو، بۆکمان – ئێوە دەزانن، کە ئەمە وا نییە. کلەیر زاخاناسیان پلانی شتی گرینگتر دادەنێ. بۆ ملیاردەکەی دادپەروەری دەوێ. دەیەوێ میللەتەکەمان ببێتە میللەتێکی دادپەوەر. ئەم داواکارییە وامان لێ دەکا هەڵوەستە بکەین. ئایا ئێمە میللەتێکی دادپەروەر نەبووین؟

**یەکەم کەس:** هەرگیز!

**دووەم کەس:** تاوانێکمان قبووڵ کرد!

**سێیەم کەس:** حوکمێکی هەڵە!

**چوارەم کەس:** سوێندی درۆ!

**دەنگی ژنێک:** سەرسەرییەک!

**دەنگی تر:** زۆر ڕاستە!

**مامۆستا:** میللەتی گویلن! ئەمە ڕاستییە تاڵەکەیە: ئێمە نادادپەروەریمان قبووڵ کرد، ئێستە ئەو ئەگەرە دارایيە دەبینم، کە ملیاردەکەمان دەداتێ؛ بە هیچ جۆرێک ئەوە لە بیر ناکەم، کە هەژاری هۆکاری ئەوەندە بەدناکی، تاڵییە و لەگەڵ ئەوەشدا: ئەمە لەبەر پارە نییە – (چەپڵەیەکی زۆر) – لەبەر خۆشگوزەرانیی و ژیانێکی خۆش نییە، نەک لەبەر تەنتەنە، ئەمە لەبەر ئەوەیە، ئاخۆ ئێمە دەمانەوێ دادپەروەریی پیادە بکەین، نەک تەنیا دادپەروەری، بگرە هەموو ئەو ئیدیالانەش، کە باوباپیرانمان بۆی ژیاون و بۆی تێکۆشاون و بۆی مردوون، کە بەهای خۆرئاوا پێ کدەهێنن! (چەپڵەیەکی زۆر). ئازادیی لە مەترسیدایە، ئەگەر خۆشەویستی بۆ ئەوانی تر پێشێل بکرێ، ئەو فەرمایشتەی، لاوازەکان بپارێزی پەیڕەو نەکرێت، سووکایەتی بە ژن و مێردایەتی بکرێ، دادگە فریو بدرێت، دایکێکی گەنج تووشی نەگبەتی بکرێت. (هووهاکێشان). بە ناوی خواوە ئێمە دەبێ

ئیدیالەکانمان بە جیدی وەرگرین، جیدیەتێکی خوێناوی. (چەپڵەی زۆر). دەوڵەمەندی تەنیا کاتێک مانای هەیە، کە دەوڵەمەندیی لێبووردەیی لێوە پەیدا ببێ: بەڵام تەنیا کەسێک دەبەخشرێ، کە تینووی بەخشین بێت. ئەو تینوویتییەتان هەیە، گویلنییەکان، ئەم تینوویتییەی ڕۆح و نەک تەنیا تینوویتییەکەی تر، دناییەکە، تینوویتی جەستە؟ ئەمە پرسیارەکەیە، چۆن من وەکو بەڕێوەبەری دواناوەندی دەمەوێ جاری بۆ بدەم. تەنیا ئەگەر ئێوە بەدناکی قبووڵ ناکەن، تەنیا ئەگەر ئێوە ئیتر بە هیچ جۆرێک ناتوانن لە جیهانێکی نادادپەروەردا بژین، دەتوانن ملیاردەکەی زاخاناسیان خان وەرگرن و مەرجەکەی جێبەجێ بکەن، کە بەم دەزگا خێرەومەندەوە بەستراوە. گویلنییەکان، تکایە بیر لەمە بکەنەوە.

(هارەی چەپڵە)

**پەیامنێری ڕادیۆ:** خانمان و بەڕێزانم، گوێتان لە چەپڵەیە. من خورپە لە دڵمەوە دێت. وتارەکەی بەڕێوەبەر گەورەییەکی ئاکاری سەلماند، کە ئێمە ئەمڕۆ بەداخەوە – زۆر نایدۆزینەوە. ئازایانە ئاماژە بۆ نالەبارییە گشتییەکان کرا، بۆ نادادپەروەرییەکان، کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕوو دەدەن، لە هەموو شوێنێکی مرۆڤ هەبێت.

**شارەدار:** ئەلفرێد ئیل–

**پەیامنێری ڕادیۆ:** شارەدار جارێکی تر قسە دەکات.

**شارەدار:** ئەلفرێد ئیل، دەبێ پرسیارێکتان لێ بکەم.

(پۆلیسەکە پاڵێک بە ئیلەوە دەنێ. ئیل هەڵدەستێتە سەر پێ. بێژەری ڕادیۆ بە مایکرۆفۆنەکەوە دێت بۆ لای)

**پەیامنێری ڕادیۆ:** ئێستەش دەنگی ئەو پیاوەی کە بە پێشنیازی ئەو دەزگای خێرەومەندەی زاخاناسیان دامەزرێنرا، دەنگی ئەلفرێد ئیل، هاوڕێی

گەنجیی ژنە خێرەومەندەکە. ئەلفرێد ئیل پیاوێکی چوست و چالاکی نێزیکەی حەفتا ساڵە. گویلنییەکی ڕێک و ڕاست و ڕاشکاو، بە شێوەیەکی سروشتی سوپاسبژێرییەکی و ئاسوودەییەکی قووڵ دایانگرتووە.

**شارەدار:** لەبەر ئێوە ئەم دەزگا خێرەومەندەمان خرایە بەردەست، ئەلفرێد ئیل. خۆتان ئاگەداری ئەوەن؟

(ئیل بە دەنگی نزم شتێک دەڵێ)

**پەیامنێری ڕادیۆ:** دەبێ بە دەنگی بەرزتر قسە بکەن، پیرەمێردی باش، بۆ ئەوەی گوێگرەکانمان شتێک تێ بگەن.

**ئیل:** بەڵێ.

**شارەدار:** بڕیارەکەمان بووە وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی دەزگای خێرەومەندیی کلەیر زاخاناسیان قبووڵ دەکەن؟

**ئیل:** من قبووڵی دەکەم.

**شارەدار:** کەس پرسیاری هەیە لە ئەلفرێد ئیل بکات؟

(بیدەنگی)

**شارەدار:** کەس لە بارەی دەزگای خاتوو زاخاناسیانەوە سەرنجی هەیە؟

(بێدەنگی)

**شارەدار:** بەڕێز قەشە؟

(بێدەنگی)

**شارەدار:** بەڕێز پزیشکی شار؟

(بێدەنگی)

**شارەدار:** پۆلیس.

(بێدەنگی)

**شارەدار:** ئۆپۆزسیۆنی سیاسی؟

(بێدەنگی)

**شارەدار:** بەرەو دەنگدان هەنگاو دەنێم.

(بێدەنگی، تەنیا گیزەی ئامێری فیلم، تیشکی فلاشی کامیراکان)

**شارەدار:** هەر کەسێک بە دڵێکی پاکەوە دەیەوێ دادپەروەریی پیادە بکات با دەستی بەرز بکاتەوە.

(جگە لە ئیل هەموو دەست بەرز دەکەنەوە)

**پەیامنێری ڕادیۆ:** بێدەنگییەکی عیبادەتئاسا لە هۆڵی شانۆدا. جگە لە دەریایەک دەستی بەرزبووەوە هیچی تر نییە، وەکو سوێندێکی مەزن بۆ دنیایەکی باشتر، دادپەروەرتر. تەنیا پیرەمێردەکە بەبێ جووڵە دانیشتووە، شادمانی دای گرتووە. بە ئامانجی خۆی گەیشت، دەزگاکە لە سایەی کچە خێرەومەندە هاوڕێی گەنجییەکەیەوە دامەزراوە.

**شارەدار:** دەزگای کلەیر زاخاناسیان قبووڵ کرا. بە یەک دەنگ. نەک لەبەر پارە –

**خەڵکەکە:** لەبەر پارە نا–

**شارەدار:** بەڵکو لەبەر دادپەروەریی–

**خەڵکەکە:** بەڵکو لەبەر دادپەروەریی–

**شارەدار:** لەبەر تەنگەتاوبوونی ویژدان.

**خەڵکەکە:** لەبەر تەنگەتاوبوونی ویژدان.

**شارەدار:** چونکە ئێمە ناتوانین بژین ئەگەر تاوانێک لە ناوماندا قبووڵ بکەین–

**خەڵکەکە:** چونکە ئێمە ناتوانین بژین، ئەگەر تاوانێک لە ناوماندا قبووڵ بکەین–

**شارەدار:** کە ئێمە دەبێ بنەبڕی بکەین–

**خەڵکەکە:** کە ئێمە دەبێ بنەبڕی بکەین–

**شارەدار:** بۆ ئەوەی ڕۆحەکانمان زەرەرمەند نەبن–

**خەڵکەکە:** بۆ ئەوەی ڕۆحەکانمان زەرەرمەند نەبن–

**شارەدار:** شمەکە پیرۆزەکانیشمان.

**خەڵکەکە:** شمەکە پیرۆزەکانیشمان.

**ئیل:** (هاوار دەکا): خوای گەورە!

(هەموو بە شکۆوە بە دەستی بەرزکراوەوە وەستاون، بەڵام ئێستە خەوشێک کەوتووەتە کامێرای پانۆڕامای هەفتەوە)

**وێنەگر:** بە داخەوە، بەڕێز شارەدار. ڕووناکییەکە وەستا. تکایە جارێکی تر دەنگدانی کۆتایی.

**شارەدار:** جارێکی تر؟

**وێنەگر:** بۆ فلیمی پانۆڕامای هەفتە.

**شارەدار:** بێگومان.

**وێنەگر:** فلوتەرەکان تەواون.

**دەنگێک:** کار دەکا.

**وێنەگر:** دەی.

(شارەدار بە پۆزەوە دادەنیشێ)

**شارەدار:** هەر کەسێک بە دڵی پاکەوە دەیەوێ دادپەروەریی پیادە بکات، با دەستی بەرز بکاتەوە.

(هەموو دەستیان بەرز دەکەنەوە)

**شارەدار:** دەزگای کلەیر زاخاناسیان قبووڵ کرا. بە یەک دەنگ. نەک لەبەر پارە –

**خەڵکەکە:** لەبەر پارە نا-

**شارەدار:** بەڵکو لەبەر دادپەروەریی-

**خەڵکەکە:** بەڵکو لەبەر دادپەروەریی-

**شارەدار:** لەبەر تەنگەتاوبوونی ویژدان.

**خەڵکەکە:** لەبەر تەنگەتاوبوونی ویژدان.

**شارەدار:** چونکە ئێمە ناتوانین بژین ئەگەر تاوانێک لە ناوماندا قبووڵ بکەین-

**خەڵکەکە:** چونکە ئێمە ناتوانین بژین، ئەگەر تاوانێک لە ناوماندا قبووڵ بکەین-

**شارەدار:** کە ئێمە دەبێ بنەبڕی بکەین-

**خەڵکەکە:** کە ئێمە دەبێ بنەبڕی بکەین-

**شارەدار:** بۆ ئەوەی ڕۆحەکانمان زەرەرمەند نەبن-

**خەڵکەکە:** بۆ ئەوەی ڕۆحەکانمان زەرەرمەند نەبن.

**شارەدار:** شمەکە هەرە پیرۆزەکانیشمان.

**خەڵکەکە:** شمەکە هەرە پیرۆزەکانیشمان.

(بێدەنگی)

**وێنەگر:** (بە دەنگی نزم): ئیل! نا!

(بێدەنگی)

**وێنەگر:** (بە نائومێدییەوە): کەواتە نا. لەم مەینەتییە، کە هاواری شادیی خوای گەورە نەهات، ئەوە زۆر کاریگەر بوو.

**شارەدار:** بەڕێزانی میدیا، ڕادیۆ و فلیم دەعوەتی خواردنێکی خێران. لە خواردنگە. باشترین شت ئەوەیە لە دەرگای شانۆوە هۆڵەکە بەجێ بهێڵن. بۆ ژنان لە باخچەی پەیامبەری زێڕین چا ئامادە کراوە.

(ڕۆژنامەوان، کارکەرانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە لای ڕاست شانۆدا لە پشتەوە دەڕۆن. پیاوەکان بەبێ جووڵە لەسەر شانۆ دەمێننەوە. ئیل هەڵدەستی، دەیەوێ بڕوا)

**پۆلیس:** مەڕۆ! (پاڵ بە ئیلەوە دەنێ لەسەر تەختەکە بمێنێتەوە).

**ئیل:** هەر ئەمڕۆ دەتانەوێ بیکەن؟

**پۆلیس:** بێگومان.

**ئیل:** وام بیر کردەوە، باشترین شت ئەوەیە لە لای من ڕوو بدا.

**پۆلیس:** لێرە ڕوو دەدا.

**شارەدار:** هیچ کەس لە هۆڵی بینەران نەماوە؟

(سێیەم کەس و چوارەم کەس سەیری خوارەوە دەکەن)

**سێیەم کەس:** هیچ کەسێک نەماوە.

**شارەدار:** کەس لە گەلەرییەکە نییە؟

**چوارەم کەس:** خاڵییە.

**شارەدار:** دەرگەکان داخەن. کەس بۆی نییە ئیتر بێتە ژوورەوە.

(دوو کەسەکە دەچنە هۆڵی بینەرانەوە)

**سێیەم کەس:** داخراوە

**چوارەم کەس:** داخراوە.

**شارەدار:** گڵۆپەکان بکوژێننەوە. تریفەی مانگی چواردە لە پەنجەرەکانی گالەرییەوکەوە دێتە ژوورەوە. ئەوە بەسە.

(شانۆکە تاریک دەبێ. لەبەر تریفە کزەکەی مانگەکەدا مرۆڤەکان تەنیا ناڕوون دەبینرێن)

**شارەدار:** کۆڵانێک پێک بێنن.

(گویلنییەکان کۆڵانێکی بچووک پێک دەهێنن، کە لە کۆتاییەکەیدا

وەرزشـەوانەکـە وەسـتـاوە، ئێسـتـە پانتـۆڵی نایابی سـپـیی لەبەرە. پشتێنێکی سووری لەسەر فانیلەی مەشقەکەی بەستووە!)

**شارەدار:** بەڕێز قەشە، فەرموون.

(قەشە لەسەرخۆ دەچێ بۆ لای ئیل، لە تەنیشتییەوە دادەنیشێ)

**قەشە:** ئیل، ئێستە، کاژێرە قورسەکەتان هات.

**ئیل:** جگەرەیەک.

**قەشە:** جگەرەیەک، بەڕێز شارەدار.

**شارەدار:** (بە گەرمییەوە) بێگومان. جگەرەیەکی بەتایبەت باش.

(پاکـەتەکـە دەداتە دەسـتـی قـەشـە، ئـەویش بۆ ئیلـی ڕا دەگـرێ. ئیل جگەرەیـەک هـەڵدەگـرێ، پۆلیـسـەکـە بۆی دادەگـیـرسـێنێ، قـەشـە پاکەتەکە دەداتەوە بە شارەدار)

**قەشە:** وەکو ئامۆسی پەیامبەر وتوویەتی-

**ئیل:** تکایە نەء. (جگەرە دەکێشێ).

**قەشە:** ناترسن؟

**ئیل:** ئێستە زۆر وەکو پێشوو ناترسم. (جگەرە دەکێشێ).

**قەشە:** (دەستەوسان): من نزاتان بۆ دەکەم.

**ئیل:** نزا بۆ گویلن بکەن.

(ئیل جگەرە دەکێشێ. قەشە لەسەرخۆ هەڵدەسێ)

**قەشە:** خوایە ڕەحممان پێ بکەی.

(قەشە لەسەرخۆ دەچیتە ڕیزی ئەوانی ترەوە)

**شارەدار:** ئەلفرێد ئیل، هەستنە سەرپێ.

(ئیل خۆی دوا دەخا)

**پۆلیس:** هەستە سەرپێ هەی بەراز. (لە جێی خۆی بەرزی دەکاتەوە).

**شارەدار:** پۆلیسی چاودێر، بە سەر خۆتاندا زاڵ بن.

**پۆلیس:** ببوورە. کۆنترۆڵم لە دەست دا.

**شارەدار:** ئەلفرێد ئیل، وەرن.

(ئیل جگەرەکەی دەخاتە خوارەوە، بەپێ دەیکوژێنێتەوە، ئەمجا لەسەرخۆ دەچێتە ناوەڕاستی شانۆوە، پشت لە بینەران دەکا)

**شارەدار:** بچۆ ناو کۆڵانەکەوە.

(ئیل خۆی دوا دەخات)

**پۆلیس:** دەی، بڕۆ.

(ئیل لەسەرخۆ دەچێتە ناو کۆڵانی پیاوە بێدەنگەکانەوە، لە پشتی پشتەوە وەرزشەوانەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئیل ڕادەوەستێ، ئاوڕ دەداتەوە، دەبینێ چۆن بێبەزەییانە کۆڵانەکە دادەخرێ، دەکەوێتە سەر چۆک. کۆڵانەکە دەبێتە ئاپۆرەیەک مرۆڤ، بێدەنگ، تۆپەڵ دەبێ، ئیل لەسەرخۆ لەسەر چیچکان دادەنیشێ. بێدەنگی. لە چەپەوە ڕۆژنامەوان دێن، شانۆکە ڕووناک دەبێتەوە)

**ڕۆژنامەوان ١:** لێرە چی ڕوو دەدا؟

ئاپۆرەی مرۆڤەکان بڵاوەی لێ دەکەن. پیاوەکان لە پشتەوە کۆ دەبنەوە، بە بێدەنگی. تەنیا پزیشکەکە دەمێنێتەوە، لە بەردەم تەرمێکدا چۆکی داداوە، کە پەردەیەکی خەتخەتی سەر مێزی بە سەردا بڵاو کراوەتەوە، لەو پەردەیەی کە لە میوانخانەکاندا بەکار دەهێنرێ. پزیشکەکە هەڵدەستێ. ستێتۆسکۆپەکە لادەبا.

**پزیشک:** دڵی وەستاوە.

(بێدەنگی).

**شارەدار:** مردن لە خۆشیدا.

**ڕۆژنامەوان ١:** مردن لە خۆشیدا.

**ڕۆژنامەوان ٢:** ژیان جوانترین چیرۆک دەنووسێ.

**ڕۆژنامەوان ١:** با دەست بە کار بکەین.

(ڕۆژنامەوانەکان بە هەڵەداوان بە لای ڕاستی پشتەوەی شانۆدا دەڕۆن، لە چەپەوە کلەیر زاخاناسیان دێت، نۆکەرەکەی بەدواوەیە. تەرمەکە دەبینێ، ڕادەوستێ، ئەمجا لەسەرخۆ دەچێتە ناوەڕاستی شانۆوە، پشت لە بینەران دەکات).

**کلەیر زاخاناسیان:** بیهێنن بۆ ئێرە.

(ڕۆبی و تۆبی بە دەستەبەرێکەوە دێن، ئیلی دەخەنە سەر و دەیبەنە بەر پێی کلەیر زاخاناسیان).

**کلەیر زاخاناسیان:** (بەبێ جووڵە) بۆبی، پەڕۆکەی لەسەر لا بە.

(نۆکەرەکە پەردەکە لەسەر ڕووخساری ئیل لا دەبا. کلەیر سەیری دەکا، بەبێ جووڵە، تاوێکی درێژ)

**کلەیر زاخاناسیان:** دیسان وەکو جارانی لێهاتەوە، وەکو پێش ماوەیەکی زۆر، پڵنگە ڕەشەکە. داپۆشە.

(نۆکەرەکە ڕووخساری دادەپۆشێتەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** هەڵیگرن بۆ ناو تابووتەکە.

(ڕۆبی و تۆبی تەرمەکە بە لای چەپدا دەبەنە دەرەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** بمبەنە ژوورەکەی خۆمەوە، بۆبی. جانتاکان بپێچنەوە. دەچین بۆ کاپری.

(نۆکەرەکە دەستی دەداتێ، کلەیر لەسەرخۆ بە لای چەپدا دەچێتە دەرەوە، دەوەستێ)

**کلەیر زاخاناسیان:** شارەدار.

(لە پشتەوە، لە ڕیزی پیاوە بێ دەنگەکانەوە شارەدار لەسەرخۆ دێتە پێشەوە)

**کلەیر زاخاناسیان:** چەکی پارەکە. (کاغەزێکی دەداتە دەستەوە و لەگەڵ نۆکەرەکەدا دەچێتە دەرەوە).

(ئەگەر جلە هەمیشە باشترەکان خۆشگوزەرانیی گەشەسەندووی بەرجەستە دەکرد، خاکی، ناسک، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانرێ خۆی لێ بێ ئاگا بکرێ، شانۆکە هەمیشە جوانتر بوو، گۆڕا، بە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا هەڵزنا، وەکو مرۆڤ بەبێ ئەوەی تێبینی بکات لە پەناگەیەکی هەژارانەوە بۆ شارێکی خانەدانی نوێباو بگوازێتەوە، خۆی دەوڵەمەند کرد، ئێستە ئەم بەرزبوونەوەیە لە وێنەی کۆتاییدا دەگاتە چڵەپۆپەی شکۆداری. جیهانە خۆڵەمێشییەکەی جاران گۆڕایە شتێکی تەکنیکی بریقەدار، گۆڕایە دەوڵەمەندی، دەڕژێتە ناو جیهانی کۆتاییی خۆشنوودەوە. بەیداخ، گوڵبەند، پلاکات، تیشکی نیۆن دەوری وێستگە تازە چاککراوەکەیان داوە، لە سەرووی ئەمانەوە گویلنییەکان، ژنان و پیاوان بە جلی ئاهەنگ و قاتەوە، دوو کۆراڵیان پێکهێناوە، نێزیکە لە تراجیدیای یۆنانییەوە، نەک بەڕیکەوت، بەڵکو وەکو دیاریکردن، وەکو کەشتییەکی شکاو لەوێ بێت، لە کەنار دوور کەوتبێتەوە، دوا سیگناڵ لێ دەدا).

**کۆراڵی ١:** بەدناک زۆرە

بوومەلەرزەی مەزن

شاخی ئاگرپژێن، شەپۆلەکانی دەریا

شەڕ، زرێپۆش بە ناو کێڵگەی گەنمەشامیدا

هارەهارِ دەکا

دۆمەڵانی خۆرئاسای بۆمبی ئەتۆم.

**کۆراڵی ٢:** بەڵام هیچ شتێک لە هەژاریی

بەدناکتر نییە

چونکە سەرچڵیی نازانێ
بێنەوا باوەش بە ڕەگەزی مرۆڤدا دەکا
ڕۆژی کلۆڵ بە ڕۆژی کلۆڵەوە دەنێ.
**ژنەکان:** دەستەوەستان دایکان
ئازیزان دەبینن دەمرن.
**پیاوان:** بەڵام پیاو زەینی
تووڕەیی دەکا
بیر لە خیانەت دەکاتەوە.
**یەکەم کەس:** بە پێڵاوی خراپەوە ڕێ دەکا
**سێیەم کەس:** گیای بۆگەن لە نێوان لێوەکاندا.
**کۆراڵی ١:** چونکە ئەو شوێنانەی کار
ڕۆژێک لە ڕۆژان نانیان دەهێنا
ئێستە خاڵین.
**کۆراڵی ٢:** شەمەندەفەرە زرەکەرەکان
خۆیان لەم شوێنە لا دەدەن.
**هەموو:** خۆمان سەلامەت بین
**ئیل خان:** ئەوانەی چارەنووسێکی میهرەبان
**هەموو:** گشت ئەو شتانەی لابرد.
**ژنان:** ئێستە جلی شیاو
جەستەی ناسک دەورە دەدا.
**کوڕ:** کوڕەکە ترومبێلی وەرزشی
دەئاژووێ.
**پیاوان:** ترومبێلی بازرگانەکان.

**کچ:** کچ ڕاوی ئاهەنگ دەکا
به سەر ڕووبەری سوورەوە.
**پزیشک:** له هۆڵی نوێی نەشتەرگەریی کاشی سەوز کراودا
پزیشک به خۆشنوودییەوە نەشتەرگەریی دەکا.
**هەموو:** شیو؟
له ماڵ هەڵمی لێ هەڵدەسێ. ئاسوودە
پێڵاوی ڕەحەت له پێ
له هەموو گیای باشتر دەکێشێ.
**مامۆستا:** زانخوازەکان زانخوازانە فێر دەبن.
**دووەم کەس:** پیشەسازیکاری چالاک
گەنجینە به سەر گەنجینەدا
کەڵەکە دەکا.
**هەموو:** ڕێمبراند به سەر ڕوبنسدا
**نیگارکێش:** هونەر به باشی
هونەرمەند تێر دەکا.
**قەشە:** له کریستمەس، ئیستەر و پێنتکۆست
دێرەکە پڕ بووە و جمەی دێت
له قەڵەباڵغی مەسیحییەکان
**هەموو:** ئەی شەمەندەفەرەکان
پرشنگدارەکان، به شکۆکان
خێرا به سەر ئاسنەڕیگادا
له شاری دراوسێوە بۆ شاری دراوسێ،
گەلان بەیەکەوە دەبەستێ

جارێکی تر دەوەستن.

(لە چەپەوە بلیتبڕەکە دێت)

**بلیتبڕ:** گویلن.

چاودێری وێستگە: شەمەندەفەری خێرا گویلن – ڕۆما، تکایە سەرکەون! ڤاگۆنی هۆڵ لە پێشەوەیە!

(لە پشتەوە کلەیر زاخاناسیان لەناو کەژاوەکەیدا دێت، بەبێجووڵە، بتێکی کۆنی بەردین، لە نێوان دوو کۆراڵەکەوە دێتە پێشەوە، دەست و پێوەندەکەی یاوەریی دەکەن)

**شارەدار:** دەڕوا

هەموو ئەوەی بە دڵفراوانی دیاری پێشکێشکردین

**کچ:** ژنە خێرەومەندەکە

**هەموو:** لەگەڵ دەست و پێوەندە نەجیبەکەیدا!

(کلەیر زاخاناسیان لە ئەو سەری ڕاستی شانۆوە دیار نامێنێ، لە دوای دواوە خزمەتکارەکان تابووتەکە بە ڕێگەیەکی درێژدا بۆ دەرەوە هەڵدەگرن)

**شارەدار:** ماڵی ئاوا بێ.

**هەموو:** شتی گران لەگەڵ خۆی دەبا، ئەوەی جێی متمانەی بوو.

چاودێری وێستگە: شەمەندەفەرەکە دەکەوێتە ڕێ!

**هەموو:** بەڵام بیپارێزێ

**قەشە:** خوایەک

**هەموو:** لە سەردەمێکدا کە پێ بەزەویدا دەکوتێ،

کە خل دەبێتەوە

**شارەدار:** خۆشگوزەرانی

**هەموو:** شتە پیرۆزەکانمان بپارێزە،
ئاشتی بپارێزە.
ئەی شەو لێمان بە دوور بە
ئیتر شارەکەمان تاریک مەکە
شارە بەشکۆ تازە سەرهەڵداوەکەمان
بۆ ئەوەی بەخۆشبەختییەوە لە زەت لە خۆشبەختی ببینین.

## سەرچاوەکان

Friedrich Dürrenmatt, der Besuch der alten Dame, Tragische Komödie, Diogenes, Zürich, 1998
Wilhelm Groe, Friedrich Dürrenmatt, Reclam, Stuttgart, 2006
Bernd Matzkowski, Der Besuch der alten Dame, Bange, Hollfeld, 2008
Willi Huntemann, Der Besuch der alten Dame, Reclam, Stuttgart, 2010

یۆهان ڤۆڵفگانگ فۆن گوێتە: شاعیرێکی ئەڵمانە (١٨٣٢-١٧٤٩).
برامز: ئاوازدانەر و پیانۆژەن و مایسترۆیەکی ئەڵمانییە (١٨٩٧-١٨٣٣).
بێرتۆڵد شڤارتس: قەشەیەکی ئەڵمانی بووە گوایە دەوروبەری ساڵی ١٣٣٠ بارووتی دۆزیوەتەوە.
گۆتیک: قۆناغێکی بیناسازیی و هونەریی ئەوروپاییە، لە دەوروبەری ١١٤٠دا لە نێزیکی پاریس.
دیاپازۆن: ئامێرێکە وەکو چەنگاڵ وایە بۆ ڕێکخستنی دەنگی مۆسیقا بەکار دەهێنرێ.
باس: نزمترین دەنگی نێرینە لە کاتی گۆرانی گوتنی کۆرالدا.
مەنهاتن: دوورگەیەک و بەشێکی نیویۆرک.
سینگ - سانگ: زیندانێکە بۆ ئەوانەی تاوانی گەورەیان کردووە لە هەرێمی نیویۆرک.
کۆتلێت: گۆشتی پەراسووی بەراز، گوێرەکە یان مەڕە.
شینکن: بە ئینگلیزی ham پێدەوترێ: بەشی پشتەوەی یان ڕانی بەرازە.
پارتسە: ژنە خواوەندی چارەنووس. لە ئەفسانەی یۆنانی - ڕۆمیدا سێ ژنە خواوەندی چارەنووس هەبوون: کلۆتۆ، کە داوی ژیان دەهۆنییەوە، لاخاسیس کە درێژییەکەی دەپێوا و ئەترۆپۆس کە داوەکانی دەبڕی.

لایس: ژنه دۆستی یۆنانی پیاوانی بەناوبانگ، کە لەبەر جوانییەکەیان بەناوبانگ بوون.

دەویت: ژنی گەواد.

پۆرشە: ناوی مارکەی ترومبێلێکی ئەڵمانییە و بۆ خێراییەکەی بەناوبانگە.

یەکەمین کۆرینت سێزدە: یەکەم نامەی پاولوسی پەیامبەر بۆ مەسیحییەکانی کۆرینت. پاولوس لەم شوێنەی نامەیەکەدا ئاماژە بۆ خۆشەویستی وەکو گەورەترین فەزیلەتی مەسیح دەکا.

ژنە جادووبازێکی ئەفسانەی یۆنانییە. کاتێک یاسۆنی پیاوەدۆستی خیانەتی لێ کرد، هەموو ئەو کورانەی کوشت کە لەو بوون.

پارتاگاس: مارکەیەکی بەناوبانگی چروتی کوبییە.

بالاد: مۆسیقایەکی سەمایە.

هونەکان: خەڵکێکی سواری کۆچەری ئاسیای ناوەڕاستن.

ئامۆس: پەیامبەرێکی عەهدی کۆنە؛ ئامۆس واتری بۆ دادپەروەریی خوا و دژی گوناهەکان داوە.

ستێتۆسکۆپ: ئامێرێکی پشکنینی پزیشکییە.

کریستمەس: جەژنی لەدایکبوونی مەسیح، ڕۆژی ٢١/٥٢، مەسیحییەکان بە ڕۆژێکی پیرۆزی دەزانن و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن.

ئیستەر: ڕۆژی هەستانەوەی مەسیحە، گوایە لەو ڕۆژەدا بەپێی عەهدی نوێ بە سەر مەرگدا زاڵ بووە.

پێنتکۆست: مەسیحییەکان لەم ڕۆژەدا ئاهەنگ بۆ ناردنی ڕۆحی پیرۆز دەگێڕن.